PDF4Kurd

رۆمان

# وێڵگەی یادەوەرییە گریمانکراوەکان

یوسف عیزەدین

(فاین ذاتك عنی حیث کنت اری
فقد تبین ذاتی حیث لا این)
( لا انا الا انا) - حەللاج -



ناوی کتێب: وێڵگەی یادەوەرییە گریمانکراوەکان
بابەت: رۆمان
ناوی نووسەر: یوسف عیزەدین
مۆنتاژی کۆمپیوتەری: پەیام ئەحمەد
بەرگ:
تیراژ:
نرخ:
ژمارەی سپاردن:
چاپ:

## (سەرەتایەک بۆچوونە نێو شارێکی تر)

من "فەرهاد تانجووریی دووەمـم"، گەرچی هەر لەمنداڵییەوە زۆر هەوڵمدا بە"فەرهاد تانجووریی یەکەم" بناسرێم بەڵام بێسوود بوو، سەرباری ئەوەی کەتەنها من بۆم هەبوو هەڵگری نازناوی تانجووریی بم، چونکە باپیرم بە بنەچە خەڵکی شاری تانجوور بوو. تانجوور شاری لەمێژینەی شولانییەکان بوو، شاری "شیڤا"ی خوداوەند بوو، ئەو خوداوەندەی جیاواز لەزۆر خوداوەندی تر بەسەما سیحراوییەکانی ناسرابوو، ئەو خوداوەندەی لەسەردەمی حوکمی"راجا"دا لەپەرستگەکەیدا چوارسەد کچۆڵەی ناسك سەمایان بۆ کردووە، "تیراماها" ناسکترین و جوانترین کچە سەماکەری "شیڤا" بووە، بەشێوەیەکی سەرسوورهێنەر توانیویەتی سەما نەك هەر بۆ"شیڤا" بکات، بەڵکو سەما بۆ گەردوون بکات و یەکە یەکەی گۆرانییەکانی ئەو خوداوەندە بڵێتەوە. باپیرم تامردیش مۆرێکی ئەو سەردەمەی"راجا"ی لامابوو، زۆرجار لەگەڵ گێڕانەوەی بەسەرهات و حیکایەتەکانی ئەو شارەی کەجێی هێشتبوو، لەبەر هەر هۆ و هۆکارێك کەوەك نهێنییەك لای خۆی مایەوەو هەرگیز نەلای من و نەلای هیچ کەسێکی تریش نەیدرکاند، ئەو مۆرەی پیشان دەدام کە سێ وێنەی چەترو پڵنگ و ماسی لەسەر بوو.

کەمنداڵبووم لەڕۆژێکی باراناویدا بەڕێوەبەری قوتابخانەکەمان بانگی کردم و گوتی:



( لەشارێکی ترەوە قوتابییەکمان بۆ هاتووە، بەبینینی من و هەموو مامۆستاکان سەرسامبووین، چونکە نەك هەر کتومت لەتۆ دەچێت، بەڵکو ناویشی"فەرهاد تانجووریی"ە، جا من و مامۆستاکان بڕیارماندا بۆ جیاکردنەوەتان ئەو ناو بنێین "فەرهاد تانجووریی یەکەم" و تۆش"فەرهاد تانجووریی دووەم"، بۆ ئەم مەبەستەش دوو باجتان بۆ دەکەین کەدەبێت هەمیشە لەملی بکەن و ئەوەی تۆ لەسەری دەنووسرێت دووەم و ئەوەی ئەویش یەکەم).

لەو کاتەدا لەبەر هۆیەکی نەزانراو زۆر هەوڵمدا من بکەنە یەکەم و ئەو بکەنە دووەم بەڵام بەڕێوەبەر بەزەردەخەنەوە گوتی:

( بەڵام ئەوە تازە بڕیارەو هیچ گرنگیش نییە کامتان یەکەمن یان کامتان دووەمن، ئەوە تەنها بۆ ناسینەوە و جیاکردنەوەی ئێوەیە کەبەشێوەیەکی نائاسایی نەك هەر بەتەواوی لەیەك دەچن بەڵکو دەنگیشتان وەك یەك وایە).

ئەو ڕۆژە یەکێك بوو لەڕۆژە شوومەکانی ژیانم، کاتێك هاتە نێو پۆلەکەمانەوە راچەنیم، دەتگوت خەون دەبینم هەر کتومت ئەو کەسە من بووم، گەر لەئاوێنەشم بڕوانییایە هێندە کەسێکی هاوشێوەی خۆمم نەدەبینییەوە. بەڵام هێندەی نەبرد نەك هەر لەقوتابخانە بەڵکو لەسەرجەم شاردا بە" فەرهاد تانجووریی دووەم" ناسرام، ئەوەی واشی لێکردم بەئاسانی لەو جیابکرێمەوە هەڵگرتنی هەمیشەیی ئەو باجە شێوە سێگۆشەییە بوو، چونکە هەر لەمنداڵییەوە ئەو کەسێکی بەدڕەوشت و

خراپبوو، ناچاربووم بە لەملکردنی بەردەوامی باجەکە بیسەلمێنم کەمن ئەو نیم.

هەرئەوەندەی گەیشتمە یەکەمین قۆناغی "خوێندنی بالاَّ-بەشی مێژوو" باوکم و دایکم منیان بەتەنیا لەخانووە گەورەکەی خۆماندا جێهێشت و رێگەی حەجیان گرتەبەر. ئەوەبوو رۆیشتن و نەگەڕانەوە، ئێستاشی لەگەڵدا بێت نەمزانی بۆ نەگەڕانەوە، خزم و کەس چەند سۆراخیان کردن هیچ هەواڵێکی تەواوی ئەوانیان چنگ نەکەوت. هەبوو دەیگوت تەنها لەمسەرەوە ئەوانی بینیوە کەبەرەو حەج دەچن و دواتر نەیبینیوون. یان هەبوو دەیگوت بەچاوی خۆم بینیوومن کەتەوافیان کردووە، هەشبوو سوێندی دەخوارد کە لەهاتنەوەشیاندا بۆ نێو شار ئاگاداربووە. بەڵام لەهەموو ئەو قسەو باسانە سەیرتر قسەکانی پیاوێکی بەتەمەنی گەڕەکەکەمان بوو کەدەیگوت ئەو ئۆتۆمبیلەی کەئەوانی پێچوونەتە حەج لەرێی بیابان ونبووەو پاش چەند مانگێکیش هۆزێکی بەدەویی ئۆتۆمبیلەکەیان دۆزیوەتەوە، بەڵام هیچ ئێسك و پرووسکێکی ئەوانی تێدا نەبووە، هەر بۆیە بەتەسەووری ئەو پیاوە ئەوان هێشتاکە زیندوون و لەشوێنێکدا گیریان خواردووەو ناتوانن بێنەوە، یان لەشوێنێکدان زۆر باشترە لەوەی ئێستایان، هەر بۆیە ناگەڕێنەوە. بەڵام هیچ بەڵگەیەك نەبوو بۆ هەموو ئەوەی کەئەو کاتە گوتراو دواتریش جار جارە لێرەو لەوێ دەگوترا.

ناچاربووم بۆ بەدەستهێنانی بژێوی لەنێو دوکانەکەی باوکمدا دەستبەکاربم و وەك ئەو ببمە نیگارکێش و درێژە بەو کارە بدەم کەهەر



لەمنداڵیمەوە لەسەر دەستی ئەو فێربوو بووم، ئەو جۆرە نیگارکێشانە تایبەت و ناوازەیە پیشەی پێشووتری باپیرم بوو کە لەسەردەستی نیگارکێشێکی چینی لەشاری تانجوور فێری بوو بوو. هیچ نیگارکێشێکی دیکەی شار بەلاسایی کردنەوەش نەیدەتوانی لاسایمان بکاتەوە، ئیشەکە کۆمەڵێك پەنهان و نهێنیی تێدا بوو کەهەر بەمنداڵی و پێشئەوەی فێرمبکەن رۆژانە سوێندیان دەدام کەتامردن ئەو هونەرە فێری کەس نەکەم و نهێنی و پەنهانەکانی نەدرکێنم. جگە لەو نەخش و نیگارانەی باوکم بۆ خۆی حەزی بەکردنیان بوو، موشتەریەکان وێنەی هەر شتێکیان لێداوا کردبا دەیکرد، وێنەی بۆراق و چەند وێنەیەکی لەو چەشنە پێش چوونی بۆ حەج رەواجێکی باشیان هەبوو، رەنگە نهێنی ئەو داواکارییە زۆرەی وێنەی بۆراقەکانی لەوەدا بووبێت کەئەو بۆراقێکی زۆر جیاوازی لەوێنەی ئەو بۆراقانە بۆ دەکردن کەتا ئەو کاتە بینرابوون، دووبارە کردنەوەی وێنەی بۆراقەکانیش بوو ئەو پیاوە ناموسڵمانەی لەپڕکردە موسڵمان. دیارە خەڵکی شار زۆر تالبی ئەو جۆرە وێنانە نەبوون ، بەڵام لەرێی بازرگانەکانەوە دەبرانە شوێنانی ترو دەفرۆشران. جار هەبوو هێندە داواکاری زیادی دەکرد کەدەبوو باوکم شەو و رۆژ نەخەوێت تا فریا بکەوێت، گەرچی خێراییەکەی شتێکی ئاسایی نەبوو، دواتریش منیش هەروەك ئەوم لێهات و نەشمدەزانی نهێنی ئەو خێراییەمان پەیوەستە بەچییەوە!؟.

دوکانەکەمان دەکەوتە کۆنترین قەیسەری شارەوە کەبەناوی " قەیسەری ئەسکەندەری گەورە" ناسرابوو، گوایە لەسەردەمێکدا پاش

ئەوەی "ئەسکەندەری مەکدۆنی" بڕیار دەدات شارە بێناوەکە داگیرنەکات، دواتر خەڵکێکی دەرەوەی شار لەبەر هەر هۆیەك بووبێت دێنە نێو شارو ئەو قەیسەرییە دروستدەکەن، بێجگە لەوەی ناوی دەنێن"قەیسەری ئەسکەندەری گەورە" کەمێك دوور لەبەر دەرکەکەی بەشێوەیەکی ئەندازەیی سەرسامکەر جۆرە دیوارێك دروستدەکەن، کە لەهەمووساڵێکداو لەزەردەپەڕی ئەو رۆژەی هاویندا کە ئەسکەندەری تێدا گەیشتۆتە کەنار شار، بەهۆی شێوەی دانانی دیوارەکەو کون و کەلێنەکانی و داتاشینی زۆر شوێن و جێی، سێبەری ئەو پیاوە بە جلە سەربازییەکانەوە لەبەردەم قەیسەریەکەدا دروستدەبێت و لەوکاتانەدا نەوەکانی ئەو خەڵکەی کەدروستیان کردووە، وەك وەفایەك بۆ باوباپیرانیان هێندەی پێیان بکرێت دێنە بەردەم قەیسەرییەکەو سەری نەوازش بۆ ئەو پیاوە دادەنەوێنن، ئەو پیاوەی دواتر موسڵمانەکان پێیان وادەبێت ئەو "زوئەلقەرنەین"ەی نێو قورئانە.

هەرچۆنێك بێت پاش دەستبەکاربوونم و بەدرێژایی چەند ساڵێك ژیانێکی نیمچە ئارامم هەبوو تا ئەو دەمەی کۆمەڵێك شت روویدا، یەکێکیان ناسینی کەسێکی بیانی بوو بەناوی "شەهرام" زوربەی ئەو تابلۆو نەخش و نیگارانەی نێو دوکانەکەمی بەنرخێکی زۆر لەوە زیاتر کەمن دەمویست لێکڕیمەوەو هەرچەند گوتم:

( لەنرخەکەی خۆی زیاترم ناوێ).

بەڵام بەسانابیەکەوە لەوەڵامدا گوتی:



( رەنگە تۆ نەزانی نرخی ئەو تابلۆیانە چەندن، نەك لەبەر ئەوەی تۆ نیگارکێشێکی باشی، بەڵکو لەبەرئەوەی نهێنی و پەنهان و فێڵێك لەنێوەخنی ئەو وێنانەدا هەیە کەکردووتن، ئەوەی کەمن تێیدا دەیبینم ئیرادەو توانای تۆ تێپەڕدەکات، مەحاڵە تۆ وەك خۆت ئەمانەت کردبێت، لەگەڵ ئەوەی دڵنیاشم بێجگە لەتۆ کەسی تر نەیکردووە، بەڵام پێبزانیت و نەزانیت هەموو ئەو دەست و ئەقڵ و رۆح و تارماییانەی کە بەدرێژایی مێژوویەك بۆ مەبەستێك و لەکەشێکی تایبەتدا خەریکی ئەم کارە بوون، هەموویان لەساتە وەختی کارکردنی تۆدا ئامادەن و کاردەکەن).

هەموو شتێك ئاسایی بوو تا ئەو دەمەی کتێبێکی بێناونیشانی یەکێك لەسۆفییەکانی بۆ هێنام، پێشتر زیاتر کتێبە مێژووییەکانم دەخوێندەوە. ئەو کتێبە بێناونیشانە شەوان لەتاریکیدا بەرگەکەی تیشکێکی مەیلەو شینی لێپەخش دەبوو، هەندێکجار درەوشانەوەیەکی سەیری هەبوو کەدواتر چەند دەنگ و سەدایەکی کەسێکی زامدارم دەبیست، هێشتاکە کتێبەکەم نەخوێندبۆوە کەخەونم بەکەسێکی ریش سپییەوە بینی، کەسێك سەرەتا بەسەر رووبارێکدا بەپێی پەتی هەنگاوی دەناو دواتر هاتە نێو گۆڕەپانێکی گەورەوەو روانییە ئەو کەسەی کەلەوێدا لەخاچداربوو، چاوەڕێیکرد تا دایانگرت و دواتر هەر چوارپەلیان بڕیەوەو پاشان جەستەکەیان سووتاند و خۆڵەمێشەکشیان فڕێدایە نێو رووبارەکەوە، ئەو دەم بەخوێندنەوەی وێردێك کەبەئاستەم زاری بۆ جووڵاند، ئاوی رووبارەکە بەچەشنێك بەرزبۆوە، کە لەچرکەساتێکدا بەرزترین منارەی ئەو شارە کەوتە ژێر ئاو و هیچ کەسێك لەوانەی کە کەسەکەیان

لەخاچدابوو یان دەستیان لەبڕیاری کوشتنەکەیدا هەبوو، ئەوانەشی وەك تەماشاچی لەوێدا بوون پاش نغرۆبوونیان سەرئاونەکەوتن، تا لەو خەونە بێداریش بوومەوە نەك هەر ئەوان بەڵکو هیچ شتێك سەرئاونەکەوت، بەڵام ئەو کەسەی سەرەتا بینیبووم بێباکانە بەسەر ئاوەکەدا وەك تارماییەك روو لەبۆشاییەکی گەورە هەنگاوی دەنا.

پاش خوێندنەوەی ئەو کتێبە کەبەشێوەیەکی سامناك "ئیبلاس" ی دەکردە بوونەوەرێکی بێتاوان و بێگوناه و بەڵکو بەرگریی لەهەڵوێستەکانیشی دەکردو زۆر شتی سامناکی تریش کەزۆر جیاوازبوو لە وەی کتێبە ئایینییەکانی قۆناغەکانی خوێندنم سەبارەت بە"ئیبلاس" دەیانخستەڕوو. هەر پاش ئەوەی لەخوێندنەوەی ئەو کتێبە بوومەوە بازرگانە بیانییەکە هاتەوە بۆلام و پاش بێدەنگییەکی کوشندە گوتی:

( دەزانم کتێبەکەت خوێندۆتەوە، وانییە!؟).

لەوەڵامدا گوتم:

( بێگومان).

درێژەی دایەو گوتی:

( رەنگە نەزانیت وشەکان وەهمن و زۆر دوورن لەڕاستی خودی شتەکان خۆیانەوە، ئەو کەسەی ئەو کتێبەی نووسیوە کەبۆم هێنای، ئەزموونی خۆی وەك سۆفییەکی سەرکێش و یاخی وێناکردووە، چونکە من پێموایە نەینووسیبێتەوەو تەنها تەلیسمی ئەو هێزو سیحرەی ئەو بێت وامان لێبکات کتێبێکی نەنووسراومان لێ ببێتە کتێبێکی نووسراو و وابزانین پڕە لەوشە، دێڕ، پەرەگراف. ئەمە تەنها کتێبێکی نەنووسراوی دنیایە



کەنووسەرەکەی سالآنێکی دوورو درێژ لەزینداندا پێش کوشتنی خەریکی نووسینی بووە، لەڕاستیدا هیچ پەرەمووچ و قەڵەمێکی لەنووسینیدا بەکارنەهێناوە، بەڵکو هەموو دنیابینی خۆی بەفرمێسکەکانی لەسەرە پەڕە سپییەکانی ئەو کتێبە نووسیوەتەوەو هەر کەسێکیش بتوانێت بیخوێنێتەوە کەسێکی ئاسایی نییە، بەڵکو کەسێکە لەقووڵایی رامانێکی قووڵدایە. ئەو سۆفییە پاش سەفەری بەردەوام و فێربوونی چەندین زمان دەگاتە ئەو راستییەی وشەکان بەشێك نین لەدنیای دەنگی راستەقینە، بەڵکو تەنها وەهمێکن و هیچ پێوەندییەکیشیان بەو شتانەوە نییە کە قەولە گوزارشتی لێبکەن و ئێمەش پێمانوایە گوزارشت لەو شتانە دەکەن. بەتەسەووری ئەو سۆفییە هەر هێزێك لەڕێی وشەوە بیەوێت زاڵبێت و باڵادەستی خۆی بسەپێنێت ئەوە لەڕاستیدا هێزێکە خۆی وەك خۆی نییەو ئێمەین دروستمانکردووە، ئەگەر هێزێکی غەیبی لەسەرو بوونەوەرەکانەوە بوونی هەبێت ئەوە بێگومان وشە نییە بەڵکو وێنەیە و دەبێت ئەو وێنەیە ببینرێت و بەبێ بینینیشی ناگەینە هیچ یەقینێك. کاتێك سۆفییەکە یەقین لای دەبێتە وێنە نەك وشە، ئەو دەم زۆر بەقووڵی هەوڵی وێناکردن و بەرجەستەکردنی زۆربەی بوونەوەرە غەیبییەکان دەدات و پاشان ناگاتە هیچ، بەڵام کاتێك رۆدەچێتە نێو تراژیدیای "ئیبلاس"ەوە دەبینێت تەنها بووەوەرێکی غەیبییە کەوێنەی لەزەیندا بەرجەستە دەکرێت و دەتوانرێت ببینرێت. هەموو داواکاری منیش لەتۆ کردنی وێنەی "ئیبلاس"ە وەك ئەوەی سۆفییەکە تەسەووری کردووە).

نازانم بۆ لێم نەپرسی بۆ لەکەسێکی تر داوا ناکەیت تا ئەو وێنەیەت بۆ بکات، یان بۆ تەسەوور دەکەیت من بتوانم وێنەی شتێکی لەو چەشنە بکەم. بەڵام کاتێك بەڕاستی ویستم وێنەی ئەو شتە بکێشم سەیرمکرد کارێکی هێجگار قورسە، دەبوو دەیان جاری تر رۆبچمە نێو ئەو کتێبەو لەماهییەتی ئەو شتە بگەم وەك ئەوەی لەکتێبەکەدا هاتبوو. بەڕادەیەك رۆچووبوومە نێو ئەو کتێبە بەچەشنی جاران خەریکی کێشانی ئەو وێنانە نەبووم کەلێیان دەویستم. بەشی" تاسین ئەلئەزەل وەلئیلتباس" یەکێك بوو لەبەشە ترسناکەکانی دیالۆژی نێوان یەزدان و"ئیبلاس"، هەروەها موساو "ئیبلاس" و شتێکی زۆر ترسناکیان دەدرکاند، شتێك کەتا ئەو کاتە بیرم لێنەکردبۆوە. یەکێك لەپەرەگرافەکانی ئەو بەشەی کتێبەکە بەردەوام دەهاتەوە پێشچاوم:

( ئەی موسا بیرۆکە زکرناکرێت، من مەزکورم ئەویش مەزکور، زکری ئەو زکری منە، زکری منیش زیکری ئەوە، ئایا دەکرێت ئەوانەی کە زکردەکرێن پێکەوە نەبن؟).

ئیتر دواجار گەیشتمە ئەو قەناعەتەی کەلەتوانای مندا نییە وێنەی ئەو شتە بکەم، چونکە جگە لەوشەو ماناکانی، هیچ شێوەو رووکارو فیگۆرێکم نەدەهاتە پێشچاو تاوێنەی بکەم. بەڵام دواتر نازانم بۆ لەساتەوەختێکدا خەریك بوو وێنەی "شیڤا"ی بۆ بکێشم بەو چەشنەی باپیرم لەتەسەوورمدا دروستیکردبوو، بەڵام نەدەکرا ئەو خوداوەندەی کە باپیرم زۆرجار باسی جوانییەکانی بۆکردبووم تێکەڵ بەوێنەی هێزێکی غەیبیی یاخی سەیرو سەمەرە بکەم.



زۆر چاوەڕێی بازرگانەکەم کرد تابێتەوەو پێیبڵێم کەناتوانم داواکارییەکەی بهێنمەجێ، بەڵام وەك ئەوەی زانیبێتی نەهاتەوەو جارێکی تریش لەو شارەدا نەمبینییەوەو ئەمەش ئەوەندەی تر باری دەروونییان شێواندم.

یەکێك لەو رووداوانەی تریش کەنغرۆی نیگەرانییەکی بێوێنەی کردم، لابردن و تەختکردنی مەزاری"پیرمەنسوور" بوو، پاش هەڵدانەوەی گۆڕەکەی و دەرهێنانی ئێسك و پرووسکی ئەو زاتەو بڕینەوەی ئەو درەختە تاقانە ناوازەیەی کەگۆڕەکەی لەژێر سایەیدا دەمێك ساڵبوو ئۆقرەی گرتبوو. لەبەر هۆیەکی نەزانراو ئەو کۆمپانیا فەرەنساییەی کەهێڵی ئاسنینی بۆ "ترامواى" دروستدەکرد، جەختیکردە سەر ئەوەی بەبێ لابردنی ئەو گۆڕەو هەموو خانووەکانی دەورووبەری، مەحاڵە پرۆژەکەیان پێ جێبەجێ بکرێت و ناشکرێت لەڕووی حیساباتی ئەندازەییەوە هێڵە ئاسنینەکە بەهیچ شوێنێکی تردا ببرێت.

رووداني چەند رووداوێکی تریش کەڕەنگە لەشوێنێکی تردا وەبیرم بێتەوە یان هەر وەبیرم نەیەتەوە، بوونە مایەی گۆڕانم لەکەسێکی ئاساییەوە بۆ کەسێکی نائاسایی. سەرەتا غەمگینییەکی ئازاربەخش دایدەگرتم، دواتر هێدی هێدی وێنەی کەسانێکی نامۆم دەهاتە پێشچاو، یان وێنەو دیمەنی کۆڵان و کووچەی شوێنێکی تر، تاکار گەیشتە ئەوەی خۆم لەنێو شارێکدا ببینمەوە، زۆر لەشاری تانجوور دەچوو، وەك ئەوەی لەمیانی گێڕانەوەکانی باپیرمەوە لەزەینی خۆمدا بەرجەستەمکردبوو، تەنها یەك گەڕەك و شەقامی زیاتر بوو لەو تانجوورەی کە ناوی یەك بەیەکی گەڕەك

وكۆلان و كوچەو شەقام و شوێنە گشتییەكانیم دەزانی و تەنانەت باپیرم زۆرجار هەموو ئەوەی كەبۆی باسدەكردم، دواتر وەك خۆی پێی دەگێڕامەوە. سەرەتا زیاتر لەشەوداو لەنێوان خەون و زیندەخەوندا خۆم لەنێو ئەو شارەدا دەبینییەوە، بەڵام دواتر كار گەیشتە ئەوەی بەڕۆژیش بچمە نێو ئەو شارە و تەنانەت یەقینیش بم لەوەی لای ژنێك بەناوی"تیراماها"و لەژێر زەمینێكدا كاردەكەم و شەوانیش هەر لەوێ دەخەوم. هەموو ئەوەی كەدەمبینی نەك هەر سنووری واقیعی تێپەڕدەكرد، بەڵكو زۆرجاران پێموابوو رەنگە نەكرێت لەسنوورەكانی وەهم و خەیاڵیشدا جێیان بكەمەوە. گەرچی هەر بەتەواوی وامدەزانی ئەوەی لەوێ دەیبینم و تێیدا دەژیم و بەسەرمدا دێت، تەواو راستییەو ناكرێت تەسەووڕێكی خەیاڵی و زەینی من بن. لەگەڵ رووداني هەر جارێكی ئەو حاڵەتەشدا بەشێوەیەكی بەرچاو رووكارم بۆماوەیەك دەگۆڕدرا، هەرچەندە دوای رووداني ئەو حاڵەتە لەبەر پەشۆكانم هیچ كات نەمڕوانیبووە خۆم تابزانم چیم لێ دێت، بەڵام هەموو ئەوانەی كە لەو كاتەدا دەیانبینیم هەرچەندە هیچیان نەدەگوت، بەڵام بەشێوەیەكی سەیر تێیان دەڕوانیم. پێش ئەوەی بچمە ئەو شارەوە پێڵووەكانم قورس دەبوون، لەناخەوە هەستم بەنەشئەی مەستبوونێك دەكردو دواتر دەنگێك لەناخەوە پێی دەگوتم:

( تۆ چی دەكەیت لەم شارە هەستەو بچۆرە تانجوور، تۆ كوڕی ئەوێیت و بچۆرە پەرستگەی "شیڤا" پەرستەكان و بڕوانە سەمای هەموو ئەو كچۆڵانەی بەچەشنی"تیراماها" سەما دەكەن. هەستەو بچۆرە شاری سیحرو ئەفسانەو لەوێ ببە بە"فەرهاد تانجووری یەكەم"، لەوێ نەهیچ



فەرهادێك و نەهیچ هاوشێوەیەكی تۆی تێدایە، گەر لێرە بمێنیتەوە هەر دەبێت"فەرهاد تانجووری دووەم" بیت).

كاتێك ئەو دەنگەم دەبیست كتێبی سۆفییەكەو ماجەراكانی "ئیبلاس"م بیردەكەوتەوە وەك ئەوەی سۆفییەكە لەكتێبەكەیدا باسیكردبوو. لەیەكێك لە رۆژەكاندا تووشی ئەو حاڵەتە نائاسییە بووم و پاش گەڕانەوەم لەو شارەی كەبۆی دەچووم و بەتەسەووری خۆم ماوەیەكی زۆری دەخایاند، كەچی كەسێكی نەناسراو كەمنی لەو حاڵەتەدا بینیبوو و لەو كاتەشدا لەبەردەم دوكانەكەمدا راوەستابوو، بەبێئەوەی هیچی پێبڵێم ئەوەی بۆ باسكردم كەحاڵەتەكە ماوەیەكی زۆری نەخایاندووەو دواتر گوتی:

( لەشوێنێكی تریش كەسێكی وەك تۆم بینیوە، لەپڕ هەموو گیانی دەكەوتە لەرزین و پاش ئەوەی بەبڵمەبڵم چەند وشەیەكی ناڕوونی دووبارە دەكردەوە، لەهەر شوێنێكدا بووایە بۆ تاوێك بێحەواس دەمایەوەو دواتر باسی رۆژێكی دوورودرێژی شارێكی تری بۆ دەكردین، تەنانەت جاری واش هەبوو باسی هەفتە یان چەند هەفتەیەك بگرە مانگێك لەمانەوەی خۆی لەشوێنێكی تردا دەكرد، پێموایە دواتر بەمەبەستی چاكبوونەوە چووە لای دكتۆرێكی پسپۆڕی نەخۆشییە دەروونییەكان).

هەر پاش ئەوە چوومە لای دكتۆرێكی پسپۆڕی نەخۆشییە دەروونییەكان، پاش ئەوەی هەموو حاڵەتەكەو بەسەرهاتی "شەهرام"و رووداوەكانی ترم بۆگێڕایەوە، گوتی:

( هۆكاری سەرەكی ئەو بارە دەروونییەتم بەتەواوی بۆ دەستنیشان ناكرێت، بەڵام رەنگە پێوەندی بەوەوە هەبێت كەقایل بوویت بەوێنەكردنی "ئیبلاس" و دواتر و پاش وێنەكردنیی و ئینجا نكوولێكردنی بەردەوامت لەوێنەنەكردنی حاڵەتێكی تایبەتیی لادروستكردبیت، رەنگە نەخۆشییەكەت لەوە قووڵتریش بێت، ئەمە جگە لەو ئەشكەنجەكێشانە جەستەیی و دەروونییەی كەپاش كردنی وێنەكەی "ئیبلاس" لەلایەن گروپێكی توندڕەوەوە رووبەڕووی بوویتەوە).

گوتم :

(بەڵام من ئەو وێنەیەم نەئەو كاتەو نەدواتر نەكردووەو تەنانەت جگە لەبیركردنەوە لەوێنەی-شیڤا-ی خوداوەند هیچ وێنەیەكی ترم بەزەیندا نەهاتووە).

گوتی:

(ئێ هەر ئەو وێنەیەشە كەكردووتەو بەوێنەی "ئیبلاس" لە رۆژنامەیەكی ئەهلیدا بلاوبۆتەوە).

خەریك دەبوو بەتەواوی بەقسەكانی دكتۆرەكە دەهری ببم و هەستم و بچمەدەرێ، كاتێك لەچەكمەجەی مێزەكەیدا رۆژنامەیەكی هێنایەدەر كەهەر لەلاپەڕەی یەكەمیدا ئەو وێنەیەی-شیڤا- ی تێدا بوو، كەمن دەمویست بەوێنەی "ئیبلاس" بیدەمە "شەهرام"و ئەوە بوو دواتر نەمكرد. بەڵام بەتەواویی ئەو وێنەیەی كەمن تەسەوورم كردبوو وەك خۆی كرابوو، لەوەش سەیرتر لەخوارەوەیدا ناو و ئیمزای خۆمی پێوە بوو، هەر بەتەواوی دەستوخەت و ئیمزای خۆم بوو، نەدەكرا نكوولی لێ بكەم.



كاتێكیش بەدكتۆرەكەم گوت:

(ئەی ئەگەر من ئەو وێنەیەم كردبێت و لەلایەن گروپێكەوە گیرابێتم بۆ نەیانكوشتم).

گوتی:

(بۆ بتكوژن، ئەمەی ئێستات بۆ ئەوان باشترەو تۆیانكردە عیبرەت. ئەمە جگە لەوەی گروپێكی"ساتانیست" بەناوی"گروپی مێروولە یاخییەكان" پارەیەكی خەیاڵی دایە ئەو گروپە تا ئازادت بكەن و نەك هەر نەتكوژن بەڵكو بۆ هەتا هەتایە بتپارێزن و ئەگەر شتێكیشت لێ بێت ئەوە ئەوان بەرپرسیارن، ئەوەش بزانە ئەو گروپە لەوڵاتێكی دوورەوە هەواڵی دەستگیركردنی تۆیان بیستبوو، تۆ هەر لەوكاتەوە بوویتە پیاوێكی ناسراو، هەرچەندە هێشتاكە ناوت هەر"فەرهاد تانجووری دووەمە" بەڵام زۆر لە"فەرهاد تانجووری یەكەم" ناسراوتریت).

كاتێكیش لێم پرسی:

( ئەی رێگەچارەیەك نییە بۆ چاكبوونەوەم).

گوتی:

( رەنگە بەسەفەركردنی هەمیشەیی تۆ بۆ ئەو شارە شتێك گۆڕانت بەسەردا بێت، ناشزانم باشتر دەبیت یان خراپتر و گومانیشم هەیە بتوانیت بەراستی سەفەری بۆ بكەیت، رەنگە بەم شێوازەی ئێستات بتوانیت بۆی بچیت یان رەنگە بەشێوازێكی تر، ئەوەی بەلای منەوە گرنگە یەكجار سەفەری بۆ بكەیت و نەگەڕێیتەوە، ئاساییە لەرێی یادەوەرییەكانتەوە بێیتەوە نێو ئەمشارە، بەڵام بەراستی مەیەرەوەو بۆ هەتاهەتایە هەر

لەوێیە، ئەمەش لەکاتێکدا روودەدات کەتۆ ئێستاکە مردبیت و بەتەسەوور لەژیاندا مابیت).

گوتم:

(ئەی تۆبلێی مردبێتم!؟).

گوتی:

(لەیەك کاتدا تۆ مردوویت، ئەگەر منیش مردبێتم و ئەو دەمەش ئاساییە وەك دوو کەسی تازە مردوو بەبێئەوەی زانیبێتمان کەمردووین پێکەوە بدوێین، چونکە مردوو زۆر بەئاستەم و بەماوەیەکی درێژ قەناعەت دەکات کەمردووەو مردووی واش هەیە رەنگە تارۆژی قیامەتیش باوەڕنەکات کەمردووەو زۆر بەئاسایی لەنێو یادەوەرییەکانی خۆیدا بمێنێتەوە، بەڵکو یادەوەریی و ماجەرای نوێش بۆخۆی بخوڵقێنێت و بگرە زۆر شتی لەوە زیاتریش بکات کەزیندووەکان پێیان ناکرێت).

سەفەری راستەقینەی من بۆ شاری"تانجوور" لەو رۆژەوە دەستی پێکرد یان رەنگە هەر لەو ساتەوە دەستی پێکردبێت، هەموو شتێك زۆر ئاسان بوو، زۆر بەخێرایی گەیشتمە ئەو شارە، هەروەك ئەوەی دەهاتە پێشچاوم بەڕاستی لای ژنێك بەناوی"تیراماها" لە ژێرزەمینێکی سووچێکی ئەو شەقامەی کەپێی دەگوترا شەقامی"مسیۆ دۆبرێ"، وێنەی ئەو کچانەم دەکێشا کەئەو فێری سەمای دەکردن، پێدەچوو لەوێدا ئەو کارەم پێسپێردرابێت.

کەبینیمی هەر ئەوەندەی گوت:

(ئەمجارە زۆر دواکەوتی نەدەبوو ئەوەندەت پێ بچێت).



گوتم:

(بەڵام لە وڵاتێکی دوورەوە هاتووم).

بەسەرسامییەوە گوتی:

(وڵاتی چی هەمووی ماوەیەکە دیار نیت، گاڵتەم لەگەڵ کردی کەپێم گوتی زۆرت پێچووە، چونکە نازانم چەندت پێچووە. کات لای ئێمە هیچ گرنگییەکی نییەو هەموو شتێك زۆر بەئاسایی بەرەو پێشەوە دەچێت و هەموومان تەنها چاوەڕێین، لەبیرت نەچێت خۆت بۆ رۆژی "کاسیاجای" ئامادەبکە).

لەوەڵامدا گوتم:

( نازانم ئەو رۆژە چییە؟!).

بەسەرسامییەکەوە گوتی:

(تۆ کوڕی ئەم شارەیت و باپیرت باوەڕدارێکی راستەقینەی "شیڤا" بووە و نازانی ئەو رۆژە چییە، ئەو رۆژە رۆژی مۆم داگیرساندن و ئاگرکردنەوە و وەدوور خستنەوەی تاریکییە لەڕێی رۆشناییەوە).

* * *

## ( شەقامی مسیۆ دۆبرێ)

ژینا-م لەشەقامی "مسیۆدۆبرێ"دا ناسی. نەك هەر قەرەباڵغترین شەقامێکی شاری"تانجوور" بوو، بەڵکو دوورودرێژترین و پانترین شەقامێکیشی بوو. بەشی پێشەوەی شەقامەکە دەیڕوانییە سەر رووبارێکی باریك و هێمن، بەشی پشتەوەشی تا ئاستی دارستانە نائاساییەکە، بەهەموو بیناو ساختمان و خانوو بەرەکانییەوە شوێنێکی دابڕاو بوون لەسەرجەم گەڕەك و شەقەمەکانی دیکەی شارو بەگەڕەکی "مسیۆ دۆبرێ" ناسرابوو. بەدرێژایی شەقامەکە چەندین بیناو ساختمان و رێستورانت و دەیان فرۆشگەو رێڕەو و کوچەو کۆڵان هەبوون، بەچەشنێك کە گەڕەك و شەقامەکەیان لەهەندێك شوێندا بەشێوەیەکی سەیر تێکەڵدەکرد.

مەلهاکان دەکەوتنە نێو هەندێك پانسیۆن و هۆڵ و شووقەی پشت بیناکانی شەقامەکەوە کە هەریەکەی گەوادی تایبەتی هەبوو، لەنێو شەقامەکەدا بەئەلبوومێکی وێنەی مێینە لەشفرۆشەکانەوە چاویان بۆ موشتەری دەگێڕا. هەرچەندە نەیاندەبینیم یان نەیاندەویست ببینن، بەڵام دەمزانی نرخی رابواردن لەگەڵ مێینەکاندا بەپێی تەمەن، کورتی، درێژی، چەشن شێوەی لێوو زمان و گەورەو بچووکی دەم کە لەهەموو شوێنێکی تری لەشفرۆشەکان زیاتر کاری دەکردە سەر دیاریکردنی بەرزو نزمی نرخ. هەر لەو شەقامەداو لەهەندێك فرۆشگەیدا، چەندین جۆری جلوبەرگ و گۆرەوی تەنکی کونکوون و ژارتێل و دەرپێ و ژێرکراسی رەنگ و شێوە



جیاجیا دەفرۆشران. جارێکیان ئاگاداربووم کەسانێکی شاری تانجوور لەمابەینی خۆیاندا باسی ئەوەیان دەکرد کەئەم شەقام و گەڕەکەی پشتەوەی پاش داگیرکردنی شارەکەیان لەلایەن فەڕەنساییەکانەوە دروستکراوە و یەکێك لەمەبەستەکانی دروستکردنیشی بۆ برەودان بووە بەبازاڕی لەشفرۆشی و بڵاوکردنەوەی مادده بێهۆشکەرەکان و زۆر کارو کردەوەی پێشترنەبوو لەشارەکەدا. بەڵام لەکاتی گوێگرتنمدا هەستم بەوەکرد هەموو ئەوەی کەئەوان دەیانگوت من پێشتر بیستبووم و بەشێك بوو لەیادەوەرییەکانم، دواتریش چەندین جاریتر لەبیستنی قسەوباسەکانی کەسەکاندا هەمان هەستم لادروست دەبۆوە.

یەکەمین جلوبەرگی سێکسیش لەو شارەدا دەگەڕایەوە بۆ چەند سەدساڵێك لەوەو پێش و هەر لەو شەقامەشدا سەرەتا "ئەتۆلێیەکی" جلدوورینی فەڕەنسایی دوورینی ئەو جۆرە شتانەی گرتۆتە ئەستۆی خۆی. وەك دەیانگێڕایەوە لەسەردەمێکدا کە شار لەلایەن فەرەنساییەکانەوە حوکمکراوە، زۆربەی مێینەکانی شارەکە خەریکی لەشفرۆشی بوون، تاکار گەیشتۆتە ئەوەی لەشی زۆربەیان لەخوار ئاستی مەمکیانەوە بەرەوخوارو تاقوولەپێیان چەشنە پۆقژەو زیپکەیەکی تا ئەوکاتە نەناسراو دەربکات. هەرچەندە پاش لێکۆڵینەوەی پزیشکەکانی ئەو سەردەمە گەیشتوونەتە ئەو راستیەی کەنەخۆشییەکی درم و مەترسیدار نییەو پاش خواردنەوەی ئیکسیرێکی تایبەت، بەشەش مانگ کەسی تووشبوو چاك دەبێتەوە. بەڵام ئەمە دەبێتە مایەی نیگەرانی بەرپرسی شارەکە کەپارەیەکی باشی لەڕێی باج وەرگرتنییەوە لەشوێنەکانی لەشفرۆشی دەستکەوتووە. ئەوەش باش

دەزانێت بڵاوبوونەوەی هەواڵی ئەو نەخۆشییە ژمارەیەکی زۆر لەتوریست و موسافیرەکانی ئەو شارە دەترسێنێت کەبۆ رابواردن هاتوون. هەر بۆیە بەئیلهام وەرگرتن لەڕۆمانێکی چاخەکانی ناوەڕاست کەباس لەڕابواردنی کچێکی تووشبوو بەنەخۆشی پێست دەکات لەگەڵ کوڕێکدا، پاش پۆشتە بوونی بەقووماشێکی تەنك، بڕیاری ئەوە دەدات کەدەبێت هەموو مێینە لەشفرۆشەکان لەکاتی رابواردندا جگە لەشوێنی دیاریکراو بۆ رابواردن، هیچ شوێنێکی تریان دیار نەبێت، ئەمەش دەبێتە سەرەتای داهێنانی جلوبەرگ و گۆرەوی تەنك و سەرجەم شمەکە سێکسییەکانی تر. ئەمە جگە لەوەی بەرپرسی شار بەمەبەستی ئەوەی کۆنترۆڵی هەموو ئەو مێینانە بکات کە ئەو کارەدەکەن و کەس نەتوانێت سەرپێچی لەبڕیارەکەی بکات، هەموو جۆرە رابواردنێکی نێو ژوورە سەربەخۆکان قەدەغە دەکات و لەجێی ئەوە بڕیار دەدات کەدەبێت ئەو کارە لەهۆڵی گەورەدا و بەکۆمەڵ و بە بەرچاوی بەرپرسانی دەوڵەت و پیاوانی پۆلیس و ئاسایشەوە ئەنجامبدرێت.

زۆرجار لەهەمان شەقامدا مزگێنیدەرە مەسیحییەکان ئینجیلیان دەبەخشییەوەو خەڵکیان بۆ چوونە کڵێساکەیان بانگهێشت دەکرد کەدەکەوتە بەشی خوارەوەی شەقامەکەو خاچێکی رەشی لەسەربوو، من کەسانی سەر بەو گروپەم لە شارەکەی "شێخی سپی"شدا بینیبوو، دەمزانی ئەوان بەسازدانی ئاهەنگی گیتار ژەنین و گۆرانی گوتن و سەماکردن، کەشێکی ئایینی جیاوازیان لەکەشە ئایینییەکانی نێو کڵێسە تەقلیدییەکان سازدەکردو جار جارە هاواریاندەکرد "هاللۆلۆیا".



زۆرجار هەندێك لەو چەشنە گروپ و رێکخراوانەی کەلەدنیادا ناوهێنانیان قەدەغەبوو، کەسانی سەر بەوانت لەو شەقامەدا دەبینییەوە، ئەمە جگە لەنووسینگەی نهێنی هەندێکیان کەدەکەوتە بەشی پشتەوەی گەڕەکەکە، لەپاڵ بنکەی چەتەو دزو مافیاو زۆر گەجەرو گوجەری تر شوێنیان بۆ خۆیان دۆزیبۆوە.

هەموو ئەو کەسانەی کەبەمەبەستی خۆنمایشکردن خۆیان دەکوشت، ئەوانەی دەیانویست بەئەنجامدانی شتی سەیرو سەمەرە سەرنجی خەڵکی بەلای خۆیاندا راکێشن، وەك مارو ئەژدیها لەخۆئالان، تەقڵەو بازبازێنی سەیرو ئەکرۆپاتیکی، هەڵپەڕاندنی ورچ و مەیمون، گوێزان و وردەشووشە قووتدان، زرك لەخۆدان، لەسەر بزمارو وردەشووشە راکشان، خۆڕووتکردنەوەو کارو کردەوەی نەشیاو و چەندین شتی تر، روویاندەکردە ئەو شەقامە.

ناونانی شەقامەکەش بە"مسیۆ دۆبرێ" پەیوەستبوو بەناوی ئەو پیاوەی کەلەسەردەمێکدا ئەو شەقامەی کردۆتە شوێنی پیشاندانی نمایشە "ئیلۆزیۆنیست"ەکانی. یەکێك لەپیاوە ئایینییەکان کەزۆرجار بەشەقامەکەدا تێپەڕدەبوو لەپڕ لەشوێنێکدا رادەوەستاو هەمان قسەکانی پێشووی خۆی دووبارە دەکردەوە:

(لەرۆژگارێکدا شەیتان دەچێتە جەستەی کەسێك بەناوی "مسیۆ دۆبرێ"وە، ئەو پیاوە وەك سیحربازێك سەرنجی هەموو خەڵکی ئەمشارە بەلای خۆیدا رادەکێشێت، قەشە "ئۆگستین" لەکتێبە بەناوبانگەکەیدا باسی ئەو سەردەمە دەکات کە خەڵکێکی زۆر لەزۆر شوێن و جێگەوە

بەمەبەستی بینینی نمایشەکانی ئەو شەیتانە روویانکردۆتە ئەم شەقامە. سالانێکی دوورودرێژ بەبەرنامە کاری بۆ راکێشانی موریدێکی زۆر کردووەو تەنانەت موریدەکانیشی گەیاندۆتە ئەو قەناعەتەی کەئەو لەلایەن خوداوەندەوە نێردراوەو تەنانەت ئاگاداری هەموو ئەو شتانەشە کەلەغەیبدا روودەدەن. یەکەم کەس بووە کەبتوانێت بچێتە نێو دارستانە نائاساییەکەو بەبێ ئەوەی هەموو یادەوەرییەکانی رابردووی خۆی گێڕابێتەوە هاتبێتە دەرێ، نەك هەر ئەوەندە بەڵکو تەنانەت یەك یادەوەری و بیرهاتی رابردووی خۆی نەدرکاندووەو بەهیچ شێوەیەك زاری لەبەریەك نەترازاندووە. بێباکانە لەنێو ئاگردا خەوتووە، زۆر بەئاسانی بزماری پۆلاییینی بەکەللەسەریدا داکوتیوە، وردە ئاسنی سووربووەوەی قووتداوە. تەنانەت لەیەك شەوداو لەیەك کاتدا توانیویەتی لەگەڵ کۆمەڵێك ئافرەتی جیاجیادا جووتبێت کەهەریەکەیان لەشوێنی زۆر دوور لەیەکتربوون و هەر ئەم کاروکردەوەیەشی بووە سەرەتای ئەو بەد رەوشتییەی کەلەئێستادا هەیە. ئەو مەخلووقە قێزەونە بۆ هەتاهەتایە ئەم شەقامەی کردە شوێنی فەحشاو بەرەڵایی. ئەی هەموو ئەوانەی کەگوێم لێدەگرن ئەگەر دەتانەوێت مەسیح پاش هەڵسانەوەی بەنێو شارەکەتاندا گوزەر بکات، دەبێت ئەم شەقامە بسووتێنن).

* * *



## ( دارستانە نائاساییەکە)

ئەوەندەی وەبیرم دێتەوە کەبۆ یەکەمینجار وەك ئەوەی لەقولایی خەونێکدابم، لەگەڵ ژینا چووینە نێو دارستانە چڕوپڕە نائاساییەکەوە، باڵندەیەکی رەنگ خۆڵەمێشی سەر یەکێك لەلکی درەختە بڵندەکانی نزیك هەردووکمان پێکراو هێندەی نەبرد بەزامداری کەوتە بەردەم ژینا، ئەوەندەی نەخایاند بوونەوەرێکی چوارپەل کەتا نەگەیشتە نزیك باڵندەکە هەستم بەهاتنی نەکردو پاش بینینیشی نەمزانی لەچ رەگەزێکی ئاژەلانە. باڵندەکەی لەنێوەڕاست را لەنێو زاری هاویشت و بەخێرایی لەتوولە رێگەیەکی نێوان دوو ریزە درەختی وشکهەلاتوودا ونبوو. هەرچەندە لەوساتەدا چاوەڕێبووم خۆبەخۆ ژینا شتێك بڵێت، بەلام هەر دەتگوت لەدنیایەکی تردایەو هیچ ئاگاشی لەکوژرانی باڵندە خۆڵەمێشییەکە نییە.

پێشتر لەیەکێك لەئێوارە باراناوییەکاندا، کاتێك لەنێو شەقامی دوورودرێژی "مسیۆ دۆبرێ"دا پیاسەمان دەکرد، ژینا پێی گوتم:

(دەزانیت پێموایە ئەوەی لەبارەی دارستانە نائاساییەکەوە باسدەکرێت، تەنها ئەفسانەو خورافاتی زەمەنە بەسەرچووەکان نەبێت. تۆ تەسەوور بکە هەر ئەوەندەی باڵندەیەکی خۆڵەمێشی بەزامداری یان بەکوژراوی لەبەردەم کەسێك یان کەسانێکی نێو دارستانەکە کەوتە خوارێ، ئەوە ئەو کەسە یان ئەو کەسانە، زەمەنەکان، شتەبینراو و نەبینراوەکان، چیرۆك و داستانە راستەقینەو ناڕاستەقینەکان، وێنەو دیمەنە سروشتی و ناسروشتییەکان و بگرە دەیان شتی تریش تێکەڵ دەکەن و بەشێوەیەکی سەیر یادەوەرییەکانیان دەگێڕنەوە. تەنانەت هەموو رایەڵێکی لۆژیکی پێوەندیی

نێوان خۆیان و شتەکان ئەگەر پێشتر هەبووبێت لەدەستدەدەن و دەرکەی شتە سامناکەکانیان بەڕوودا دەکرێتەوە، دەروازەی دنیای ئەو یادەوەرییە وێنەییانە والآدەبێت کەبارگاوین بە بەسەرهاتی سەیروسەمەرەی زەمەنە جیاوازەکان، پڕن لەدەنگ و ژاوەژاوی شوێنە قەرەباڵغەکان، لێکچوون لەگەڵ رەنگە جیاجیاکانی نێو پانتایی خەون و ئەندێشەو یادەوەرییەکان).

پێشئەوەی بچینە نێو دارستانە نائاساییەکە رەنگی ئاسمان بەشێوەیەکی چاوەڕواننەکراو بۆ تاوێك بەتەواویی رەش داگەڕاو بەبێئەوەی هیچ هەورێك بەئاسمانەوە بێت دایکردە باران. دڵۆپە بارانە گەورەکان رەنگێکی قوڕقوشمینیان هەبوو بەتاییەت ئەو رەنگەی کەقوڕقوشم لەکاتی توانەوەیدا بەخۆیەوە دەگرت. بەمنداڵی ئەو رەنگەم زۆر بینیبوو بەتاییەت کاتێك دایکم لەقابلەمەیەکی مسدا دەیتوانەوەو دواتر رۆیدەکردە نێو قاپە ئاوێکی سارد کە لەسەر سەرمی رادەگرت، ئیتر هەر جارەو وێنەیەکی لێ دروست دەبوو کەقەولبوو لەو شتە ترسابێتم، بەلآم سەیرترین وێنە کەلەزەینمدا شوێنێکی تایبەتی داگیرکرد بوو وێنەی رووکاری خۆمبوو لەو قوڕقوشمەی کەجارێکیان دایکم رۆیکردبووە نێو قابلەمە مسەکەوە.

پێشئەوەی بچینە نێو دارستانە نائاساییەکە ئەم گفتوگۆیە لەنێوان من" فەرهاد تانجووریی دووەم"و"ژینا"دا روویدا:

(- دەزانی تەڕنەبوویت؟!

- بەلآم تۆش تەڕنەبوویت!؟

- تۆ بڵێی من و تۆ لەژێر بارانەکەدا نەبین!؟

- ئەگەر نزیك دارستانە نائاساییەکە بین، ئەوە لەژێر بارانەکەداین!

- بەلآم تۆ دڵنیایت لەژێر بارانەکەداین؟

- ئەگەر نزیك دارستانە نائاساییەکە....



- رەنگە وابێت!

- ئێ کەواتە لەژێر بارانەکەداین.

- تۆ بڵێی لەڕاستیدا باران نەبارێت و ئەوەی کەدەیبینین تەنها تەسەوورێکی من و تۆ بێت؟

- بەلآم تۆ بڵێی بکرێت هەردووکمان لەهەمان کاتدا تەسەووری هەمان شت بکەین؟

- رەنگە من و تۆ ئەو دووکەسە بین کەلەهەمان کاتدا تەسەووری هەمان شت دەکەین.

- بەلآم پێش ئەوەی بێینە ئێرە تۆ گوتت دەڵێن: "هەمیشە نزیك دارستانە نائاساییەکە باران دەبارێت".

- نازانم من وامگوت بیرم نایەتەوە، بەلآم راستدەکەیت دەمویست قسەکەیەکی وات پێبڵێم!

- تۆبڵێی کە چووینە نێو دارستانەکە هەموو شتێك بۆ یەکتری بگێڕینەوە؟

- بەلآم رەنگە هەرگیز نەیەینە دەرەوە؟

- ئەی ئەگەر هەموو ئەوەی لەبارەیەوە باس دەکرێت تەنها خورافات بێت؟

- ئەگەر خورافاتیش بێت دەبێت قەناعەت بەخۆمان بکەین کەخورافات نییەو راستییە تابتوانین یادەوەرییەکانمان، وێنەو دیمەنە زەینییەکانمان بکەینە وشەو دێڕو پەرەگراف و بەشێوەیەك لەشێوەکان بیگێڕینەوە، هەرچەندە باوەڕناکەم لەنێو وشەکاندا جێیان بێتەوە).

* * *

## ( یەکەمین گێڕانەوەی فەرهاد تانجووریی دووەم)

یەکێك لەشتە سەیرەکانی ئەو شارەی کەپێشتر تێیدا ژیابووم، ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ مێژوویەکی کۆنی، دابونەریتی ناشتنی مردووەکانیان بووە، هەر کە زانیویانە کەسێك وەختی مردنی هاتووە، بەزیندوویێتی لەچاڵێکی سەرکراوەی قووڵیان ناوەو کۆمەڵێك کەسیشیان بەدیاریەوە جێهێشتووە تا بەهەموو شێوەیەك رێ لەهاتنە دەرەوەی بگرن. ئیدی تامردووە چاوەڕێیان کردووەو بەهیچ شێوەیەکیش بۆیان نەبووە وەڵامی هیچ پرسیارێکی کەسی نێو چاڵەکە بدەنەوە، وەك سوننەتێکیش ئەوەی لەچاڵنراوە هیچی نەگوتووەو بەبێدەنگی چاوەڕوانی مردنی کردووە. شارەکە لەوسەردەمەدا پایتەختی مەملەکەتی میرێکی کورد بووە کەلمی بیابانی بەشتێکی ئەفسووناویی زانیوەو پارەو پوولێکی زۆری مەملەکەتی داوەتە ئەو بازرگانانەی کەلەجێی هێنانی مسك و بەهارات و خشڵ و زێڕو زیوو و شتی سەیروسەمەرەی دنیا، رەوە حوشتریان بەرەو بیابان پێش خۆیان داوەو لەوێوە چەندیان پێهاتبایەتەوە گوێنییە لمیان بۆ میر هێناوەتەوە.

هەبوون پێیان وابوو میر خاوەن لمێکی بێشوومارەو لەپێدەشتی نێوان دوو چیادا بیابانێکی بەو بارەلمانەی کەبەردەوام بۆی هاتووە دروستکردووەو شەو و رۆژ پاسەوانە تایبەتییەکانی خۆی پاسیان کردووە. دەڵێن پانتایی بیابانەکەی پڕبووە لەهەموو جۆرە خشۆك و دەعباو ئاژەڵێکی نێو بیابان، وەك دەیانگوت رەوە حوشتر بەکەماڵی ئیستراحەت لەبیابانەکەی میردا گەڕاوەو گوایە خۆشترین رۆژەکانی میریش ئەو رۆژانە بووە کە کۆشکی نێو قەلاکەی خۆی جێهێشتوەو بەدزییەوە روویکردۆتە بیابانە دەستکردەکەی و



لەژێر رەشماڵێکدا لێی راکشاوەو سەیری بالاو قەدی کچە سەماکەرە "کاولییەکانی" کردووە کە بازرگانێك لەشەیخولعەرەبێکی بۆ کڕیوونەتەوە. بەڵام سەیر لەوەدایە پاش مردنی میر خەڵکەکە زۆر بەشوێن بیابانەکەیدا گەڕاون و نەیاندۆزیوەتەوەو بەو پێیەی پێش مردنیشی سەرجەم پاسەوانە تایبەتییەکانی خۆی کوشتووە، تا پاش خۆی نەك هەر شوێنی بیابانەکە بەکەس نەڵێن، بەڵکو هیچ نهێنییەکی تریشی نەدرکێنن، ئیدی ئەو بیابانە بۆ هەتاهەتایە ونبووەو بەدرێژایی سەردەمەکانیش کەس بۆی نەدۆزراوەتەوە.

لەڕاستیدا مێژووی بوونی شارەکە دەگەڕایەوە بۆ سەردەمێکی زۆر دێرین، هەبوون دەیانگوت یەکەمین شارێکە لەڕووی کۆنیی دروستبوونییەوە.

پێش سەردەمی هێرشەکانی "ئەتێللا"و جەنگاوەرانی بۆسەر شارەکە، دەیان ئەستێرەناس و چەندان ئەندازیارو بیرمەندو نووسەرو هونەرمەندی هەبووە، دەیان قوولەو قەلاو پردو کۆشك و شوێنی سەیرو سەمەرەی لەمیتاڵ درووستکراوی تێدابووە.

"ئەتێللا"و جەنگاوەرانی بەشێوەیەك کەتا ئەودەمەش لەدنیادا وێنەی نەبووە، سەرجەم خەڵکی ئەو شارە بەزیندوویێتی کەوڵ دەکەن. دواتر گڕ بەردەدەنە شارە میتاڵییەکەو پاش سووتانیی و لەئەنجامی توانەوەی کانزا جۆراوجۆرەکانی، نیو بەنیوی جەنگاوەرانی "ئەتێللا" لەنێو کانزای تواوەدا دەمرن.

* * *

## (یەکەمین گێڕانەوەی ژینا)

"مارکۆ پۆلۆ"ی گەڕیدە بەدرێژایی چل و پێنج ساڵ لەسەفەرو گەڕان، بەشارە بێناوەکەشدا گوزەری کردبوو، تەنانەت لەسەر نەخشەش لەپاڵ چەندین شاری نزیك و دووردا وێنای کردبوو، بەڵام لەخوارەوەی نەخشەکەدا وەك تێبینی نووسیبوی:

( گرفتی ئەم شارە تەنها لەوەدا نییە کەبەدرێژایی مێژوو لەدەرەوەی ناوهێنانێکی تایبەت و دیاریکراودا ماوەتەوە، بەڵکو لەخودی شوێنەکەشیدایە کەبەهیچ شێوەیەك لەشوێنێکی ئاسایی ناچێت، چونکە کاتێك پێیان گوتم بیابان دەکەوێتە باکوورو زنجیرەچیاکانیش دەکەوێتە باشووری شارەکەوە، باوەڕمکرد و لەڕێی قیبلەنووماکەشمەوە ئەو راستییەم سەلماند. بەڵام کاتێك کۆمەڵێك کەسیتر گوتیان زنجیرە چیاکان دەکەوێتە باکووریی و بیابانایش دەکەوێتە باشوورییەوەو دەتوانیت بەهۆی شوێن جێگەی ئەستێرەکانەوە لەڕاستی بۆچوونەکەمان دڵنیا بیت، پاش لێخووردبوونەوەو سەرنجدانم گەیشتمە یەقینی ئەوەی کە راست دەکەن. بەڵام لەبەرەبەیانێکدا کەتازە لەخەو هەستابووم، بینیم کەزنجیرە چیاکان دەکەوێتە رۆژهەڵات و بیابانیش لەڕۆژئاوای شاردایە، بەڵام ئەمە لەزەردەپەڕی ئێوارەدا پێچەوانەوە بووە، کاتێك بەچاوی خۆم خۆرم بینی لەپشت زنجیرەچیاکانەوە ئاوا دەبوو. هەرئەمەش بوو وای لێکردم گومان لەبوونی راستەقینەی ئەو شارە بکەم و پێموابێت ئەوەی کەبینیوومە تەنیا



وەهمێك بێت، یان خەونێك و هەموو ئەو کەسانەی کە وامدەزانی لەگەڵیان دوواوم، تەنیا تارمایی کۆمەڵێك مردووی ئەو شوێنەبن).

زۆربەی مێژوونووسان لەسەر ئەوە کۆکبوون کەئەو شارە بەدرێژایی مێژووی کۆنی هیچ ناوێکی نەبووەو بۆ یەکەمینجار لەسەردەمی حوکمڕانێتی کەمخایەنی"شێخی سپی"دا ناوی لێنراوەو پاش سیناریۆی تێکشکانی"شێخی سپی"یش هەر ئەو ناوەی ماوەتەوە .

هەندێك لەمێژوونووسان هۆکاری نەبوونی لەوەو پێشی ناویان دەبردەوە بۆئەوەی کە بەدرێژایی مێژوو چەندین شاری جیاجیا بەپێی زەمەنە جیاوازەکان لەشوێنی ئەو شارەدا دروستکراون، هەر بۆیە سڕینەوەی هەر یەکێکیان بۆئەوەی تریان ئەو شارەی لەدەرەوەی ناوهێنانێکی تایبەت و دیاریکراودا هێشتۆتەوە. کەسانێکی تریش پێیان وابوو لەبەر گرنگی شوێنەکەی دامەزرێنەرانی شارە جیاجیاکانی ئەو شوێنە، یان دامەزرێنەرە جیاجیاکانی ئەو شارە، زانیوویانە بوونی ناوێکی تایبەت بۆ شارەکەیان دەبێتە مایەی ئەوەی کە لەنێو نەخشەکاندا جێی ببێتەوە، لەکاتێکدا نەبوونی ناو لەدەرەوەی نەخشەکان دەیهێڵێتەوەو بەمەش لەمەترسی داگیرکردن و هێرشەکانی داگیرکاران بەدوور دەبێت، چونکە لەو سەردەمانەدا لەڕووی لۆژیکییەوە شتێکی بێمانا بووە شارێکی بێناو و ناونەنراو داگیر بکرێت. بەمەبەستی دەستنیشانکردنی بێناوی ئەو شارە زۆر شتی تر دەگوتراو لەو بارەیەشەوە زۆر بەسەرهاتی تر باسدەکرا کە تائێستا گومان لەڕاست و دروستییان دەکرێت، هەروەك چۆن هەموو

ئەوەی لەبارەی ئەو شارەوە دەگوترێت هیچیان بازنەکانی گومان تێپەڕناکەن و زۆریشیان تەنیا گریمانەیەکن.

دەڵێن یەکێك لەزاتە پیرۆزەکان خۆی و کۆمەڵێك خەڵکی هاوشێوەی خۆی گەیشتوونەتە شوێنی ئەو شارەو پاش بڕیاردانیان بۆ دروستکردنی شارێك، لەسەر ناوی شارەکە ناکۆکی کەوتۆتە نێوانیانەوەو بوونەتە دوو بەرەی دژ بەیەك و یەکێکیان لەو ناوەدا خەنجەرێکی بەرکەوتووەو کوژراوە. لەم کەین و بەینەدا هێزێکی غەیبی نەبینراو هاواری لێکردوون و گوتویەتی:

(لەسەر ناونانی ئەو شارەی کە مەبەستانە بنیاتی بنێن مەیکەنە هەرا، چونکە لەبنەڕەتدا وەك شوێنیش بێناوە، بەمەبەستێك ناوی هەموو شتێکم ناو هیچ ناوێکم بۆ ئەم شوێنە دانەنا. دەبوو شوێنێك بەبێناوی بهێڵمەوە تا ئێوە بێن و شارێکی بێناوی لەسەر دروستبکەن و هەتا منیش هەبم دەبێت ئەم شارو شوێنە بێناو بمێنێتەوە. چونکە لەمڕۆ تەنانەت پێش ئەوەی شارەکەش بەڕاستی دروستبکەن، ئەو شارەی لەم شوێنەدا دروست دەکرێت شاری منە. دەمێك ساڵە دەمەوێت شارێکم لەسەر زەوی هەبێت، تائەو دەمانەی بێهوودە دەبم لەبوونی خۆم و شتەکان، ئەو کاتانەی لەخۆم بێزار دەبم، بتوانم لەشارێکدا بەبێئەوەی بناسرێمەوە خۆم ونبکەم، لەماڵی هەر کەسێك کە مەبەستم بێت بمێنمەوە، بیر لەتەنیایی ئەبەدی و ئەزەلی خۆم بکەمەوە، بیر لەوە بکەمەوە بۆ دەبێت ناچاربم پاداشتی چاکەکاران بدەمەوەو خراپەکارانیش سزا بدەم. لەکاتێکدا نەهیچ خۆشییەکم بەچاکەی چاکەکاران دێت و نە بەخراپەی خراپەکارانیش پەست دەبم، گەرچی لێتانی



ناشارمەوە حەزم بەهیچ خراپەیەك نییەو نامەوێت کەس خراپە بکات، هەروەك ئەوەی کەئێستا ئێوەکردتان، هەتا من هەبم نابێت هیچ کەسێکی ئەو شارەی کەدروستی دەکەن بەخەنجەر بکوژرێت، لەمڕۆوە نەفرەتم لەخەنجەرەکانتان کرد، ئیدی دەست و پلی ئێوەو ئەوانەی لەڕەگەزی ئێوەن خەنجەریان پێناگیرێت، بگرە تامن هەبم کەسیشتان ئەگەر یاخیش بێت لەفەرمانم خەنجەری پێ ناوەشێنرێت، لەمڕۆوە ئێوەم مەحکومکرد بەترسان لەخەنجەرو هەموو جۆرە چەکێك. بڕۆن گۆڕێك بۆ کوژراوەکەتان هەڵبکەنن و هەموو خەنجەرەکانی لەگەڵ بنێژن، مەهێڵن بۆ هەتاهەتایە کەس دەریانبهێنێتەوە، چونکە بەدەرهێنانەوەی تەلیسمی نەفرەتم لەخەنجەرەکانتان بەتاڵ دەبێتەوەو ڕەنگە ئیدی کەس نەتوانێت بەر بەکوشت و کوشتار بگرێت. بۆیە دەبێت من گۆڕی ئەو پیاوەی کە ئێستا کوشتان پیرۆز بکەم و بیکەمە جێ نزرگەی هەموو ئەو کەسانەی بەشوێن ڕەحمەتی مندا دەگەڕێن، هەر کەسێك رووبکاتە ئەو گۆڕەو لەقووڵایی ناخییەوەو بەڕاستگۆیی نزاو دوعای بەمن بگەیەنێت و هەر داواکارییەکی لێم هەبێت، بێگومان بۆی دەهێنمەجێ.

هەر پاش ناشتنی کوژراوەکەتان دەبینن چۆن درەختێکی ناوازەو هێجگار سەیر لەپاڵ گۆڕەکەیدا بەحەوادا دەچێت، ئەو درەختە هەرگیز کەس بۆی نییە بیبڕێتەوە. بۆ باوەڕهێنانی بەردەوامی نەوەکانی پاش ئێوە بەتوانای موعجیزەیی ئەو درەختە، هەر مێینەیەکی دوو گیانتان بەلای درەختەکەدا ڕەتببێت گوێی راستی کۆرپەکەی نێو منداڵدانی بەگەڵای درەختەکە دەشووبهێنم، ئەمە جگە لەوەی هەموو منداڵەکانی ئێوەو

نەوەکانی پاش ئێوەش بێجگە لەوانەی کە لەڕەگەزی ئێوەنین و دواتر ئەم شوێنە بێناوەی من دەکەنە مەنزڵ، نیشانەی تایبەتی لەسەر دەست و پەنجەو زۆر شوێنی تری جەستەیان دەدەم. ئەوەشتان لەیاد نەچێت من زۆر بێوازو ماندوو و بێکەسم، تکایە جارجار بۆ بێکەسی و شێوەو رووکاری سێگۆشەیم بگرین، وێنەی سێگۆشەیم بکەنە هێماو شتی سێگۆشەیی و هەڵیبواسن، من تەنیا بەبوونی سێگۆشەکان دەمێنمەوەو بەدەر لەدنیای سێگۆشەکان دەمرم، مەهێڵن بمرم چونکە مردنی من زۆر سامناک و ترسناکە).

❊ ❊ ❊



## ( ناسینی ژینا)

ژینا-م لەشەقامی "مسیۆ دۆبرێ"دا ناسی، یەکەمجار کەبینیم لەبەردەم تەنها دوکانێکی گوڵفرۆشتنی شەقامەکەدا راوەستابوو، ماوەیەکی دوورودرێژ لێی وردبوومەوەو هیچ نەجوولا، بەڵام وادەهاتە پێشچاوم پێشتر لەگەڵ ئەو پیرەژنەی نێو دوکانەکە دەمەبۆڵێی بووبێت، پیرەژنەکەش لەهەمان دۆخی راوەستانی ئەودا راوەستابوو. دواتر وامهەستکرد ئەم دیالۆگە لەنێوانیاندا روویدابێت:

– بۆ لەگەڵی رۆیشتیت؟

– دەمێك بوو لەگەڵ گەنجێکی وەك خۆمدا حەزم بە رابواردن بوو، بەڕاستی بێزاربووم لەو هەموو پیرانەی تۆ بۆ منیان دەدۆزیتەوە؟

– بەڵام ئەو پیرانەی تۆ بەدڵت نین کەسانێکی لەخواترس و نوورانین، ئەوان بەگەنجی خۆیان مەحرومکرد لەهەموو لەزەتێك، لەبینینی هەموو ناوگەڵێك، تا لەمڕۆدا چێژ لەهەموو ئەو خۆشیانە ببینن کەپێشتر نەیانبینیوە.

– بەڵام من چیم دەست دەکەوێت لەخۆخستنە ژێریان!؟

– لەبیرت نەچێت تۆ لەو دنیایەی کەلێوەی هاتووی تەنها قەحپەیەك بوویت و مەگەر بەڕازیکردنی هەموو ئەو پیرو پیاوچاکانە پاکببیتەوە.

– نامەوێت پاکببمەوە!

– بەڵام ئێرە تەنها گوزەرگەیەکی تێپەڕینە و دوا هەڵە بۆ گەیشتنە...؟

– نامەوێت بگەمە هیچ شوێنێکی تر؟

– تۆ تێناگەیت تاسەر لێرە نامێنیتەوە، بێجگە لەوە نامەوێت چیتر دوای شەیتان بکەویت، ئەو گەنجە شەیتان بوو لەکاتێکدا پیرەکان...!؟).

هەر لەیەکەم ساتەوە چاوە سەوزەکانی ئەو مێینە رۆژهەڵاتییەی کە بەمەزەندە تەمەنی هەر بیست و هەشت ساڵێك دەبوو بەشێوەیەکی سامناك رایانکێشام، بۆ تاوێك کچێکی وەك ئەوم هاتە پێشچاو کە لەشەقامێکی ئەو شارەی جێمهێشتبوو لەرۆژێکی باراناویدا دەکوژرێت.

دواتر پاش ئەوەی شتێك بەخۆمدا چوومەوە، گوتم:

(رەنگە بینینی ئەو بەکوژراوی تەنها جۆرێك بێت لەهەلوەسەی بینین، ئەوە نییە لێرەیەو نەکوژراوە).

هەر کەئەمەم گوت سەرنجمدا هێشتاکە لەشوێن خۆی نەجووڵاوە. هێندەی نەبرد رووکاری کچە پاڵەوانێکی فیلمێکی رۆمانسی بیرخستمەوە، کە بەهەرزەکاری چەند جارێك چووبوومە سەیری ئەو فیلمەو پاش لەبیرچوونەوەی رووداوی فیلمەکەش رووکارو باڵاو باریکی و ناسکی ئەو ئەکتەرەم هەر لەیاد نەچووەوە. من لەنێو ئەو هەموو مێینە "ئێسك پان و ئەستوورانە"ی کە لەگەڕەکەکەماندا هەبوون، تا بینینی ئەو فیلمەش نەمزانیبوو مێینەی هێندە ناسك لەدنیادا هەیە، نەمدەزانی لێو هەن بەبینییان دەخرۆشێی، هەر پاش ئەوە بوو ویستم وێنەی ئەو کچە بکەم کە بووبووە بەشێك لەحەزو خەیاڵە شاراوەکانم، بەڵام بەهیچ وێنەکەیم وەك



خۆی بۆ نەکراو هەمیشە لەهەڵەیەکی بچکۆلەوە شێوەیم دەشێواندو دەمکردە بوونەوەرێکی تر، بوونەوەرێکی زۆر جیاوازو جودا لەوەی کە بۆ ماوەیەك بەتەواوی بەشێکی بەرفراوانی خەیاڵمی داگیرکردبوو. پاش ئەوەی ماوەیەکی دوورودرێژ لەو دەمەدا ئەو فیلمە پیشاندرا دواتر بەهۆی شتێکەوە کە نەمانزانی چییە بەتەواوی قەدەغەکرا. هەر ئەمەش بووە هۆی ئەوەی جارێکی تر ئەو فیلمە نەبینمەوەو نەزانینی ناوی فیلمەکەو ئەکتەرەکانیشی گرفتێکی تر بوو لەرێی ئەوەی کەدواتر کاتێك گەورە بووم نەمتوانی داوای فیلمێکی بێناونیشان لەو کەسانە بکەم کە بەحوکمی کارەکەم دەمناسین و ئیشوکاریشیان کڕین و فرۆشتن و هێنان و بردنی فیلم بوو.

پاش ئەوەی چەند جارێك چوومە بەردەم دوکانی گوڵفرۆشەکە، جارێکیان وەك کەسێکی راستەقینە دەجووڵاو هەڵسوکەوتی دەکردو لەدۆخەکەی پێشوویدا نەبوو. سەرەتا پرسیاری نرخی گوڵەکانم لێکرد، بەسەرسامییەوە گوتی:

(دەمێکە گوڵ نافرۆشم، من تەنها لەنێو ئەم گوڵانەدا دادەنیشم ، دەزانم ئەگەر نێو ئەم گوڵانە جێبهێڵم شوێنێکی زۆر خراپ چاوەڕێم دەکات).

باسی گوڵەکانی شارەکەی پێشووی خۆمم بۆ کرد کەهەندێکیان لەو جۆرە گوڵانەن کەخۆراکیان مێرووەو بەرشتنی شێلەیەکی تایبەت راویاندەکەن، جگە لەو بۆنە تایبەتییەی کە بۆکێشکردنیان بەکاریدەهێنن.

دواتر باسی گوڵەکێویلەو گوڵاڵەسوورەو نێرگزەکانی دەوروبەری شارم بۆ کرد و پرسیارم لەنەبوونی نێرگز لەو شارەدا کرد.

لەوەڵامدا گوتی:

- نزیك دارستانە نائاساییەکە لەشوێنێکدا کەبۆ خۆم نەمبینیوە، بەڵام دەڵێن جۆرە نێرگزێکی تایبەت هەیە لەهیچ کتێبێکی تایبەت بەگوڵ و گوڵزاردا ناوی نەهاتووە، بەڵام بەهۆی دارستانەکەوە پێموانییە هەموو کەسێك بوێرێت خۆی لێبدات!

- بۆ بەهۆی دارستانەکەوە؟

- دەڵێی هیچت لەبارەی دارستانەکەوە نەبیستووە؟

- زۆر خورافاتم بیستووە!

- چۆن ونبوونی ئەو کەشتیانەی دەکەونە نێو سێگۆشەی بەرمۆدا خورافات نییە ئاواش ونبوونی زۆر کەس لەو دارستانەدا خورافات نییە، سەرباری روودانی زۆر شتی تر کەدەڵێن بەسەر سوپایەکدا هاتووە کەویستویانە بەنێو دارستانەکەدا تێپەڕبن و پاشان هێرش بکەنە سەر "تانجوور"، بەڵام جارێکی تر نەبینراونەتەوە.

- بەڵام من لەم شەقامەشدا شتی سەیرم دێتە پێشچاو، هەروەك ئەو چەند جارەی تۆم لەدۆخێکی نەجووڵاودا بینییەوەو زۆر شتی تری لەو جۆرەش؟!

- هەر کەسەو تەسەورێکی هەیە، ئەمە جگە لەوەی رەنگە تۆ بەخەیاڵ لێرە بیت، یان ئێرە بەشێوەیەك لەشێوەکان تەسەوور بکەیت و لەڕاستیشدا وا نەبێت، ئەوە تۆی دەتەوێت من لەدۆخێکی نەجووڵاودا



ببینیتەوەو دیارە ئازادیشیت لەوەی چۆنت مەبەست بێت ئاوا شتەکان ببینیت.

- تەسەوور ناکەم وابێت، من لەژێر زەمینێك وێنەی ئەو کچۆڵانە دەکێشم کەسەما بۆ "شیڤا" دەکەن و لەوێش هەست دەکەم زۆر جار راوەستانێك هەیە، "تیراماها" مامۆستای کچە سەماکەرەکان کەمجار دەجووڵێت یان لەگەڵم دەدوێت، پیادەڕەوی شەقامەکانیش هەمان حاڵەتیان هەیە، نازانم جاری وایە تەنانەت زەمەنی نێو شەقامەکەش دەگۆڕێت و تەواو نازانم لەرابردوودام یان...؟

- تۆ وەك ئێمەی لەهیچ ئان و ساتێکی زەمەندا نیت، ئەو"تیراماها"یەی تۆ باسی دەکەیت هەزار ساڵ لەمەوپێش سەمای بۆ "شیڤا" کردووەو ناکرێت بەڕاستی تۆ ئەوت بینیبێت!؟

- بەڵام خۆ ئەو نییەو تەنها ناوی لەو دەچێت!

- کەواتە ئاگاداری ئەوە نیت، لەبەر هەر هۆیەك بووبێت بەدرێژایی مێژووی ئەم شارە تەنها یەك ئافرەت هەڵگری ئەو ناوە بووە ئەویش پێش هەزار ساڵ و وەك گوتم سەماکەری"شیڤا"بووە).

کاتێك ویستم لەگفتوگۆکەمدا بەردەوامبم سەیرمکرد لەبەردەم ئاوێنەیەکی ئەو ژێر زەمینەدا راوەستاوم کەپاش تەوابوونی سەماو وێنەکێشان تێیدا دەمامەوە، بەڵام کەجارێکی تر ئەو پیرەژنەم لەدوکانەکەیدا لەدۆخێکی ئاسایدا بینییەوە هەستمکرد پێشتر ئەو قسانەم لەگەڵدا کردووە، کەوەك ئاشنایەکیش پێشوازی لێکردم دڵنیابووم لەوەی ئەو کاتەی لەگەڵ پیرەژنەکەدا قسەمکردووە لەبەردەم ئاوێنەکەدا نەبووم،

ڕەنگە دواتر چوویبێتمە بەردەم ئاوێنەکەو وام زانیبێت پێشتریش هەر لەوێ بووم.

ئەو جارە پێی گوتم:

(دەزانی هەمان شەرم و ڕکوکینەی ڕۆژهەڵاتیانە لەچاوەکانی ژینا-شدا هەیە، من ڕۆژهەڵاتی نیم و بەبنەچە نەوەی ئەفسەرێکی فەرەنسایی بەناوبانگم، بەڵام بەئەزموونی چەندین ساڵم لەم شەقام و گەڕەکەدا هەموو جۆرە توخم و ڕەگەزێکی بەشەر دەناسمەوەو هەرگیزیش نەمویستووە ئەم شارە جێبهێڵم و بگەڕێمەوە فەرەنسا، شوێن بەلامەوە فەرق ناکات و نابێت ئەوەمان بەلاوە سەیربێت کە ئێمە لەهەردوو دنیاکەدا پێکەوەین، مەبەستم ئەوەیە لەم شەقامەدا هەموومان پێکەوەین. ئێوەی ڕۆژهەڵاتی خاوەن جەستەیەکی ماندوو و تێکشکاون، دەڵێی هەموو ئەو سەرکەوتنانەی لە ڕۆژگاری حوکمی شمشێردا بەدەستان هێناوە هیچ خۆشحاڵی نەکردبێتن، بیرتە چیتان لەهندستان کرد، یان ئیسپانیا و بگرە زۆرترین پارچەکانی دنیا کەوتە ژێر دەستان و وێرانتان کرد، ئەوە چ شەڕێك بوو ئێوە دەتان کرد، چ قەتڵ و عام و سەربڕینێك بوو، چ کوشتارگەیەکی سامناك بوو؟).

ویستم بڵێم من بەبنەچە شولانییم و باپیرم باوەڕدارێکی "شیڤا" بووەو هیچ پێوەندییەکیشم بە ڕابردووی ئەو جەنگاوەرانەوە نییە کەتۆ باسیان دەکەیت، بەڵام پێش ئەوەی زار هەڵبێنمەوە گوتی:

(گاڵتەم لەگەڵ کردیت هەر ویستم بزانم هێشتاکە بەوەت نەزانیوە کەمردوویت!؟ نا ئەمەشیان هەر گاڵتە بوو، نامەوێت بتترسێنم مادەم خۆت وادەزانیت زیندوویت کەواتە زیندوویت، ئارامبەو هیچ مەشڵەژێ تۆ



ئەوەیت کە خۆت تەسەووری دەکەیت. مەشترسە ئەگەر ژیناش لەگەڵ خۆت بەریت قسە ناکەم، بەڵام بەمەرجێك تووخنی نەکەویت، چونکە کاری من تەنیا گەیاندنێتی بەکەسە نوورانی و پیاوچاکەکان و نەشییاوە لەوە زیاتر ڕێ بەکەسی تر بدەم توخنی بکەوێت. بەڵام بەسەرهاتەکەی تۆ دەزانم و پێش ئەوەی تۆو ژینا بەتەواوی ببنە تارمایی و لەبەرچاوان نەمێنن ئاساییە تاوێك پێکەوەبن، بەڵام بەمەرجی ئەوەی تووخنی نەکەویت، چونکە ئەو ئێستا دەیەوێت پاك ببێتەوە لەهەموو گوناهەکانی پێشووی، هەروەك چۆن ئەو سۆزانییەی بەفرمێسکەکانی پێیەکانی مەسیحی شت و بەوەش توانی پاکببێتەوەو لەم دنیاو ئەو دنیاش لەگەڵ مەسیح بێت).

لەوەدا بوو وەڵامی بدەمەوە کاتێك گوتی:

(هیچ مەڵێ سبەی ئێوارەکەی وەرە لەگەڵتی دەنێرم، بەڵام ئەوەت لەبیر نەچێت ئەو کچە کچێکە لەوەهم و ئەندێشەکردنەکانی خۆت، ڕەنگە بەو شێوەیە بوونی نەبێت کە تۆ تەسەووری دەکەیت، هەرچەندە گرنگ تەسەووری تۆیە).

* * *

## ( دووەمین گێڕانەوەی ژینا)

نووسەرێکی بیانی باس لەوە دەکات کە ئەو شارە هەر لەبنەڕەتەوە زیاد لەناوێکی هەبووەو ئەوەی کەوای کردووە وابزانرێت ناوی نییە، ناوە جفرە ئاساکەیەتی کەوەك بازنە لەچەقەوە بۆ چێوەو لەچێوەوە بۆ چەق لەجوولەی بەردەوامدایە و ناجێگیرە. بۆ سەلماندنی راوبۆچوونەکانیشی بەبەرچاوی ئەوانەی باوەڕی پێناکەن بەردێك فڕێ دەداتە گۆمێکەوەو دەڵێت:

( بڕواننە بازنە بچووك و گەورەکانی نێو گۆمەکە کەبەڵگەن بۆ بوونی بەردەکە، گەرچی پاش ماوەیەك بازنەکان نامێنن، بەڵام بەردەکە لەنێو گۆمەکەدایە ئەگەر دەری بهێنینەوەو بەهەمان خێرایی بیدەینەوە لەهەمان شوێن، هەمان چەشن و شێوەی پێشووتری بازنەکان دەبینین، ئەگەر بەردەکە بەشار دابنێین، ئەوە بازنەکانی دەوری ناوی جیاجیای ئەون و هەر ئەمەشە وا لەم شارە دەکات کە لەیەك کاتدا هەموو ناوەکان لەخۆ بگرێت و لەهەمان کاتیشدا هەموو ناوەکان ڕەتبکاتەوە).

هەبوون بەهەڵە لەو نووسەرە حاڵیبوون، گوایە مەبەستی نووسەرەکە ئەوەیە کەشێوەی شارەکە بازنەییە، هەر بۆیە هەندێك لەو جۆرە کەسانەی کە واحاڵی ببوون، وتاریان سەبارەت بەشێوەی بازنەییانەی شارەکە نووسی و گوایە ئەگەر ئەرکۆلۆژیستەکان بناغەی بنەڕەتی شارەکە بپشکنن و لێیبکۆڵنەوە دەبینن بناغەکەی کۆمەڵێك بازنەی یەك لەدوای یەکەو لەچەقەکەشیدا شوێنجێگەی بەرکەوتنی نەیزکیك دەبینن کەپێش دروستکردنی شارەکە بەر ئەو شوێنە کەوتووە. ئەو جۆرە کەسانە پێیان



وابوو هەڵسووڕانی خەڵکیش لەشوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تری شارەکە بەشێوەیەکی بازنەییە، چونکە خولانەوە بەدەوری چەقدا شتێکی پیرۆزەو بوونی شوێنجێگەی نەیزکێکیش هێندەی تر ئەوەی لا پیرۆز کردوون.

بەڵام جوگرافیناسی بەناوبانگی کورد " بابا تایەر ئەرسەلان بلوجی" چەوتی ئەم بۆچوونەی سەلماند لەمیانی باسکردنی لەسێگۆشەبوونی شارەکە، بەڵگەشی تەنها تێڕوانینێکی ئاسایی بوو بۆ شوێنی بیابان و ریزەچیاکان و هەڵدێرو نشێوە بێبنەکە، کەهەر یەکەی دەکەوتە سووچێکەوە، لەگەڵ ئەوەی لەهەموو کاتێکدا لەهەمان سووچدا نین، بەڵام بوونی بەردەوامیان لەیەکێك لەسووچەکاندا سێگۆشەبوونی شارەکەی لەڕووی تۆبۆگرافیاوە دەسەلماند. ئەمە جگە لەوەی کەهەوڵیدا بیسەلمێنێت کە سەرجەم شوێن و گەڕەك و کۆڵان و شوێنەکانی نێو شارەکە سێگۆشەیین و هەر سووچێکی هەر یەك لەو سێگۆشانە پەیوەستە بەسووچی سێگۆشەیەکی ترەوەو بەم شێوەیە هەموو شوێنێك قابیل بەجێگۆڕکێ و گۆڕانەو هەر بەڕای ئەویش ئەم سێگۆشەبوونەی شوێنەکانییەتی کەئەو شارەی لەنێو خورافاتێکی زۆر بێکۆتادا هێشتۆتەوە. گوایە ئەگەر شوێن و جێگەکانی شێوەیەکی بازنەییان هەبووایە ئەوە چەقێك دەبوو بۆ دەستپێك و گرتنەخۆی شتەکان، بەڵام بەو پێیەی سێگۆشە چەقی نییە، کەواتە بۆی هەیە لەهەر سووچێکدا شتێك هەبێت جیاواز لەشتێکی تری سووچێکی ترو بەم شێوەیەش بێکۆتابوونی خۆی لەڕێی سووچەکانییەوە دەپارێزێت.

* * *

## ( یەکەمین شەو لەگەڵ ژینا)

بە بێئەوەی بچمە دوکانی پیرەژنە گوڵفرۆشەکە، ژینا-م لەبەردەم دوو پەیکەری بەشی سەرەوەی شەقامەکەدا بینی، ماوەیەکی زۆرو بەبێ جووڵە روانییە پەیکەری ئەو دوو ئاسکە، لەژێر دوو ئاسکەکەدا نووسرابوو:

(ئەوەی پەیکەری ئەم دوو ئاسکەی دروستکردووە دواجار دەکوژرێت و هەردوو پەیکەرەکەشی تێکدەشکێندرێت و لە شوێنجێگەی کۆ پەیکەری "شێخی سەنعان"و بەرازەکانی دادەنرێت).

بەشێوەیەکی سەیر شەیدای ئەو رووکارەی ژینا بووم کە بەتەواوی لە رووکاری ئەو کچە ئەکتەرە دەچوو کە لەفیلمەکەدا بینیبووم. دواتر بەبێئەوەی هیچ بڵێین کاتێکم زانی پێکەوە رێدەکەین، ریتمی خاوی رۆیشتنم و ساردو سڕیم لەو ساتەدا ژینا-ی نیگەران کردبوو، بەڵکو جارجارەش هەستم دەکرد لێم دەترسێت، وەك ئەوەی بەرەو پرسەی کەسێکی ئازیزم هەنگاو بنێم زۆر بێحاڵبووم، نازانم بۆ لەپڕ شپرزەبووم و باری دەروونیم بەشێوەیەکی سەیر تێکچوو.

لەجێی ئەوەی بگەمە ئەو ژێر زەمینەی کەتێیدا دەمامەوە، گەیشتمە ژوورێکی دەرکە کراوەو ئامادەکراو بۆ مانەوەمان، ئەمە سەرەتا تەنها هەستێك بوو، بەڵام کاتێك چوومە ژوورەوە سەیرمکرد بەڕاستی ئەمە ژوورەکەی پێشووتری خۆمە، ئەو ژوورەی کەلەنێو خانووە گەورەکەماندا بەتایبەت هەر لەمنداڵیمەوە بۆخۆمم هەڵبژاردبوو. پاش ئەوەی لەسەر یەکێك لەو چەند کورسییە لەتەختە دروستکراوەی نێو ژوورەکەدا دانیشت، بەشەرمەوە بەرامبەری دانیشتم و لەژێرچاوەوە کەوتمە



لێخوردبوونەوەی، سەیر بوو هاوشێوەی ئەکتەری ئەو فیلمەی ساڵانێکی دوورودرێژ خەونم بەبینینیەوە بینیبوو، ئێستا لەگەڵمدایە.

لەنێو کپ و خامۆشیی ئەو ساتەوەختەدا بەبێدەنگی تێم دەڕوانی، هێندەی نەبرد هەردووکمان وەك دوو کەسی هیپنۆتزمەکراو لەیەکترمان دەڕوانی، هەستم دەکرد بەرامبەر پاکترین مێینەی دنیا دانیشتووم، بۆ ساتێکیش تەسەوورم نەدەکرد هیچ پیاوێك پەنجەی بەری کەوتبێت، تازیاتر تێم دەڕوانی باشتر هەستم بەو جوانییە ئەفسووناوییە سامناکەی دەکرد، بەڕادەیەك خەریك بوو هەڵبێم، من زۆر لەوە ناشرینتربووم بەرامبەر جوانێکی ئاوا دابنیشم.

پێدەچوو هێدی هێدی بتوێمەوەو تنۆك تنۆك بەعەردی ژوورەکەدا رۆبچمە خوار، یان لەشوێن خۆم بپروێم و نەمێنم.

هاتنە خوارەوەی جاڵجاڵۆیەك لەبنمیچەکەوە بەتەونێکی باریك تائاست گەردنی ژینا، شتێك تێڕامانەکەمی پەرش و بڵاوکردەوە. سەرنجی مێخەکبەندەکەی ملیمدا، دەستکردی ژنانی ئەو شارە بوو کەجێمهێشتبوو، جیاواز لەهەموو چەشنێکی تری مێخەکبەند بۆن و شێوەو قەبارەی دەنکەکانی فەرقیان هەبوو.

کاتێك ویستم لەگەڵی بدوێم، بەشێوەیەکی سەیر راچەنی و هەروەك پێشتر ئاگای لێمنەبووبێت، زۆر بەسەیری تێیڕوانیم و گوتی:

( تۆ "فەرهاد تانجووریی یەکەم"یت؟!).

گوتم:(نا من "فەرهاد تانجووریی دووەم"م، بەڵام تۆ ئەو لەکوێ دەناسیت؟!).

* * *

## ( سێیەمین گێڕانەوەی ژینا)

زۆر کەس باوەڕیان بەتێڕوانینی جوگرافیناسە کوردەکە نەبوو، تا لێکۆڵەرەوەیەکی فەڕەنسایی چاخەکانی ناوەڕاست پاش خوێندنەوەی کتێبێکی تایبەت بەبیروڕای جوگرافیناسە کوردەکە کەلەلایەن"موتڕان ڕۆدان"ەوە نووسرابوو، بڕیاریدا سەردانی شارە بێناوەکە بکات و پاش گەڕان و لێخوردبوونەوەیەکی زۆر، لەوتارێکی دوورودرێژدا بەزمانی فەڕەنسی راوبۆچوونەکانی ئەو جوگرافیناسەی سەلماندو کەوتە بەرپەرچدانەوەی هەموو نەیارانی. لێکۆڵەرەوە فەڕەنساییەکە لەنووسینەکەیدا ئاماژەی بەوەدا کە بێمەڵامەت نییە زۆر شمەك و کەلوپەل و شتی تری نێو شارەکە شێوەیان سێگۆشەیی بێت، بەنموونەش باسی لەسیسەم و مێزو کورسی و دۆڵاب و بۆفییەی سێگۆشەیی شارەکە کردبوو، جگە لەوەی بەڕاوبۆچوونی ئەو شەڕواڵی پیاوانیش بەشێوە سێگۆشەیە، بێجگە لەکەوش و شەدەو مێزەر و گیرفان و دوعاو نوشتەی شێوە سێگۆشەیی ملی هەر یەکێك لەخەڵکی شار، ئەو پیاوە هێندە دوعاو نوشتە سێگۆشەییەکان سەرنجیان راکێشابوو، دواتر یەك کتێبی تایبەتی لەسەر نووسی و پێیوابوو بیرۆکەی بڵاوبوونەوەی ئەو سێگۆشە دوعاو نوشتانەی کە بەشێوەیەکی زۆر تایبەت دروستدەکرێن، بەڵگەیەك بێت بۆئەوەی خەڵکی شار سێگۆشەیان لاشتێکی پیرۆزە، بەو پێیەش کە دەمە خەنجەر و شمشێرو سەرەڕم و نێزەیان بەسێگۆشە بینیوە، نەیانتوانیوە ئەگەر بۆ بەرگریکردن لەخۆشیان بێت



دەستی بدەنێ و پێی بجەنگێن، هەر ئەمەشە وای لە خەڵکە بنەڕەتییەکەی شار کردووە هەرگیز نەتوانن بجەنگن. لەسەردەم و زەمانێکدا داگیرکردنی شارێکی لەو چەشنە لەلایەن زۆرێك لەداگیرکارانەوە نەبۆتە مایەی خۆشحاڵی و تام و چێژی سەرکەوتنی پێ نەبەخشیوون، بەتایبەت ئەوانەی فێری داگیرکردنی ئەو شارانە بوون کە بەزەحمەت بۆیان فەتحکراوەو پاش ئابلۆوقەدانێکی درێژخایەن پێویستیان بە بەکارهێنانی دەیان چەشن و شێوەی تەکتیکی جەنگیی بووە، پێویست بووە بەشووراکانیدا هەڵزنێن، دەروازەکانی بەزۆر بشکێنن، ژمارەیەکی زۆریان لێبکوژرێت و ژمارەیەکی زۆریش بکوژن، خوێن بڕژێت، گوێیان لەدەنگی حیلەی ئەسپ و ناڵەی زامداران و قیژەو زریکەی مێینەکان و رینگەی شمشێرو گیزەی تیرو قرچەقرچ و گوڕەگوڕی ئاگربێت، تاپاش داگیرکردنی بتوانن چێژ لەکونکردنی مێینە پاکیزەکانی وەربگرن، ئەمە جگە لەوەی بێناوی ئەو شارەش گرفتێکی تر بووە!؟.

"ئەسکەندەری مەکدۆنی" یەکێك بوو لەوانەی کەهەر گەیشتە نزیك شارەکە، سیخوورەکانی هەواڵی ئەوەیان بۆ هێنا کەئەمە ئەو شارە بێناوەیە خەڵکەکەی هەرگیز رووبەڕووی هیچ داگیرکارێك نەبوونەتەوە و دەرکەیان ئاوەڵایە. هەر ئەمەش بوو وای لە"ئەسکەندەر" کرد زۆرترین ماوە شارێکی بێجەنگاوەرو بەرگری ئابلۆوقە بدات بەهیوای ورووژاندنیان، تووڕەکردنیان، هەموو ئەو رێگەیانەی گرت کەشمەك و پێداویستیان لێوە دەگەیشتە شارەکە. پاش ئەوەی ئەم پلانەی هیچی لەمەسەلەکە نەگۆڕی کۆمەڵێك سەربازی خۆی بۆ ناردن تاچەك و هەموو پێداویستییەکانی

جەنگیان بدەنێ و خۆشیان لەپاڵیاندا بجەنگێن، تەنانەت سەربازەکان بەڵێنیشیان پێدان بەناوی خەڵکی شارەوە نامە بۆ "داریوس" بنێرن تا بەهانایانەوە بێت، بەتایبەت دەیانزانی ئەو شارە دەکەوێتە سنووری قەڵمڕەوی فەرمانڕەوایەتی"داریوس"ەوە. بەڵام دواجار هەموو هەوڵەکان بۆ بزرواندنی خەڵکەکە نشوستی هێناو ئەسکەندەر شارەکەی جێهێشت و داگیری نەکرد.

* * *



## ( دووەمین گێڕانەوەی فەرهاد تانجووریی دووەم)

ئیدی پاش زەمەنێکی دوورودرێژی بێدەنگی ئەو شارە بەرامبەر هەر شتێك کەدەرحەقیان کرابا، کەسێك بەناوی "شەهرام" رووەدەکاتە ئەو شارە کە تائێستا کەس نازانێت لەبنەڕەتدا خەڵکی کوێیە؟ ئەوەندەی لەبارەیەوە زانراوە ساڵانێکی دوورودرێژی تەمەنی لەهندستان و پاشان لەسەمەرقەندو بوخارا بردۆتەسەر.

سەیریش لەوەدایە لەکتێبە تایبەتییەکانی سۆفیگەریدا وەك سۆفییەکی نوورانی و ئاشق بەخودا باسی لێوەکراوەو لەکتێبە مێژووییەکانیشدا وەك سیحربازو شەعوەزەچی و زۆر شتی تری لەو چەشنە ناوی هێنراوە.

نەشدەزانرا "شەهرام"ی راستەقینە کامەیانە، ئەو پیاوە سۆفییەی کە لەبیابانەوە خۆی و سۆفییەکانی هاتوونەتە نێو شارەکەوەو کەللەسەری سەربڕاوی هەر دوانزەسوارەی بیابانیان بەدیاری بۆ خەڵکەکە هێناوەو "شەهرام" لەو کاتەدا گوتویەتی:

(ئەمە کەللەسەری هەر دوانزەسوارەکەی بیابانە کە بەناحەق شاڵاویان هێنایە سەرتان و ماڵوحاڵیان تاڵانکردن، شارەکەیان داغانکردن، بەبێئەوەی بەرەنگاریان ببنەوەو لەگوڵ کاڵتریان پێبلێن، بە بەرچاوتانەوە دەستدرێژیان کردە سەر نامووسی زۆرێك لەمنداڵە نێرینەکانتان، پێشئەوەی بشڕۆن بەبەرچاوتانەوە سواری دوانزە کچی منداڵکاری

شارەکەتان بوون، کاتێك خوێن لەنێوگەڵی کچەکانتانەوە دەهاتەدەرێ، ئەوان نەك هەر پێدەکەنین، بەڵکو قاقای پێکەنینیان دەگەیشتە عەرشی عەزیم، بەڵام ئێوە لەبێدەنگی هەمیشەیی خۆتاندا لەسێگۆشەبوونی سەری ئەسپەکانی ئەوانتان دەڕوانی. ئێوە بەژمارە سەدان جار لەوان زیاتر بوون، بەڵام هیچتان نەگوت، هیچتان نەکرد. تائێستا وەڵامێکم بۆ ئەو بێدەنگییەی ئێوە نەدۆزیوەتەوە، پێموایە مردووەکانیش بەبینینی دیمەنی هەڵتلێشاندنی نێوگەڵی مێینەکانیان زیندوو دەبنەوەو دێنە قسە، ئەگەر هیچ چەك و دارو بەردێك شکنەبەن، ئامبازیان دەبن دەستیان بەکاردەهێنن، زۆرانیان لەگەڵ دەگرن، ئیتر هەر چۆنێك بێت لەئێوە زیاتر دەجووڵێن و شتێك دەکەن، بێگومانم مردووەکان لەئێوە زیندووترن).

هێندەی نەبرد "شەهرام" و موریدەکانی خانەقایەکیان دروستکردو شەوانە لەنێویدا بۆ خەڵکی شارەکە دەگریان و روویان دەکردە دەرکەی رەحمەت و دەپاڕانەوە تا ئەوەی کە لەهەموو شتێك ئاگادارە، بەگەورەیی خۆی لوتفێکیان پێبکات و بیانگۆڕێت، فێری نارەزایی دەربڕین و بەگژداچوونەوەی ناحەقیان بکات، رێگەی راستیان پیشان بدات، رێگەی هەموو ئەو پەیامبەرو پیاوچاکانەی چ لەپێناو خۆیانداو چ لەپێناو هێزێك یان چەند هێزێکی غەیبیدا جەنگاون، رێگەی ئیمانیان پیشان بدات و بیانکاتە هاوشێوەی هەموو ئەو ئیماندارانەی ژیانیان لەغەزاکردندا سەرفکردووە. دوعایەکی بەناوبانگی "شەهرام" هەبووە کەهەردەم شەوان لەخانەقەکەیدا بەدەم زیکری خواوە دووبارەی کردۆتەوە:



( گەورەی کەون و کائینات دەست بەباڵمەوە بگرە، من بەتەنیا ناتوانم خەڵکە بنەڕەتییەکەی ئەم شارە بهێنمەوە سەر رێگەی ئێوە، ئەوان لەسێگۆشەکانی جەهل و خورافاتدا ونبوون، ئەوان لەقووڵایی خەونێکی قووڵدان، پێناچێت بەمن بێدار بکرێنەوە، ئەوان لەمردووەکانی گۆڕستان مردووترن و لەبەستەزمانترین بوونەوەر بێزوبانترن، گەورەم ئەم خەڵکە زوبانی نییە، داواکارم زوبانیان بدەیتەوە، رۆحی نوتق بەبەریاندا بکەیت، فێری مەعریفەی کەلامیان بکەیت، تابتوانم راپێچی نێو دەقە جوانەکانی ئێوەیان بکەم و وایان لێبکەم بە وشەکانی ئێوە بدوێن).

پاش بێهوودەبوونی تەواوی "شەهرام" بڕیاری جێهێشتنی شارەکەی بەموریدەکانی رادەگەیەنێت، بەڵام یەکێك لەموریدەکانی دەڵێت:

(رەنگە بۆ گۆڕانی ئەم خەڵکە سەرەتا پێویست بێت سەرنجیان رابکێشیت و کەرامات و موعجیزەکانی خۆتانیان پیشان بدەیت).

"شەهرام" بەمەبەستی سەرنج راکێشانیان لەنێو کووچەو کۆڵان و شوێنە گشتییەکاندا دەست دەکات بەنمایشکردنی موعجیزەکانی، سەرەتا لەیەك کاتدا خۆی پیشانی خەڵکە سادەکە دەداو پاشان کە دەزانێت بێسوودە، مەیدانێکی گەورەی شارەکە کە ئەو دەمە داری تێدا فرۆشراوە بەخوێندنەوەی چەند دوعاو نزایەك گڕتێبەردەداو دواتر بەبێ ئەوەی دارەکان هیچ زیانێکیان پێبگات خۆ بەخۆ ئاگرەکەی بەبارانـدنی باران خەفەدەکات، بەڵام سەیر لەوەدا دەبێت هەموو ئەو خەڵکەی کە ئاگاداری ئەو کارەن و بەچاوی خۆیان دەیبینن هیچ ناڵێن و هەر دوای ئەوەش خۆی و موریدەکانی شارەکە جێدەهێڵن.

سەبارەت بەشەهرامی ساحیریش، گوایە ئەویان لەڕێی ریزەچیای سووچێکی شارە سێگۆشەییەکەوە، لەگەڵ دوو شاگردی خۆی کە یەکێکیان رەش پێست بووەو ئەویتریان سپی پێست هاتوونەتە نێو شارەکە.

ئەم شەهرامەیان سەرەتا لەبەردەم بینایەکی داڕووخاوی نێوەڕاستی شاردا نمایشەکانی خۆی پیشانی خەڵکیداوە، یەکێك لەو سیحرە گرنگانەی کە کردوویەتی سەربڕینی دوو کۆتری رەش و سپی بووە، پاشان سەری هەریەکێکیانی خستۆتە سەر جەستەی ئەویتریان و زیندووی کردوونەتەوە، هەر بەوەندەشەوە رانەوەستاوە، بەڵکو هاوشێوەی گۆڕینەوەی سەری کۆترەکان سەری هەردوو شاگردە رەش و سپییەکەی خۆشی گۆڕیوە، بەڵام دەڵێن نەیتوانیوە زیندوویان بکاتەوە.

تەنیا یەك کتێبی مێژوویی هەیە کەئاماژە بەوە بدات هەردوو "شەهرام"ەکە یەك کەسن و گوایە لەدوو زەمەنی جیاوازدا هاتوونەتە نێو شارەکەوە، یەکێکیان وەك سۆفی و ئەویتریشیان وەك ساحیر، بەڵام ساحیرەکەیان توانیویەتی شتێکی زۆر سەیر بەئەنجام بگەیەنێت، ئەویش چوونە نێو خەونی مێینە دڵمردووەکانی بەبنەچە خەڵکی شارەکە بووە، ئیدی لەڕێی خەونەوە بەدەر لەئیرادەی خۆیان سێکسی لەگەڵ کردوون، سێکسێکی ئاگراوی، سێکسێکی ناوازەو لەلایەن ئەوانەوە نەبینراو و نەزانراو. توانیوویەتی نهێنیترین و پەنهانترین حەزو ئارەزووی شاراوەیان بزوێنێت و هێدی هێدی فێری چێژبینین لەشتە حەرامەکانیشیان لادروست بکات. یەکێك لەو مێینانەی کە لەخەوندا ئەو کارەی لەگەڵ "شەهرام" کردووە، دواتر هەمان شتی لەگەڵ پیاوێکدا کردووە، کە ئەو



دەمە لەشارەکەدا بە میرزا ناسراوەو دواترو پاش زەمەنێك زانراوە ئەو پیاوە ناوی"مێجەرسۆن"ەو سیخووڕی ئینگلیزە.

"مێجەرسۆن" لە"یادداشتەکانیدا" باس لەسەرسامی خۆی دەکات سەبارەت بەو مێینەیەی کە بەشێوەیەکی شەیتانە لەگەڵی رابواردووەو ئەوی ناچارکردووە کەهەموو شتە حەرام و رێگە پێنەدراوەکانی لەگەڵ بکات، تەنانەت "مێجەرسۆن" ئاماژە بەوە دەدات:

(ئەگەر بەئەسڵ خەڵکی شارەکە نەبووایە رەنگە پێم ئاسایی بووایە، بەڵام ئەوەی لەسەرەتادا بووە مایەی ترس و نیگەرانیم ئەوەبوو کە دڵنیابووم لەوەی ئەو لەسولای یەکەمین رەگەزی ئەو شارەیەو دەبووایە وەك ئەوان بەهەندێك شتی لاوەکی نەبێت لەمردوو جیانەکرێتەوە).

ئەو ئافرەتە ژنی توجارباشیی شارەکە بووەو نازانرێت چۆن پێش کەشفبوونی "مێجەرسۆن" ئەو زانیوویەتی جاسووسە، گەرچی کەشفبوونیشی ئەگەر مەسەلە هەر خەڵکە بنەڕەتییەکەی شارەکە بووایە هیچ زیانێکی نەبووە، بەڵام کێشەکە لەو هەموو تێکەڵ و پێکەڵەی ئەو زەمەنەدا بووە، بەتایبەت بوونی قوتبێکی ئاینی توندڕەو و پیاوەکانی بووە لەشاردا، پاش هاتنە خوارەوەیان لەو چیایانەی کەبەدرێژایی مێژووی سولالەکەیان هەر لەوێدا ژیابوون.

"مێجەرسۆن" لەیادداشتەکانیدا دەڵێت:

(لەشەوێکی تەماوییدا ئەو دەمەی لەئاشێکی داڕماوی قەراغ شاردا خەریکی نووسینی ئەو راپۆرتانە بووم کەدەبوو بەیانی بە"حاجی مەلا رەسوڵ"ی نۆکەرمدا بینێرمە شوێنی مەبەست. کاتێکم زانی ئەو مێینە

ئێسك پان و تێكسمڕاوە هاتە ژوورەوە، سەرەتا زۆر ترسام و وامزانی خەڵكی دیكەی لەگەڵە، بەڵام عەیارانە بۆ هێورکردنەوەم گوتی:

"مەترسە هەر خۆمم، هاتووم ئەوەم لەگەڵ بكەیت كەشەهرام لەخەوندا لەگەڵی کردووم".

باش بوو زانیاری ئەو كەین و بەینەی خەونی مێیینەكانم لەگەڵ "شەهرام" لە ڕێی ژنە ئەرمەنییەكەوە پێگەیشتبوو.

كاتێك گوتم:

"نانا شتی واناكەم، توجارباشیی مێردت برادەرمە".

بەتۆنێكی هەڕەشەئامێزەوە گوتی:

" بەڵام باش دەزانم تۆ بۆ لێرەیت و كاری سەرەكیت چییە، هەموو دنیا پێی وابێت تۆ میرزایت، لای من تۆ جاسووسی بەریتانیای، یان ئەوەم لەگەڵ دەكەیت كە دەمەوێت، یاخود هەر ئێستا هەموو ئەو مەلا و شێخ و پیاوانەت تێبەردەدەم كەكەس نازانێت بەئەسڵ خەڵكی كوێن و تاسەر ئێسك نەیاری نەك هەر كەسانی وەك ئێوەن بەڵكو نەیاری شارەكەشن، دیارە ئەگەر كارێكی واش بكەم تۆ بۆ خۆت عاقیبەتەكەی دەزانیت".

كاتێك ویستم لەدەستی هەڵبێم توند زەكەری گرتم و گوتی:

"لەدەعبا خەتەنە نەكراوەكەت دەترسیت".

نەدەكرا لەوە زیاتر منجڕی بنوێنم، هەر بۆیە خۆم تەسلیم بەمێیینەیەكی ئاڵۆشاویی ئەو شارەكرد، ئاواڵكراسە شین باوەكەی داكەندو كەواو كراسەكەی هەڵدایەوە لەدواوەڕا سواری خۆیكردم، هەر لەیەكەم ساتەوە هەستمكرد سواری هەموو مێیینەكانی شارەكە بووم و هەرچەندە



گرتنی ئەو شارە ئاسانترین كارێك بوو، كاتێك سوپاكەمان مەبەستی بووایە بیگرێت، بەڵام هەر لەو ساتەوە هەستمكرد شارمان گرتووەو تازە بۆ هەتا هەتایە هی خۆمانە. زۆر بەئاستەم ئاڵۆشیم بۆ دامركایەوە، شێتانە پەلاماری زەكەرمی دەداو شوێن گۆڕكێی پێدەكرد، تا بڕست و هێزی تەكاندانم تێدا مابوو دەستبەردارم نەبوو، ئێستاشی لەگەڵدا بێت سێكسی لەو چەشنەم نەكردووە، چێژێكی سیحرییانەی پێبەخشیم، دەیان جار سوپاسی "شەهرام"ی ساحیر دەكەم، كەتوانی بەگاینی چەندین مێیینەی ئەم شارە دەركەی گۆڕانكارییەكان بخاتە سەرپشت، سوپاس بۆ ئەو كە پێش ئەوەی ئێمە خەڵكە بنەڕەتییەكەی شارەكە بگۆڕین و بەزەحمەتێكی زۆر مێیینەكانیان بهێنینە ژێر خۆمان ئەو هێنایە ژێرمان، دەبێت خاتر جەمبین لەمڕۆ شار لەژێرماندایە).

* * *

## ( چوارەمین گێڕانەوەی ژینا)

ڕێکخراوێکی ئینگلیزیی پەیکەرێکی بۆ "شەهرام" بەرامبەر باخچەی گشتی شارەکە دروستکرد و لەشوێنی ئەو گۆیەخڕە ئیسفەنجییە دانرا کەپێشتر لەوێدا بوو، خەڵکی شاریش بە"مەمکی گوڵاڵە"یان ناودەبرد. بەمەبەستی دروستکردنی پەیکەرێکی جوداو جیاواز لەسەرجەم پەیکەرە ناشرین و لێکچووەکانی شارەکە، ڕێکخراوەکە کاری دروستکردنی پەیکەرەکەی نەدا بەهیچ پەیکەرتاشێکی شارەکەو ئەو کارەی بە پەیکەرتاشێکی ئیتاڵی سپارد، ئەویش هێندە پەیکەرێکی جوانی دروستکرد شارەوانی ناچاربوو سەرەتا هەموو پەیکەرە ناشرینەکانی شارەکە پەردەپۆشبکات و دواتر بەناوی گۆڕینی شوێنیان وای ونکردن کەس نەیزانی چییان لێهات.

بەرپرسی ڕێکخراوە ئینگلیزییەکە لەڕۆژی پەردەلادان لەسەر پەیکەرەکە، گوتی:

(لەڕێی ئەرشیفە کۆنەکانی ئینگیلتەراوە ناوی "شەهرام"مان بەرچاوکەوت و زانیمان بەڕێزی لەسەردەمێکدا باشترین جاسووسی بەریتانیای مەزن بووە لەم شارەدا، بۆ بەرزراگرتنی ناوی ئەو پیاوە، ئەم پەیکەرەمان بۆ دروستکرد تا هەمیشە لەبەرچاوان بێت و هەرگیز لەیاد نەکرێت).



هەر ئەمەش بوو وای لەمامۆستایەکی زۆر بەتەمەنی شارەکە کرد، سەبارەت بەنەبوونی هیچ "شەهرام" ناوێك لەو سەردەمەدا کە بەریتانیا پێویستی بەجاسووس بووە، وتارێکی دوورودرێژ بنووسێت و لەگۆڤاری"ئەفسوون"دا بڵاوی بکاتەوە. ئەو زاتە ئاماژەی بەوە دابوو کە بەدرێژایی مێژووی ئەو شارە تەنیا یەك "شەهرام" ناو هەبووە کەئەویش بە"شەهرام ئەسفەهانی" ناسراوەو خەڵکی ئەسفەهان بووەو لەسەردەمی هەراو زەناکەی"خولە پیزە"دا هاتۆتە نێو شارەوە و وەعزی مامۆستایەکی ئایینیشی بەنموونەی کاروکردەوەی ئەو زاتە هێنابۆوە، نووسیبووی:

(من خۆم لەمزگەوتی گەورەدا گوێبیستی مامۆستا بووم کە چی فەرموو، دواتریش هەروەك کەسێك پێم بڵێ بینووسەرەوە نەبادا ڕۆژێك کارت پێبێت، کەوتمە نووسینەوەی هەموو ئەوەی لەوەعزەکەدا گوێبیستی بووم، بەڵام لەبەر دوورو درێژی وەعزەکە لێرەدا تەنها ئاماژە بەبەشێکی دەدەین:

" بێ ئیمانی و غافڵبوونی گەنجەکانمانە بۆتە مایەی دەرکەوتنی ئەم شەیتانە، هەمووتان دەزانن ئەم پیاوە چ نێربازێکە، ئەگەر کوڕانی شارمان بەزووترین کات ڕێی خواپەرستی نەگرنەوە بەر، واز لەچوونە مەلهاو خواردنەوەو کەیف و سەفا نەهێنن، دەبێت بەتەمای ئەوەش نەبن خوا بەڵایەکی وەك"شەهرامی ئەسفەهانی"یان لێبەدوور بگرێت..دەبێت ئەوە بزانین ئەم پیاوە چ نێربازێکی ترسناکەو دەیەوێت قەومەکەمان بکاتە قەومی لووت. بەئێوە دەڵێم چ کوڕێکی گەنجی ئەم شارە هەیە بوێرێت

تاخوار کۆڵانەکەی خۆشی بڕوات. کامە گەنجە دەتوانێت وەك جاران هەر شوێنێکی شاری بوێت رووی تێبکات. ئەی موسڵمانان ئەو پیاوە ساحیرە، ئەگەر سیحر نەبێت بۆ دەبێت کەس نەتوانێت لەدەستی دەربچێت، هەر ئەوەندەی گەنجێکی بەدیکرد تاوی دەدات، وەك چۆن گورگ بەتێڕوانین نێچیرەکەی دوای خۆی دەخات، ئاوا ئەویش دوای خۆیان دەخات، لەمەش سەیرتر ئەوەیە کەپاش ماوەیەکی دوورودرێژ ئەو کوڕێژگانەی وایان لێکراوە، ئینجا بیریان دەکەوێتەوە، کە"شەهرام" چی لێکردوون. ئەی خەڵکی شار من بەناوی هەمووتانەوە نامەم بۆ جەنابی"خوولە پیزە"ی قارەمان و سوارچاك ناردووە، تاخۆی و دوانزەسوارەکەی بەهانامانەوە بێن و ئەم لەعنەتییە وەك سەگ بکوژن، قەسەم بەخوا مانگێکە نەمهێشتووە کوڕە تاقانەکەم لەماڵ بچێتە دەرەوە، تەنانەت لەم جومعە موبارەکەشدا نەموێرا بۆ نوێژ لەگەڵ خۆم بیهێنم..خوایە بەگەورەیی خۆت رەحمێکمان پێبکە، خوای گەورە مەمانکەرە مەسخەرەی عالەم، بەدەردی قەومی لووتماندا مەبە"...).

پاش کوژرانی هەردوو براکەم بەمەبەستی چارەسەرکردنی ئەو سەرئێشە قورسەی کەتووشی بوو بووم چوومە لای دکتۆرێکی دەروونی، کەچی ئەو هەر لەخۆیەوە کەوتە گێڕانەوەی بەسەرهاتی "شەهرام"و گوتی:

( راستە "شەهرام" بازرگانێکی خەڵکی "ئەسفەهان" بووەو بەرێکەوت رێی کەوتۆتە شارەکەمان و لەبەر هۆیەکی نەزانراو تا ماوەیەك



نەڕۆیشتۆتەوە، بەڵام بەهیچ شێوەیەك نێرباز نەبووە. دەڵێن پاش بینینی فیلمێکی سینەمایی کە هیچ پێوەندییەکی بەنێربازییەوە نەبووە، کەچی هەر دوابەدوای بینینی ئەو فیلمە "شەهرام" ئیدیعای ئەوەی کردووە کە بۆتە نێربازو لەمەولا چ کوڕێکی گەنجی مەبەست بێت، دەتوانێت هیپنۆتیزمەی بکات و دواتر کاری خۆی لەگەڵ بکات، هەر بەبێ ئەوەی ئاگاشی لەخۆی بێت. بەڵام لەڕاستیدا وەك نووسەرێکی ئەو سەردەمە لەیادەوەرییەکانیدا باسی لێوەکردووە، گوایە "شەهرام" هیچ توانایەکی سێکسی نەبووەو بەڵگەشی بۆ ئەوە کتێبی دکتۆرێکی هندیی پسپۆڕە لەنەزۆکیدا کەلەو سەردەمەدا لەنێو شاردا عیادەی هەبووەو پاشان ناوی هەموو نەخۆشەکانی ئەو شارەی لەکتێبەکەیدا بڵاوکردۆتەوە، یەکێکیش لەناوەکان "شەهرام"ە، بەڵام ئەم راستییە لەچاپە نوێیەکانی یادەوەرییەکانی ئەو نووسەرەدا لابراوە و هیچ ئاماژەیەکیش بەوە نەدراوە کەبۆ لابراوە.

هەر ناشچێتە ئەقڵەوە "شەهرام" لەو سەردەمەدا هێندە هۆگری نێربازیی بووبێت، چونکە سەردەمی نێربازی دەکەوێتە ماوەیەکی زەمەنی پێشووترەوەو بەتایبەتیش لەسەردەمی"شێخ رەزا"ی خوالێخۆشبوودا گەیشتۆتە ترۆپك و توانراوە بهێنرێتە نێو دنیای نووسینەوەو فانتازیاو خەیاڵی تێدا بەکاربێت. "شەهرام" لەسەردەمی مێبازی و قەحپەبازیدا هاتۆتە نێو شارەوەو ئەگەر توانای سێکسی هەبووایە ئەوە وەك زۆربەی نێرەکانی ئەو کاتە ئەگەر لەشاریشدا مێینەیەکی دەست نەکەوتایە ئەوە

یان دەچووە سەیری فیلمی رووت و بەتایبەتیش لەو زەمەنەدا لەسینەماکاندا شوێنی تایبەت بەدەستپەڕکردنیش هەبووە، یان هەموو پێنجشەممانێك لەگەڵ گەنجانی شار بەپاسە تەختە خۆڕاییەکان دەچووە ئەو شوێنەی کەبەتایبەت بۆ خۆ بەتاڵکردنەوەی گەنجانی شار دەمێك ساڵ لەوەو پێش لەلایەن ئینگلیزەکانەوە دروستکرابوو، ئاشکراشە هەرچەندە ژمارەی سۆزانییەکانی کەمیش بوون و بەشێوەش زۆر ناشرین بوون، بەڵام فریای هەمووان کەوتوون و کەسیش گلەیی لێیان نەبووە).

* * *



## ( پاش چەند جارێک لەبینینەوەی ژینا )

ئێوارەیەکیان لەگەڵ ژینا چووینە سەیری فیلمێکی سینەمایی، نازانم بەهۆی ساردوسڕی سەرەتای فیلمەکەوە بوو، یان ئەو شەکەتی و ماندووبوونەی لەو کاتەدا هەستم پێدەکرد، هەر لەخۆمەوە نغرۆی خەونێکی قووڵ بووم.

لەخەونمدا کەسێکی زۆر ناسراو و گرنگی شوێنێك بووم، خەڵکێکی زۆر بەتەما بوون یەکە یەکە لەپاڵمدا رابوەستن و وێنەبگرن. وێنەگرەکە کامێرایەکی مۆدێل کۆنی لەسەر ستاندێك راگیرکردبوو، کاتێك بەتەنیا وێنەی دەگرتم هیچ گرفتێك نەبوو، بەڵام کاتێك هەر یەکێك لەئامادەبووان لەپاڵمدا رابوەستایە تا وێنە بگرین، مووی ریش و سمێڵم بەشێوەیەکی پێکەنیناوی هەڵدەگەڕایەوەو شێوەو رووکاری بەچەشنێك دەگۆڕیم ئەگەر دواتر ئەو کەسە ئەو وێنەیەی پیشانی کەسێك بدایەو بیگوتایە لەگەڵ فلانە کەسی ناسراو گرتوومە ئەوە بێگومان باوەڕی نەدەکرد، چونکە بەهەڵگەڕانەوەی مووەکانی ریش و سمێڵم شێوەم بەچەشنێك دەگۆڕا کەهیچ لەمن نەدەچوو. پاش ئەوەی چەند کەسێك ریش و سمێڵمیان بەجۆرە کرێمێك خاوکردەوەو بەشانەیەك باش باش دایانهێنا، ئیدی هیچ عەیبی نەبوو رێك و پێك رادەوەستا، بەڵام کاتێك بەنیازی وێنەگرتن کەسێك لەپاڵمدا رادەوەستا هەر وەك جاران هەڵدەگەڕایەوە. ئاگام لێبوو خەڵکەکە خەریك دەبوو بەتەواوی بێزاربن، چونکە دەمێك بوو بەنیازی گرتنی تەنها وێنەیەك

چاوەڕێ بوون. دواجار چارەیەکم دۆزییەوە ئەویش تاشینی مووی ریش و سمێڵم بوو، نازانم چۆن بەپەلە بەلەتە گوێزانێك ریش و سمێڵم تاشی و دڵنیاش نیم ئەو لەتە گوێزانەم لەکوێوە چنگ کەوت. هەر پاش ئەوە وێنەگرەکە بەخۆی و کامێراکەیەوە لەوێ نەما و هێندەشی نەبرد کەسی لێنەما. پارچە ئاوێنەیەکی سەر عەردەکەم هەڵگرتەوە، دەتگوت یەکێکیان لێی بەربۆتەوە یان بەئەنقەست بۆیان جێهێشتووم. کە لەخۆم روانی لاشەیەکی بێسەرم بینی، پێدەچوو کەسێك زۆر شارەزایانە سەرمی لەلاشەم جیاکردبێتەوە، یان ئاوێنەکە لەو جۆرە ئاوێنانە بێت کە سەری هیچ کەسێك پیشان نادات، بەڵام کاتێکم زانی وێنەگرەکە لەدوورەوە سەری خۆمی پیشاندام، بەهەردوو دەستی بەرزی کردبۆوەو لەوەدا بوو بیدا بەعەردا کەبەئاگاهاتمەوە.

هەر لەو کاتەدا ژینا گوتی:

( فیلمەکە تەواو بوو بابڕۆین).

هۆڵی سینەماکە هێندە لەو ژوورەوە دوور نەبوو کەجاری پێشووتر بەبێ ئەوەی کە مەبەستمان بێت بۆی چوو بووین، بەڵام پێموابوو لەو کاتەدا ماوەی نێوانیان زۆر لەوە دوورتر بێت لەوەی کە جاری پێشووتر هەستم پێکردبوو. دەستێکم بۆ سەرمبرد لەشوێن خۆیدا بوو، هێشتاکە کاریگەری ترسناکیی خەونەکەم پێوە دیار بوو، هێواشتر لەهەموو کاتێك رێمدەکرد، نازانم چەندی خایاند بەڵام دواجار گەیشتینە نێو ژوورەکەو یەکسەر روانیمە ئاوێنەی پشت دەرکەکە، سەیرم کرد بەڕاستی ریش و سمێڵم تاشراوە، بەژینا-م گوت:



( باشە کەی ریش و سمێڵم تاشی!؟).

گوتی:

( نازانم پێشتر هیچ سەرنجم نەدابوو پێموایە تۆ هەر لەسەرەتای یەکترناسینمانەوە ریش و سمێڵت نەبوو بێت!).

لەسەر یەکێك لەکورسییەکان دانیشتم و بەبێدەنگی کەوتمە سەیرکردنی چاوە سەوزەکانی، پرچە زەردەکانی، لێوەپڕەکانی، دەست و پەنجە باریکەکانی، مەمکە سەرگۆ پەمەییە بچکۆلانەکانی، کەمەری باریکی، پووزو ران و تووکەبەری کەلەو کاتەدا بەپەنجە یاری پێدەکرد، گوتم:

( - کەی خۆت رووت کردەوە؟!

- دەزانیت ئەمڕۆ تۆ زۆر سەیری، ئەی ئێستا بەبەرچاوی تۆوە خۆم رووت نەکردەوە، ئاخر ئەگەر نەخەوتیتایەو سەیری فیلمەکەت بکردایە ئاوات لێنەدەهات، نازانم پەشۆکاویت دەڵێی دوای ئەو خەونە شتێك شتەکانت لەبیردەباتەوە، دەزانیت فیلمەکە زۆر خۆشبوو بابۆت بگێڕمەوە.

- بەڵام رەنگە چێژی وەك ئەوە نەبێت کەخۆم بینیبام.

- بەڵام پێموایە بتوانم ئەو فیلمە زۆر بەچێژەوە بگێڕمەوە، رەنگە پێشم خۆشبێت کەتۆ لەکاتی فیلمەکەدا خەوتبێتی، ئەگینا نەمدەزانی بۆ کێی بگێڕمەوە، کەمجار هەیە ئاوا حەزم بەگێڕانەوەی شتێك بێت، ئەو ژیانەی کەپێشتر تێیدا دەژیام وای لێدەکردم کەنەتوانم هیچ بگێڕمەوە، هەموو ئەوانەی دەیانبردم کارێکیان بەدنیای ناوەوەی من نەبوو، نازانم تۆ لەکوێوە هاتی تا من لەو بێدەنگییە هەمیشەییە رزگار بکەیت. ئەوانەی

کەدەیانبردم تەنها دەنگێك کەدەیانویست لەمنی ببیستن، ئاخوئۆفی ئالۆشاویانەم بوو، دەنگم بەشێك بوو لەو چێژەی کە لەمنیان دەبینی، تەنانەت گرنگترین بەشیشی بوو، گرنگ نەبوو بەلایانەوە ئەو دەنگە لەقوولایی ناخمەوە نەیەتە دەر، گرنگ ئەوە بوو بەڕاستی تەمسیلی ئەو چێژە بکەم کە لەوانی دەبینم، ئەویش بەدووبارەکردنەوەی چەندین شێوە دەنگی ریتم جیاجیای سەیروسەمەرەی ئالۆشاویی و ئاگراویی، ئەو پیرەژنەی دوکانی گولفرۆشتنەکە منی بەزۆر ناردە کۆرسێکی تایبەت بەفێربوونی ئەو جۆرە دەنگانە و بۆخۆشی لەگەلم هات و بەمامۆستای کۆرسەکەی گوت:

( کاری تۆ فێرکردنی ئەم کچەیە، ئیشەکە باش دەزانێت و عەیبی نییە، بەلام چونکە لەو شارەوە هاتووە کە هێشتاکە زۆربەی خەلکەکەی لەکاتی سێکسدا بێدەنگەو ئەمیش یەکێکە لەو بێدەنگانەی کەپێویستە زوبانی سێکسی پێبەخشیت، بیبەیتە نێو دنیا سیحراوییەکەی دەنگ و ریتم و ئاوازەکانی جووتبوون و تەکاندان و تەپاوتل و شێتیی ئەو ساتەوەختە، دەبێت بیکەیتە باشترین سۆزانی لەڕووی دەنگەوە، دەبێت خۆت لەگەلی خەریك بیت و بیخەیتە گریان و فێری پاڕانەوەو گریانی سێکسیی بکەیت).

ئەمجارە من چووبوومە دۆخی وەستانەوەو ئەو دەبزووا و دەخرۆشا و شێوەی بەدەیان چەشن دەگۆڕا و جار جارەش بەشێوەیەکی هیستریانە دەستی دەبزواندو بەتیلەی چاو تێی دەڕوانیم، تا بزانێت ئاساییە بەو شێوەیە



بەردەوام بێت، کەسەیری کرد لەدۆخی وەستاندام و هیچ ئیرادەیەکم نییە جگە لەگوێگرتن، درێژەی دایەو گوتی:

(دەزانی فیلمەکە بەسەرهاتی سێکس کردنی بێدەنگانەی کوڕو کچێك بوو، زۆر بەهێواشی و لەسەرەخۆ بەچەشنی سەردەمی رۆمانسیەت و خۆشەویستی. ئەو کارەیان لەدارستانێکی بنەوشەییدا دەکرد لەکاتێکدا بالندەکان زۆر بەسەرساممییەوە تێیان دەڕوانین. گەرچی پاییز بوو بەلام گەلای درەختەکان نەدەوەرین، باجوولەی لەخۆی بڕیبوو، مێرووەکانیش نەدەبزوان، هەموو شتێك راوەستابوو، تەنانەت زەمەنیش چونکە هەر لەسەرەتای رابواردنیانەوە لەدارستانەکەدا خۆر لەهەمان شوێنی مابەینی درەختەکانەوە تیشکەکانی خۆی بەسەردا پەخش دەکردن. ئەو کوڕو کچە پەلەیان نەبوو، زۆر بەئاستەم هەستت بەجوولەیان دەکرد، دەنگ لەو کردەیەی ئەواندا بوونی نەبوو، چێژیان لەنێو خۆیاندا جێدەکردەوە، ئەو کەشەی کەسازاندبوویان هیپنۆتیزمەی کردبووم و گەیشتمە ئەو راستیەی کە ئەوە ئەو سێکسە راستەقینەیەیە کە تائێستا نەمکردووە. لەپڕ بایەکی توند هەلیکردو گەلاو پووش و پەلاش و چیلکەداری ژێر درەختەکانی پێش خۆیدا، بالندەکان کەوتنە جوولە، خۆر لەشوێنەکەی خۆیدا نەما، زەمەن زۆر بەخێرایی چووە پێش و شەو داهات، ئەو دەم مانگ لەهەمان شوێنی پێشووی خۆرەکەوە هەردوو جەستەکەی رووناك کردەوە، هەرچەندە هەر دوو جەستەکە لەدۆخی پێشوویاندا بوون، بەلام ئەمجارە بەئاستەمیش نەدەجوولان. لەو کاتەدا دەنگی کونەپەپوویەکی سەر یەکێك لەدرەختەکان ئیقاعێکی خاوکەرەوەو ترسناکی هەبوو، ئەمە جگە لەوەی چەشنێك

لەئێش و ئازارو گریانی تێدابوو، لەلاوانەوەی مردوو دەچوو، پاش کەمێك مانگیش لەشوێن خۆیدا نەماو لەتاریکیدا هیچ دیار نەما. دەزانی من پێموایە ئەو کوڕو کچە بەچەشنێکی زۆر شێتانە سەوداسەری یەکدی بووبێتن و بڕیاریاندابێت، تا دوا هەناسە سێکس بکەن و لەقووڵایی چێژەکانیاندا بمرن. وادێتە پێشچاوم پێشتر هەموو یادەوەرییەکانی خۆیانیان بۆ یەکتر گێڕابێتەوە، زۆر حەز دەکەم منیش لەساتێکی ئاوادا بمرم، بەڵام بەو پێیەی ماوەیەکە هەستدەکەم ڕەنگە مردبێتم، پێموایە ئاستەمە چانسێکی ئاوام هەبێت. مردن لە ساتەوەختێکی ئاوادا مانەوەی ڕەهای ساتەوەختی چێژبینینەو مەحاڵیشە هەست بەئێش و ئازارەکانی ڕۆح کێشان بکەیت، چونکە ڕۆح لەنێو ئەو ساتەدا دەمێنێتەوەو ئاستەمە کەس بتوانێت بۆ شوێنێکی تری بەرێت. ئەو چەشنە مەرگە وەك چێژبینینی هەندێك زاتە لەخۆ گەیاندنە خاچ، تا بەچێژبینینەوە بمرن و هەردەم ڕۆحیان لەو شوێنەدا ئامادەبێت، هەڵهاتن لەمەرگی ئاسایی کارێکە کەسە ئاساییەکان پێیان ناکرێت. من لەدوای بینینی ئەو فیلمەوە مێینەکەی پێشووتر نیم، نامەوێت لەژێر ئەوانەدا پیر ببم کەتەنها لەشمیان دەوێت، من لەم ساتەوە بۆ تۆ دەبم، تۆیەك کەتا ئێستا دەستت بۆ نەبردووم، تۆ لەهەموو پیاوەکانی دنیا جیاوازتریت، تۆ پیاوێکی لەدنیا دابڕاو بەشێوەیەك لەشێوەکان مردوویت، وەك من. بەڵام لەم ساتەوە دەبێت بەشوێن دارستانێکدا بگەڕێین، بۆئەوەی یادەوەرییەکانی خۆمانی تێدا بگێڕینەوەو دواجاریش وەك کوڕو کچی فیلمەکە بمرین).

* * *



## ( سێیەمین گێڕانەوەی فەرهاد تانجووریی دووەم)

ئەو شارە بێناوە لەسەردەمی "شێخی سپی"یەوە ناونرا شاری"شێخی سپی". هەرچەندە خەڵکە بنەڕەتییەکەی شار تا ئەو دەمەش پاسیف بوون و هیچ دەنگ و سەدایەکیان نەبووە بەرامبەر بەوەی ڕوودەدات، بەداگیرکردنی شارەکەشیانەوە، "مێجەرسۆن" یش ئەم ڕاستییەی زانیوەو چەندینجار لە ڕاپۆرتەکانیدا بۆ سەروو خۆی ئاماژەی پێداوە. بەڵام بۆخۆشی سەرسامدەبێت کاتێك لەسەروو خۆیەوە نامەیەکی پێدەگات و تێیدا پێی دەڵێن:

(شوورەییە بۆ سوپای ئینگلیز شارێکی وا داگیربکات و پێویستە بارودۆخەکە شلۆقبکەیت و هەرچۆنێك بێت گۆمەکە بشڵەقێنیت و بۆ ئەمەش پەیوەندی بەسەرەك عەشرەتێکی شەڕکەری دەرەوەی شارەوە بکەو باخۆی و شەڕکەرەکانی بێنە نێو شارو ئامادەی بەرگری بن لەشارو بەگژماندا بچنەوە، داگیرکردنی شارێکی بێدەنگ هیچ ئیزافەیەك ناخاتە سەر سەرکەوتنە بەردەوامەکانی سوپا مەزنەکەمان، ئەوەی کە ئێمە دەیکەین جەنگە، جەنگیش پێویستی بە دوژمنە، پێویستی بە خەڵکێکە ڕووبەڕوومان ببنەوە، پێویستی بە گۆڕەپانی جەنگە تابتوانین چەکە نوێیەکانی خۆمانی تێدا تاقی بکەینەوە، بەبێ دژایەتی و بەرامبەرکێی ژێردەستەکانمان ئێمەی مەزن دەپووکێینەوە. حەز دەکەم هندستانت بەنموونە بۆ بهێنمەوە، پاش ئەوەی بێ کێشە داگیرمانکرد و زۆر بەسانایی

حوکمان دەکرد، هەر ئەفسەرێکی ئینگلیز بووە دامەزرێنەری یەکەمین کۆمەڵەی نیشتمانیی هندستانی، هەر ئێمەش بووین بۆ رك هەڵسانی خەڵکی هندستان رۆنی بەرازمان بۆ چەورکردنی چەکەکانمان بەکارهێنا، لەبیرت نەچێت ئەوان کەبەهیچ نەدەورووژان، رۆنی بەراز ورووژاندنی. دواتریش هەر ئێمە بووین قووڵترین تۆوی ناکۆکیمان لەنێوان خەڵکەکەیدا چاند، لەبیرت نەچێت ئێمەین ئەم شارە دەکەینە ناو و دەیهێنینە نێو مێژووی خۆمانەوە هەروەك چۆن ئێمەش دەچینە نێو مێژووی ئەوانەوە).

"مێجەرسۆن" باش دەیزانی خەڵکە بنەڕەتییەکەی شارەکە دەمێك ساڵە خەنجەرەکانیان لەنێو گۆڕێکدا لەگەڵ لاشەی کوژراوێکدا نێژراوەو سەرەتا بیری لەوەکردەوە گۆڕەکە هەڵبداتەوەو خەنجەرەکان دەربهێنێتەوە، بە هیوای ورووژاندنی خەڵکە بنەڕەتییەکەی شار تا ئەوان وەك داینەمۆی دژایەتی و بەگژداچوونی سوپای ئینگلیز بخاتەگەڕ، بەڵام لەبەر هۆیەکی نەزانراو هەر زوو لەو رایەی پەشیمان بۆوەو توانی لەڕێی "حاجی مەلا رەسوڵ"ەوە بچێتە لای شێخی سپی و هێدی هێدی سیناریۆکەی خۆی بۆ باسبکات و لە روانگەی تێڕوانینی "شێخی سپی"یەوە قسەکانی بهۆنێتەوە، هەر بۆ نموونە چەندینجار ئاماژەی بەوەدا پێویستە خەڵکی ئەو شارە بێناوە بکرێنە خەڵکی ئیماندار و باوەڕقایم بە مەزهەب و تەریقەتەکەی ئەو و دوورخرێنەوە لەخورافاتی بەپیرۆز زانینی گۆڕو مەزارو ئەفسانەو شتی پڕوپووچ و دواتر "مێجەرسۆن" چووە سەر ئەسڵی مەتڵەب و باسی ئەوەی بۆکرد کەپیاوێکی وەك ئەو گەورە پێویستە شوێنێك



بەناوییەوە ناو بنرێت و بۆ هەتا هەتایە لەمیانی ناوییەوە بەنەمری بمێنێتەوە، کاتێك شێخ پرسی:

(مەبەستت چییە؟!)

لەوەڵامدا مێجەرسۆن دەڵێت:

(خۆتان دەزانن ئێمە بەهەر شێوەیەك بێت شارە بێناوەکە هەر داگیر دەکەین، بەڵام پێمان خۆشترە بڵێین جەنگاوەرێکی زۆر چاونەترس و قارەمانی کەنار شارەکە گەرچی شارەکە هی ئەویش نەبووە، کەچی بەتەنگ هاواری موستەسعەفین و زریکەی کچان و ژنانی کەسوکار کوژراو و هەموو ئەو کەسانەوە چوو کەهانایان بۆ هێنابوو. ئێمە دەتکەینە ئەفسانەو بەو شەڕانەی لەگەڵمان دەیکەیت، ناو بۆ شارێکی بێناو تۆمار دەکەیت و ناوی خۆتی پێدەبەخشیت، بەئارەزووی خۆت باج و سەرانەیان لێدەستێنیت، سەربەستی بەهەر عەردێکی جوانی ئەو شارەو دەوروبەرەکەیدا گوزەرتکردو دڵتگرتی هەر یەکسەر بەنەخوێنەکەت بیکەیتەوەو بەمیزکردنێك لەو شوێنەدا، بیکەیتە هی خۆت. بیر لە نەوەکانی خۆت بکەرەوە، بێجگە لەماڵ و موڵك چ ناوێکیان، چ شارێکیان بۆ جێدەهێڵیت، بەڵام نابێت ئەوە لەیاد بکەیت ئەوەی ئێمە دەیکەین گەر بەڕاستیش ژمارەیەکی زۆر لەهەردوو لامان بکوژرێت، بەڵام لە راستیدا تەنیا گەمەیەکە کە تەنیا خۆم و خۆت دەیزانین و سیناریۆی ئەوەی کە رووشدەدات پێشوەخت دانراوە، بۆنموونە بۆ ئەوەی بتکەینە ئەفسانە، حیکایەتی ئازایەتی تۆ بڵاودەکەینەوە، رۆژنامەنووست بۆ دەنێرین و پێیان دەڵێین چ پرسیارێکت لێبکەن و لەهەمانکاتیشدا بە ئێوەش دەڵێین چۆن

وەڵام بدەنەوە. وێنەت لە رۆژنامەکانی جیهاندا بڵاودەکەینەوە، وا لەهەموو دنیا دەکەین باست بکەن، وەك ئەو کەسەی کە دەبێتە ناوێك بۆ شارێکی بێناو. ئەمە جگە لەوەی هەر ناوی ئێوەشە ناوی شوومی "ئیبلاس"ێکی وەك "شەهرام" بۆ هەتا هەتایە دەسڕێتەوەو تا ئەو شوێنەی سیناریۆ پێشوەخت ئامادەکراوەکەمان بڕ بکات بەردەوام دەبین).

"شێخی سپی" خۆی و پیاوەکانی دەچنە نێو شارو شێخ بڕیاری تێکدانی هەموو شوێن و شتێکی سێگۆشەیی نێو شارەکە دەدات، هەڵگرتنی هەموو جۆرە دوعاو نوشتەیەکی شێوە سێگۆشە قەدەغە دەکات و لەسەر سەرپێچییش یەك دوانێك بۆ چاوترساندنی خەڵکەکە گوللەباران دەکات. دواتر لە وتارێکیدا لەبەردەم حەشامەتێکی گەورەی خەڵکی شارەکەدا کە زۆربەی بەشەق هێنراونەتە ئەوێ و دەبێت گوێبگرن.
"شێخی سپی" بە دەنگێکی دلێر و چاونەترسانە دەڵێت:

(من ئەم شاری شەیتانەی ئێوە دەکەمە شارو لەمڕۆوە ناوی خۆمی لێدەنێم، لەمڕۆوە هەموو کەسە بێدەنگ و داماوەکانتان فێری قسە دەکەم، بەسەرچوو سەردەمی بێدەنگی و خۆبەدەستەوەدان، ئەمڕۆ سەردەمی ئەفسانەی خەنجەرەکان و ئەو زاتە نییە گوایە نەفرەتی لەهەر کەسێك کردووە کەدەست دەداتە خەنجەر، ئەمڕۆ سەردەمی تفەنگە سەردەمی تۆپ و فڕۆکە و چەکی قورسە، هەر لەم ساتەوە بێ جیاوازی کێ تفەنگی پێهەڵگیرێت لەگەڵم دێت، بۆ بەرگری لەشارو شەرەف و نامووسی مێینەکانی ئەوەندەی کەمابێت. ئیدی ئێوەن دەبنە ئەو هێزەی داکۆکی لە خۆتان دەکەن، ئێوەن لەگەڵم دێن بۆ بیابان و بەتفەنگەکانتانەوە چاوەڕێی



هاتنی سوپای ئینگلیزی داگیرکەر دەکەن، ئێوەن بە کوژرانتان دەگەنە مەرتەبەی شوهەدا و بەفیردەوسی ئەزەلی و ئەبەدی شاد دەبن، نابێت هیچ سەرسامبن بەوەی کەمن لە هیچ جەنگێکدا ناکوژرێم، رەنگە بەدیل بگیرێم و لەوانەشە نەفی وڵاتێکی زۆر دوور بکرێم، بەڵام هەر دێمەوە. لەگەڵ هەر دابڕانێکم ئێوە بەهێزتر دەبن، تۆکمەتر بەگژ داگیرکەرانی شارەکەتاندا دەچنەوە، لەمڕۆوە بیرکردنەوە سێگۆشەییەکانی ئێوە دەسڕمەوەو بیرێکی بێگۆشەو رەهاتان پێدەبەخشم، با لەمڕۆوە خەڵکە بنەڕەتییەکەی شارەکەش وەك زۆربەی ئەو خەڵکەی لەشوێنانی دیکەوە روویکردۆتە شار رووبکاتە ئەو خوایەی کە ئێمە باوەڕمان پێیەتی، ئەو خوایەی پیرۆزی سێگۆشەکان هەڵدەوەشێنێتەوە، ئەو خوایەی حەرامی کردووە هیچ شتێك لەگەڵ مردووەکانمان بنێژین چ جای خەنجەر، چۆن عومەر ئەو دارەی بڕیەوە کە موسڵمانان پێیان پیرۆز بوو، ئاوا منیش هەموو شتێك لەناو دەبەم ئێوە بەپیرۆزی بزانن).

* * *

## (لەگەڵ ژینا)

ڕۆژێکیان لەگەڵ ژینا لەشەقامی "مسیۆ دۆبرێ" پیاسەمان دەکردو پێموابوو لەو کاتەدا هەردووکمان لەچۆڵیی شەقامەکە وردبینەوەو بڕوانینە پەیکەری دوو ئاسکی ڕەنگ پەمەیی کە دەکەوتە بەشی سەرەوەی شەقامەکە. لەو کاتەدا پەیکەری ئەو دوو ئاسکە، دوو پەیکەری هاوشێوەی ئەوانی بیرخستمەوە کە لەسەر فولکەیەکی گەڕەکێکی کۆنی شارەکەی پێشوومدا دانرابوو، لە ڕۆژگارێکی تەمومژاویدا و لەشەوێکدا ئەو دوو ئاسکە دیار نەمان، دواتر لەشوێنیدا یەك پەیکەری سەرەکی پیاوێکی ردێن سپی پیرو بەدەوریشیەوە چەند پەیکەرێکی گچکە بەراز دانران و لەژێریشیدا نووسرا:

{شێخی سەنعان ئەو پیاوە باوەڕدارەیە کەلەپێناو کچێکی فەلەدا نەك لەئایینی خۆی هەڵگەڕایەوە بەڵکو ئامادەشبوو ببێتە شوانی بەراز، لەبەر گەورەیی داستانی خۆشەویستی ئەو پیرە پیاوەی کەخۆشەویستی خستە سەروو هەموو شتێك و لەسەر داوای "کلێسەی کورد زمان" ئەم پەیکەرەمان بۆ ئەو پیاوەو بەرازەکانی کرد، بەهیوای ئەوەی لەمەودوا هەموو کەس ئامادە بێت وەك ئەو بێت}.

ئەوەی کەڕوویدا ئاسایی بوو تا ئەو دەمەی شارەوانی ناوی شەقام و گەڕەکەکەی دەوروبەری پەیکەرەکەی گۆڕی و ناوی نا" کانی بەرازان". لەوەو دوا شتی زۆر نائاسایی ڕوویدا وەك دووبارەبوونەوەی چەند



بوومەلەرزەیەکی کورت خایەن و دواتر لافاوێکی بێوێنە کەبەدرێژایی مێژوو، شارەکە لافاوی وای بەخۆیەوە نەبینیبوو، گەرچی هەبوون دەیانگوت ئەمانە هیچ پێوەندییەکی بەلابردنی پەیکەری دوو ئاسکەکەو دانانی پەیکەری شێخی سەنعان و بەرازەکانییەوە نییە، بەڵام ئەوانیش نەیاندەتوانی وەڵامی ئەو پرسیارە بدەنەوە کەئایا بۆچی پاش لابردنی پەیکەری دوو ئاسکەکە ڕووکاری خەڵکی گەڕەکەکە گۆڕان، بەچەشنێك کەدەتگوت دووچاری نەخۆشییەکی کوشندەبوون، بەتایبەتیش کچانی گەڕەکەکە کە لەجوانیدا بەنامێ بوون، هێندەی نەبرد هەموو ئەو جوانییەی کە هەیانبوو ڕەوییەوەو هەندێکیشیان تووشی نەخۆشی دەروونی بوون.

هەبوون پێیان وابوو پێش دروستکردنی پەیکەری ئەو دوو ئاسکەی کە لابران لە ڕۆژگارێکی زۆر لەمەوپێشدا دوو ئاسکی بەردین لەهەمان شوێندا هەبووەو نازانرێت چی لێهاتووە. کتێبێکی دەمێك ساڵ لەمەوپێش نووسراو بەشێوەزاری هەورامانی ئاماژەی بەوە دابوو لەسەردەمێکدا کە"پیر مەنسوور" خۆی و موریدەکانی لەشوێنێکی دوورەوە بەمەبەستی بڵاوکردنەوەی یەزدانییەت دێنە نێو شارەوەو پاش ماوەیەك لەوە حاڵیدەبن زۆربەی خەڵکەکەی هیچیان پێ گرنگ نییەو هێشتاکە قەناعەتی تەواویان بە پیرۆزی سێگۆشەیەو ئاستەمە ئەو تەسەوورەشیان بەئاسانی بگۆڕێت، "پیرمەنسوور" بڕیاری دروستکردنی گەڕەکێکی تایبەت بەخۆی و موریدەکانی دەداو ناوی دەنێت گەڕەکی"مەلەکا" و لەگەڵ دانانی هەر

بەردو دارێکی گەڕەکەیدا بەخەیاڵ بەهەشت دروستدەکات، هەر لەسەرەتاوە دەڵێت:

(ئەم شوێنە گەرچی بۆ ئێمەی یەزدانی شوێنێکی واقیعیی و بینراوە، بەڵام بۆ هەر کەسێکی جگە لە ئێمە تەنها شوێنێکی گریمانکراوە، یان لەباشترین حاڵەتیدا وێڵگەیە، بەشێوەیەکی سەرەکیش شوێنێکی نەبینراوە، تەنها کاتێك دەبێتە بینراو کە یەکێك لە ئێمە سنووری ئەو پەرژینە تێپەڕبکات کەدەوری گەڕەکەکەی پێدەتەنم، بەڵام پێموانییە کەس سەرپێچی ئیرادەی من بکات لەمانەوە لەشوێنێکدا کە کەس نایدۆزێتەوە، ئاگاداری ئاسکەکانیش بن مەبادا کارێکی وابکەن).

"پیر مەنسوور" لەگەڵ موریدەکانی و ئەو مێینە یەزدانیانەی کە بەدرێژایی ساڵانێك وەدووی کەوتوون، هەوڵی دروستکردنی وەچەیەکی نوێ لەتوخمی بەشەر دەدەن، وەچەیەکی نوورانی و رۆحپاك، وەچەیەکی خەیاڵ فراوان و جوانیی دۆست، وەچەیەك کە شەیتان زەفەری پێنەبات و هەردەم تێڕامانەکانی خۆی بکاتە سەرچاوەی بزواندنی خەیاڵ و ئەندێشەکردنێکی بێکۆتا بۆ هەموو ئەوەی کەهەیە، وەچەیەك کەبتوانێت لەزمانی ئاژەڵان و باڵندەکان و مێرووەکان بگات و بتوانێت زەینیان بخوێنێتەوەو لێیان حاڵی ببێت.

دوای ئەوەی "پیرمەنسوور"و موریدانی بۆ ساڵانێکی دوورو درێژ بێ هیچ گرفتێك لە نێو گەڕەکە نەبینراوەکەیاندا دەژین، لەبەر هۆیەکی نەزانراو بەرەبەیانێك دوو ئاسکی نێو باخەکەی میر هەڵدێن و پەرژینەکان تێپەڕدەکەن و بەمەش گەڕەکەکە تەلیسمی نەبینراویی خۆی لەدەست



دەدات و کاتێك "پیرمەنسوور" پێدەزانێت کار لەکار ترازاوە، لەو کاتەدا هەرچەندە تووڕە نابێت بەڵام دەڵێت:

(ئەی رۆحی رەها، سەبەبکار بکەرە بەرد).

لەو کاتەدا کە دوو ئاسکەکە تێر ئاودەبن لەیەکێك لەکانییە نزیکەکان لە شوێنی پێشوویانەوەو هەرئەوەندەی شتێك دوور دەکەونەوەو بەگچکە تەپۆڵکەیەکدا هەڵدەزنێن دەبنە بەرد.

هێندەی نەبرد رێکخراوی"ئەبوعولەیلە"ی توندڕەو پەیکەری "شێخی سەنعان"و بەرازەکانی تەقاندەوە، کەچی پاش ئەوەش گەڕەکەکە، ناوە نوێیەکەی بەسەردا سەپاو ناوە کۆنەکەی زۆر لەوە خێراتر کە چاوەڕێ دەکرا لەبیرچۆوە. رۆژ بە رۆژ خەڵکەکەی زیاتر رووکاریان ناشینتر دەبوو هەر بۆیە وەك رێگەچارەیەك زۆرێك لەخەڵکەکەی خانووەکانی خۆیان فرۆشت و روویانکردە شوێن و گەڕەکەکانی تر. گەڕەکەکە ئەوەندە خەڵکە بنەڕەتییەکەی خۆی تێدا نەمابوو کاتێك پزیشکێکی نەخۆشی پێست، دزێو بوونی رووکاری خەڵکەکەی پەیوەست کرد بەپیسبوونی ئاوی ئەو کانییەی کە تا ئەو دەمەش سەرجەم خەڵکەکە بۆ خواردنەوە بەکاریان دەهێنا.

❊ ❊ ❊

## (پێنجەمین گێڕانەوەی ژینا)

"شەهرام" ناوی ئەو کوڕە بوو کەهەر لەو کاتەوە لەبەشی شانۆی هونەرەجوانەکان خوێندکار بووم خۆشمویستبوو، ئەو لەبەشی پەیکەرسازی بوو، ئەوەی کە سەرەتا وای لێکردم لێی نزیك ببمەوەو بیناسم ناوەکەی بوو، ئەو ناوەی کە لەلایەن موریدەکانی "شێخی سپی"یەوە ناوێکی نەفرەتی بوو، ئەوان پێیان وابوو لەسەردەمی "شێخی سپی"دا کەسێك هەبووە بەناوی"شەهرام"و پاش ئەوەی بۆتە چەکداری شێخ و زۆر ئازایانە لەهەموو شەڕەکانی شێخ-دا بەشداریکردووەو بۆتە شوێنی متمانەو باوەڕی شێخ، لە پێناو مشتێ زێڕدا کە ئینگلیزەکان پێیان داوە شێخ-ی فریوداوە. بەسەرهاتەکە لەحەزی شێخ بۆ کتێب کۆکردنەوەوە دەست پێدەکات، کە شێخ سالأنێکی دوورو درێژی تەمەنی لەکۆکردنەوەیدا سەرفکردووە، جارێکیان کتێبێکی سانسکریتی بەپارەیەکی خەیاڵی گەیشتۆتە دەست شێخ و ئەویش کاتێك گەڕاوە بەشوێن وەرگێڕێکی شارەزای ئەو زمانەدا تا بۆی وەربگێڕێت، "شەهرام" خۆی بردۆتە پێش و گوتویەتی:

(قوربان رەنگە نەزانن من لەمنداڵیمەوە لەسەر دەستی پیاوێکی هندی لە تانجوور فێری زمانی سانسکریتی بووم و باش دەیزانم، ئەگەر مەبەستیش بێت زمانزانێکی تری ئەو زمانە بیکات، ئەوە دۆزینەوەی کەسێکی لەو چەشنە لەئێستادا خەیاڵ و ئاستەمە!؟).



هەر یەکسەر کتێبەکە دەدرێتە دەست "شەهرام" و ئەویش لەماوەیەکی زۆر کەمدا وەرگێڕانەکەی تەواو دەکات و لەدەفتەرێکی لاپەڕەزەردی بەرگ ئەستووردا دەینووسێتەوەو دواتر دەیهێنێت و دەیداتە دەست شێخ و ئەویش بەخوێندنەوەی زۆر سەرسام دەبێت، دەبینێت پێشبینی هەموو رووداوە مێژووییە گەورەکانی دنیا بۆ ماوەی چەند سەدەیەك کراوەو سەرباری کۆنی مێژووی نووسینی کتێبەکە، بەڵام هەموو ئەوەی کە پێشبینی کراوە وەك خۆی روویداوە. لەهەمووشی سەیرتر باس و خواسی هەموو ئەوەی تێدا بووە کەهێشتاکە شێخ بەسەریدا نەهاتووەو پێشتر"مێجەرسۆن" وەك سیناریۆیەك بۆی باسکردووە بەمە شێخ لەچارەنووسی خۆی دڵنیا دەبێت و دەزانێت ناتوانێت لەو قەدەرە هەڵبێت کەبۆی دانراوە. کاتێك موریدەکانی شێخ هەست بەسەرسامبوون و نیگەرانی دەکەن پاش خوێندنەوەی کتێبەکە، یەکێکیان دەڵێت:

(قوربان خێرە هەرگیز ئێوەمان بەو شێوەیە نەبینیوە، ئەو کتێبە هیچ شتێکی تێدا بوو جەنابتانی نارەحەت کردبێت!؟).

بە تووڕەبوونێکی بێوێنەوە دەڵێت:

(من وامزانی دەتوانم ئینگلیزەکان هەڵبخەڵێتنم و لەساتەوەختێکدا هەموو ئەو سیناریۆیەی ئەوان بۆ منیان داناوە سەرو ژێری بکەم، بەڵام پێش ئەوەی ئەوان ئەو سیناریۆیەم بۆ دابنێن لەقەدەردا نووسراوەو ئەم کتێبە سانسکریتییە سەدان ساڵ لەمەوپێش پێشبینی ئەوەی کردووە کە بەسەرمدا دێت. حەز دەکەم ئێوەش بزانن چیم لێ بەسەردێت، من لەشەرێکدا ئەو دەمەی لەپاڵ تاشە بەردێکدا خۆم حەشارداوە

دەستگیردەکرێم، دواتر دەنێردرێمە شوێنێك بەناوی دورگەی تیمساح و نارەزایەتی ئێوەش ئینگلیز ناچار دەكات بمهێنێتەوەو بۆ ماوەی بیست و چوار سەعات بمکاتە مەلیکی ئەم شارە، خۆی راستیەکەشی ئەوەیە خۆمم خۆم دەکەمە مەلیك و پاش ئەوەش جارێکی تر هەڵدێم و ئیدی پاش سالآنێك لە نەخۆشخانەیەکداو لەسەر سیسەمێکی ساردوسڕی شارێکی تر دەمرم و تەرمەکەم دەهێنرێتەوە شارو یەکێکتان لەداخدا بەرزو نزم تەقەدەکات و فیشەکێك بەر تابووتەکەم دەکەوێت و دواتر بەر جەستەم دەکەوێت، من لەو کاتەدا هەرچەندە مردووشم بەڵام زامدار دەبم و خوێنم لەتیکی مابەینی تەختەی تابووتەکەوە دێتە خوارێ، حەشامەت ئەمە دەبینن و هاوار دەکەن:

" شێخ شەهیدە، بەڵێ گەرچی لەڕاستیدا شەهید نابم بەڵام وەك مەجازێك دەبمە شەهید، جێگەی داخیشمە هەموو ئەوەی کەدواتر روودەدات پێشتر زانراوە"...).

پاش روودانی هەموو ئەوەی کە شێخ دەیلێت، یەکێك لەموریدەکانی بەرێگەیەك لەرێگەکان کەشفی ئەوە دەکات کەهێنانی کتێبە سانسکریتییەکەو وەرگێڕانیشی لەلایەن"شەهرام"ەوە گرنگترین بەشی سیناریۆکە بووەو هەر بەمەش ئەو دەبێتە ئەو خائینەی کە شێخ فریوو دەدات لەکاتێکدا ئەو کتێبە تەنها تایبەت بووە بەباس و خواسی "ئیبلاس"و ماجەراکانی لەڕوانگەی ئەفسانەیەکی کۆنی رۆژهەڵاتییەوە.

ئەو ناوە لە زۆر شوێندا دەبووە گرفت بۆ"شەهرام"ی هاوڕێم و بەتەواوی نیگەرانی دەکرد. لە رۆژێکدا کە بەرپرسانی هەردوو لایەنی شەڕکەری شار



لەگۆڕەپانێکدا خەڵکیان کۆکردبۆوە، ئێمە پێکەوە نزیك گۆڕەپانەکە بووین، ئەوە بوو پاش سالآنێك بەگریانەوە دەستیان کردە ملی یەك و تێر یەکتریان لە ئامێزگرت، نوێنەری یەکێکیان بەناوی هەردوولاوە گوتی:

(ئێمە پاش بیرکردنەوەو پێداچوونەوەیەکی قووڵ بەخۆماندا گەیشتینە ئەو حەقیقەتەی کە ئێمە هیچ شەڕێکمان نەکردووە، چونکە تائێستا هیچ کەسێکمان لەیەکتر نەکوشتووە، ئێوە بڕوانن تائێستا یەك دڵۆپە خوێن لەم شەڕەماندا نەڕژاوە، هەر بۆیە لەکاتێکدا نکووڵی لەوە دەکەین کە شەڕمان کردبێت، بەڵام لەهەمان کاتیشدا وەڵامان بۆ ئەوانەی کە دەڵێن شەڕتان کردووە، ئەوەیە کەپێیان بڵێین ئەمە تەسەووری ئێوەیە لەو رۆژەوەی کە کۆمپانیا فەرەنساییەکە گۆڕەکەی "پیرمەنسوور"ی هەڵدایەوە، هەرچەندە ئێمە ئێسکەکانی ئەو پیاوەمان لەشوێنێکی تریشدا ناشت و کردمانە مەزاری ئەو پیاوە، بەڵام ئێوە هێشتاکە دەچنەوە شوێنەکەی پێشووی، گەرچی هێڵی ئاسنینی بەسەردا تێپەڕبووەو لەژێریشدا هیچ نەماوە، ئەگەر باسی بڕینەوەی درەختەکەشی دەکەن ئەوە ئەگەر نەشبڕدرایەتەوە خۆی هەر وشك دەبوو، بێجگە لەوەش خوا قبووڵ ناکات بەهۆی ئەو مەزارو درەختەوە هەتا هەتایە گوێیەکی هەندێك لەمندالآنی شارەکەمان بەگەڵای ئەو درەختە بچێت، هەن هەر شێوێنراون، هەن چەندین نیشانەی سەیرو سەمەرەیان پێوەیە، لەمڕۆدا ئەوەی دێتە شارەکەمان لەئێمەی نەوەی شێخ دەپرسێت، ئەم هەموو خەت و خاڵ و نیشانانە چییە، ئەم هەموو گوێچکە لەگەڵاچووانە کێن و بۆ وایان لێهاتووە، پێشتر زۆرێك

لەئافرەتانی دووگیان ئەگەر بەویستی خۆشیان نەبووایە ناچار دەبوون بەبەردەم درەخت و مەزارەکەدا تێپەڕن و ئەویش مۆری خۆی لێدەنان.

جارێکی تر دەمەوێت ئەوەتان پێبڵێم کە هەڵگیرسانی شەڕ پێوەندی بەشتێکی ترەوە هەیە کە ئێوە ئەقڵتان بۆ نەچووە، ئەویش هەڵدانەوەی گۆڕی ئەو زاتە پیرۆزەیە کەخەنجەرەکانی لەگەڵ نێژرابوو، ئێمە بکەری ئەم کردارە نەشیاوە دەناسین و دەزانین بۆ نانەوەی ئاشووب ئەو کارەی کردووە، دەرهێنانەوەی ئەو خەنجەرانەی کە نەفرەتیان لێکراوە، کارێکی ترسناکەو ئاقیبەتی خێری بەدواوە نییە، ئێمە کەسانێکی نەرمین لەگەڵ گریانی هەر لانەوازو بێکەسێك دەگرین، بەخۆشحاڵی و بەختەوەری خەڵکیش شاگەشکە دەبین، بۆیە هیچ لەو کەسە ناکەین کەخەنجەرەکانی دەرهێناوەتەوە، پاش ئەوەی خەنجەرەکانمان بۆ دەهێنێتەوە لەڕێورەسمێکدا دەیاننێژینەوە، لەجێی سزادانی ئەو کەسەش کە بۆ خۆی هونەرمەندە کارێکی هونەری دەدەینێ کەدەبێت بەو ماوەیەی کە بۆی دیاریدەکەین تەواوی بکات، ئەگەر تەواویشی نەکرد ئەو دەم دەتوانین سزای بدەین و کەسیش گلەیمان لێناکات، دەزانم مەراقتانە بزانن ئەو تاوانبارە کێیە ئەو تاوانبارە ئێستا لێرەیە و زۆربەتان بەهۆی ناوە قێزەوونەکەیەوە دەیناسن ئەویش "شەهرام"ە).

"شەهرام" هەر ئەو ڕۆژەو لەگۆڕەپانەکەدا دەستگیرکراو پاش ماوەیەك ئازادیانکرد بەمەرجی ئەوەی لەماوەیەکی کەمدا مینۆمێنتێکیان بۆ ئاشتی و ئارامی پێشتر و لەمەودوای هەردوو لایەنەکە بۆ دروستبکات و



گوزراشت لەوەش بکات کە ئەگەر شەڕێکیش بووبێت پێوەندی بە دەرهێناوەی خەنجەرەکانەوە هەیە نەك بەدوو لایەنە شەڕکەرەکەوە.

ئەوە بوو ماوەیەك لەپشت پەردەی شوێنی کارەکەیەوە کە دەکەوتە گۆڕەپانە سەرەکییەکەی شارەکەوە خۆی ونکردو کاتێك لەپشت پەردەکەوە پێم گوت:

(چی دروست دەکەیت؟).

بەدەنگێکی گۆڕاو و شێواوەوە گوتی:

(خەنجەرەکانیان بۆ دروستدەکەم).

گوتم:

(گاڵتە دەکەیت وانییە، زۆربەی خەڵکی شار دەڵێن چەند گوڵ و باڵندەیەکی گەورە دروست دەکەیت و دواتریش بەمینۆمێنتی ئاشتی دەناسێنرێت).

گوتی:

(تازە هەرچییەك دروست بکەم بێسوودەو دەستبەردارم نابن، تاوانی دەرهێنانی خەنجەرەکانیان دایە پاڵ من، لەکاتێکدا هەموو خەڵکی شار ئاگادارە "فەرهاد تانجووریی یەکەم" ئەو خەنجەرانەی لەنێو گۆڕی زاتە پیرۆزەکە هێنایەدەرو ئەو جەنگەی هەڵگیرساند. تەنانەت هەن باسی ئەوە دەکەن پاش هەڵدانەوەی گۆڕەکە لەلایەن دوو کرێکاری مالیزیی سەر بەکۆمپانیاکانی خۆی، پاش ئەوەی زانیویەتی ژمارەی خەنجەرەکان زۆر لەوە زیاترن کەئەو تەسەووری کردووە، چەند کرێکارێکی تریش دەهێنێت تا گۆڕەکە قووڵتر هەڵبەکەنن و لەگەڵ هەر قووڵبوونەوەیەکیشیاندا هەست

دەکات گۆڕەکە کانی خەنجەر بێت، چونکە چەند رۆدەچنە خوار ئەوەندە ژمارەی خەنجەرەکان زیاد دەکات. ئەو خەنجەرە نائاساییانە هێندەی نەبرد گەیشتە دەست هەر دوو لایەنەکە، هەرچەندە بەکارنەهات و شەڕی پێنەکرا، بەڵام لەو رۆژەوە بۆنی خوێن لەشارەکەدا دێت و کاتێك بەنێو شاردا پیاسە دەکەیت وا هەست دەکەیت لەنێو **قەسابخانەیەکی گەورەدایت**، بەڵام گاڵتەجاڕییە هەموو ئەوەی کە دواتر روویدا بیرێتەوە بۆ دەرهێنانەوەی خەنجەرەکان، چونکە ئەو خەنجەرانە تەنها رکی چەندین ساڵەو لەوەپێشیان وررووژاند، بەڵام نە شەڕیان پێکراو نەکەسیشیان بەرەو جەرگەی شەڕبرد، من دڵنیام بەبێ ئەو خەنجەرانەش هەر ئەو شەڕانە دەکرا، ئێستاش بەناشتنەوەی هیچ لەمەسەلەکە ناگۆڕێت بەتایبەت پاش ئەوەی بەخوێنی خەڵکێکی بێتاوان و ئەو جەنگاوەرانەی کە لەجەنگدا کوژران بەشێوەیەکی مەجازی دەمەزەرد کرایەوە).

کەگوێم لەو قسانە بوو هەرچەندە هەڵدانەوەی پەردەکە قەدەغەبوو، بەڵام ئەوەندەی نەمابوو هەڵیبدەمەوە.

گوتی:

(تۆ من ناناسیت نەك هەر ناوم "شەهرام"ە بەڵکو کوڕەزای ئەو "شەهرام"ەشم کە کتێبە سانسیکریتیەکەی بۆ "شێخی سپی" وەرگێڕاوە، گەرچی ئەوەی لەبارەیەوە دەگوترێت هیچی راست نییە، ئەو کتێبە باسی لە دۆناودۆنی رۆح کردووەو باپیریشم دەقاودەقی وەك خۆی وەرگێڕاوە، بەڵام کەس نازانێت بۆ پاش خوێندنەوەی شێخ وایگوتوەو مەبەستی چی بووە، دواتر باپیرم لەتاو موریدو پیاوەکانی ئەو هەڵهاتووە و لە شارۆچکەیەکی



دوورە دەستدا گیرساوەتەوە. پاش زەمەنێکی دوورو درێژیش لەو رووداوە بەرێکەوت لەبەشی پەیکەرسازیی هونەرەجوانەکانی ئەم شارە وەرگیرام و هەردەم دەترسام لەوەی بناسرێمەوە، کەچی ئەوان هەر لەهەوەڵەوە منیان ناسیبۆوە، بۆیە ئەگەر بتوانم دەبێت بەزووترین کات هەڵبێم ئەگینا...).

پاش ئەوە "شەهرام"م نەبینیەوە و کاتێکم زانی بەهەنجەتی ئەوەی مۆنۆمێنتەکەی پاش تەواوکردنی بەدەستی خۆی سووتاندووە، ئەمرقەبزی بۆ دەرکراوەو بەشوێنیدا دەگەڕێن. هێندەی نەبرد منیشیان دەستگیرکرد و بردمیانە لای ئەو بەرپرسەی کەناوی"فەرهاد تانجووریی یەکەم"بوو.

* * *

## (گروپی مێرووله یاخییەکان)

ئەو ئێوارەیەی بەڕووتی وێنەی ژینا-م دەکرد، دەنگ و سەداو قاقای پێکەنین و ژاوەژاوێکی شەیتانییانە لەدەرەوە دەهات، دیار بوو شتێکی شێتانە ڕوویدەدا. سەرەتا گوێم نەدایەو درێژەم بە وێنەکێشانەکەمدا، هەرچەندە زۆر دەمێك بوو پێموابوو خەریکی دروستکردنی وێنەکەی بم، کەچی بەدەر لە ئیرادەی خۆم وێنەی پەیکەری ئێسکێك و خەنجەرێکم کردبوو لەدەفەی شانی لای ڕاستی پەیکەرە ئێسکەکە چەقی بوو. گوتم:

(نازانم بۆ پەیکەرە ئێسکی تۆ و ئەم خەنجەرەم کردووە؟!)

بێئەوەی لێوەکانی ببزوێنێت گوێم لێبوو دەیگوت:

(من لە ئێستادا ئەو پەیکەرە ئێسکەم کە تۆ دەیبینی، وەشاندنی خەنجەرەکەشم لەپشتەوەڕا لەبیرە، بەڵام نازانم دواتر بۆ بەهیچ هێزێك لە ئێسکم نەهاتەدەر ).

هەرچەندە پێش ئەمجارە نەوەك پەیکەری ئێسك بینیبووم، نەهیچ خەنجەرێکی ئاوا چەقیویشم لەسەر دەفەی شانی کەوتبووە بەرچاو، بەڵام گوتم:

(ئەی شوێنجێگەکەی نائێشێت؟!).

هەر یەکسەر گوتی:

(زۆر بەخێرایی کاری خۆی و کردو تەنها بۆ تاوێك هەستم بەئێش کرد ).



دەنگی ژاوەژاو و ئەو قاقایانەی لەدەرەوە دەهاتن لەو کاتەدا زۆر بێزارکەر بوون، بەمەبەستی زانینی ئەوەی کەچی ڕوودەدا چووینەدەر، گروپێکی چل پەنجا کەسی کەماسکیان لە دەموچاودابوو بە ڕووتی سەمایان دەکردو دەیانقیژاند، هەندێکیان وەك ئەوەی حاڵیان لێهاتبێت بەشێوەیەکی هیستریانە بەردەوامیان دابووە دووبارەکردنەوەی یەك چەشن و شێوەی سەما.

ژینا گوتی:

(ئەمانە سەر بەگروپی مێرووله یاخییەکانن، بابچینە لای سەرۆکی گروپەکەیان).

لە دوورەوە سەرۆکەکەی پیشاندام زۆر دوور لەسەماکەرەکان بەبێ ماسك لە بەردەم ئاگرێکدا دانیشتبوو، کەلێی نزیك بووینەوە، گوتم:

(باشە تۆ دەیناسیت؟!).

گوتی:

(پێویست ناکات من بیانناسم چونکە ئەوان تۆ دەناسن).

گوتم:

(من دەناسن!؟)

هەر لەم کەین و بەینەدا بووین گەیشتینە لای سەرۆك، کە بەچەشنی شامانەکان قژێکی درێژی هێشتبۆوە، هەستایە سەر پێ و بە گەرموگوڕییەکی ڕۆژهەڵاتیانە بەرەو پیرم هات و وەك ئەوەی دۆستێکی زۆر دێرینی بم لەئامێزی گرتم و گوتی:

(تۆ گەورەترین پیاوێکی ئەم چەرخەی، بوێرترین کەسێکی دوای حەللاج).

گوتم:

(چۆن دەمناسی؟!)

گوتی:

( - ئێمە هەموومان وێنەی تۆمان لە رۆژنامەکاندا بینیووەو دەشزانین لێرەیت و پێشتر زۆرجار بینیوومانی و هەموو زانیارییەکمان سەبارەتت هەبووەو هەر ئێمەش رزگارمانکردیت لەدەست ئەو گروپە توندڕەوە!

– بۆ منتان رزگارکرد و چۆن توانیتان؟

– ئەوە نهێنییە ناتوانین بیدرکێنین، بەڵام تۆ ئەو مەزنەی کە یاسای باوت شکاند و تەسەووری ئەوی مەزکورت کرد و بگرە وێنەشت کرد.

– نەخێر باوەڕناکەم شتی وام کردبێت!

– گرنگ نییە با نەتکردبێت، بەڵام لای هەموو ئەوانەی ئاگاداری کێشەکەتن، وازانراوە تۆ کردووتە.

– من نەمکردووە!

– دەبێت تۆ نەتکردبێت، چونکە ئەوە دەسەڵاتێکی گەورەی دەوێت، بەدەر لە توانای وێنەکێشان و خەیاڵ، ئەوە پێویستی بەزۆر شت هەیە کە زۆرجار کەسێك بەبێ ئەوەی بەخۆی بزانێت تێیدا دروست دەبێت، تۆ رۆحی خۆتت نەفرۆشتووە لە پێناو بەرژەوەندییەکدا کاری وات نەکردووە، بەڵکو لە نێو کتێبی سۆفییەکەدا ئەو وێنەیەت هەڵهێنجاوە، وێنەی ئەو کەسەت کێشاوە کە بەدرێژایی مێژوو بەر نەفرەت کەوتووەو هەر گوناهێك کە مرۆڤ



کردبێتی و بیکات بەزۆر دەدرێت بەکۆڵ ئەودا، لەکاتێکدا ئەو هیچ تاوانێکی لەوەدا نییە کە دەکرێت، چونکە مرۆڤ موخەیەرە لەوەی چی دەکات یان نایکات، ئەگەر موخەیەرش نەبێت ئەوە جارێکی تر ...

– بەڵام بۆ ناوتان گروپی مێروولە یاخییەکانە؟!

– ئاخر ئێمە سەرەتا ئیلهاممان لەو مێروولانە وەرگرت کە لەبەر ترسی سوپاکەی سلێمان بەمەبەستی خۆشاردنەوە یەکتر ئاگاداردەکەنەوە؟

– بەڵام ئەمە چ یاخیبوونێکی تێدایە؟

– چۆن ئەمە گەورەترین یاخیبوونە لەقەدەری لەناوچوونیان لەژێر پێی سوپاکەی سلێماندا.

– نازانم هیچ تێناگەم!

– دەزانیت با زۆر قووڵی نەکەینەوە ئەوە تەنها وەك ناوێك تێی بڕوانە.

– بەڵام گەورەترین گرفت ناوە، ئێوە ناوێکی زۆر جیاوازتان هەیە لەوەی کەکاری بۆ دەکەن؟!).

ژینا گوتی:

(وێنەکەت تەواوکرد؟)

کاتێك روانیمە لاپەڕەی سەر بۆردەکە سەیرمکرد سڕدراوەتەوە، ویستم وەڵامی ژینا بدەمەوە سەیرمکرد بە چاوکراوەیی خەوتووە یان من واهاتە پێشچاوم کە خەوتووە.

* * *

## (چوارەمین گێڕانەوەی فەرهاد تانجووریی دووەم)

بەمێرمنداڵی و بۆ یەکەمجار کچە عەرەبێکم خۆشویست کەبەتەمەن پێنج ساڵ لەخۆم گەورەتربوو، ماڵیشیان یەك دوو گەڕەك لەگەڕەکەکەی ئێمەوە دووربوو، دایکی کاتێك چووبووە زیارەتی "پیرمەنسوور" دایکمی بینیبوو، لەوکاتەوە بەردەوام خۆی و کچەکەی سەردانیان دەکردین، هەر زوو لەوە حاڵی بووم ئەوان سەر بەڕێبازێکی ئاییني جیاوازن و لەزۆر رووشەوە بیروباوەڕی ئاییئیان لەگەڵ کاکەییەکان یەکدەگرێتەوە، ئەو کچە عەرەبە چاو ڕەشێکی تابلێی جوان بوو، باڵایەکی بەرزو قەدێکی ناسکی هەبوو، چەند ساڵێك بوو لەگەڵ خێزانەکەی هاتبوونە نێو شاری "شێخی سپی"ییەوەو هۆکاری هاتنەکەشیان نەزانراوبوو، چونکە هەرگیز باسیان نەدەکرد. ئەو تێکەڵییە گەیشتە رادەیەك دایکەکە زۆر پێی ئاسایی بوو کچەکەی بەسەعات لەماڵمان جێبهێڵێت، سروشت و هەڵسوکەوتیان زۆر جیاواز بوو لەخەڵکە ئاساییەکە.

حەزێکی شێتانەمان بۆ یەکتر هەبوو تاکار گەیشتە دەستەملانێ و ماچ و مووچ و دواتریش یەکەمین رابواردنێکی سێکسی.

هەموو ئەمەش ڕوویندەدا ئەگەر خۆی باسی ئەوەی بۆ نەکردمایە کە لای ئەوان سێکسکردن ئازادەو پێوەندی بەئیختیاری دوو کەسەوە هەیە کە یەکتریان خۆش بووێت، هەرچەندە نەدەبوو پێش زەواجکردن هیچ مێینەیەك



سکی پڕبێت و بۆ ئەمەش دەستوورێکی تایبەتی سێکسیان هەبوو کەپێش ئەوەی بهێڵێت بەلایدا بچم هێدی هێدی فێری کردم.

ئەو کچە توانایەکی سەیری گێڕانەوەی حیکایەت و بەسەرهات و سەرگوزشتەی هەبوو، بەشێوەیەك سەرسامی دەکردم کەلەو کاتانەدا پێموابوو سیحرم لێکراوە. زۆر لەتەمەنی خۆی زیاتر شتی دەزانی باسی زۆر شتی بۆ دەکردم هەر لەداب و نەریتی عەرەبە بەدەوییەکانی ناوچەی "سینا"وە لەڕووی حەزو خۆشەویستی تادەگەیشتە ئەو سیفەتە سەیرەی کە عەرەبی زۆر شوێن هەیانە سەبارەت بەو کەسانەی پێش مردنیان لەژیاندا خراپەیەکی زۆریان کردووە، وەك بۆی باس دەکردم پاش مردنی ئەو کەسە ئەوانەی کە دەیناسن کۆدەبنەوەو دەچنە سەر گۆڕەکەی و تاپێیان بکرێت پێکەوە جوێنی پێدەدەن و پاش ئەوەی ماندوو شەکەتیش دەبن دەگەڕێنەوە.

سەیرترین شتیش بەلامەوە لەو تەمەنەدا، خۆشەویستی و زەواجی کچ و کوڕە بەدەوییەکانی ناوچەی "سینا" بوو، کەشێکی سەیریان هەبوو کچ و کوڕەکە پێکەوە دەچنە شوێنێکی دوورە دەست و کچەکە تابەیانی سەما بۆ کوڕەکە دەکات و ئەویش ڕەبابەی بۆ لێدەدات و پاش ئەم ئیختیار و ئەو شەوەی پێکەوەبوونیان بۆ سبەی بێ هیچ گرفتێك دەچنەوە نێو کەسوکاری خۆیان و ئەوانیش بەو پەڕی شادمانییەوە لەیەکتریان مارە دەکەن و زەماوەندیان بۆ ساز دەکەن.

جارێکیان بەشێوەیەك باسی شارەکەی پێشووی خۆی بۆ گێڕامەوە لە زۆر شوێنیدا وام دەزانی باسی شارەکەی خۆمان دەکات. لە ئێوارەیەکدا کەخۆڵ دەباری، دایکی هاتە ماڵمان و گوتی:

(مێردەکەم لەخەستەخانە کەوتووەو ئەم شەو دەبێت لای بمێنمەوە، باکچەکەم لاتان بمێنێتەوە).

ئەو رۆژە جیاواز لەهەموو رۆژێکی تر دایکم هیچ لاقەی نەکردین و لێی نەپرسینەوە، لەوەو پێش ئەگەر کارێکی زۆر زەرووری نەبووایەو لەماڵ بووایە هەرچۆنێك بووایە جار جار دەهاتە لامان، یان لەدەرەوەی ژوورەکەمەوە هاواری دەکرد هیچتان ناوێت و شتی لەو بابەتە، بەڵام ئەو ئێوارەیەو تاسبەی بەیانیەکەشی دایکم هیچ سرتەو چرپەیەکی نەبوو. دواتر زانیم لەو ئێوارەیەدا باوکم لەبەر ئازاری ئەو نەخۆشییەی دەمێك ساڵبوو هەیبوو تا بەیانی بێحەواس کەوتووەو دایکیشم تابەیانی بەدیاریەوە گریاوە.

کچەکە هەر لەئێوارەکەیدا دەستی کرد بەگێڕانەوەی حیکایەتی شارەکەی و گوتی:

(رەنگە گەورەبوون لەشارێکی پڕ خورافاتدا شتێکی ئاسایی بێت. ئاساییە شەوان وەك هەر کەسێك لەترسی "ئەوانگەلەکان" نەوێریت لەماڵ بچیتە دەر، مەبادا لەپەناو سووچێکدا لێت وەدەر بکەون و پاش فریودانت بێنە کۆڵت و ئیدی تالە پێ دەکەویت و بەلاقە تووکاوییەکانیان دەتخنکێنن لێت نەبنەوە. ئاساییە ئەوانگەلەکان لەشێوەی منداڵی ناسکۆڵەی لەکۆڵان بەجێماودا یان کیژۆڵەی زۆر ناسکی لاق شکاودا یان لە زۆر شێوەی تری سەرنج راکێشدا، بەچاوی فرمێسکاوییەوە داوای یارمەتیت لێبکەن و تۆش لەکۆڵیان بکەیت، دواتر بەگۆڕانی شێوەو قەبارەی لاقیان و دەرکەوتنی تووکە درێژەکانیان و بینینی سمەکانی ژێر



پێیان بزانیت ئەوانگەلن. ئەمانە هەمووی ئاساییە بەڵام ئاسایی نییە لەبەر پیرۆزی شتە سێگۆشەییەکان، پیاوێکی ئایینی شارەکەی پێشوومان ئەندامی مێینەشی کردبێتە شتێکی پیرۆز، گوایە ئەویش لەسێگۆشە دەچێت، بەڵام من وەك خۆم چەندینجار تێمڕوانیوەو هەست ناکەم لە سێگۆشە بچێت، حەز دەکەم دواتر کە پیشانم دایت بەڕاستگۆیی پێم بڵێیت ئایا لەسێگۆشە دەچێت یان نا؟! چونکە ئەو شوبهاندنەی پیاوە ئایینییەکە هەر بەوەندەوە ناوەستێت، ئەو کاتێك زێ دەکاتە شوێنێکی پیرۆز بۆ ئەوەیەتی تەنها پێش سکپڕبوونی ژن مێردەکەی بەلایدا بچێت و هەر ئەوەندەی زانیشی سکی پڕە نابێت تووخنی ئەو شوێنە پیرۆزە بکەوێت).

گوتم:

(بەڵام لای ئێمەش لەسەردەمانێکدا سێگۆشە بەپیرۆز زانراوەو رەنگە هێشتاکەش کاریگەری خۆی هەبێت، گەرچی رەنگە چەشن و شێوەی بە پیرۆز زانینەکەی لەوەی ئێوە جیاوازبێت. مامۆستایەکمان هەبوو دەیگوت ئەم شارەی ئێمە لەسەردەمی پێش دەرکەوتنی ئەو ئایینانەی تائێستاش خەڵکێکی زۆر باوەڕیان پێیان هەیە، پاشایەك حوکمی ئەم شارەی کردووەو باوەڕی بەچەمکی بەهەشت و دۆزەخ هەبووەو پێشی وابووە بەهەشت شێوەیەکی سێگۆشەیی هەیەو دۆزەخیش لەشێوەی بازنەیەدا، تائێستاش روون نەبۆتەوە بۆ بەهەشتی بەسێگۆشە تەسەوورکردووەو دۆزەخیش بەبازنە).

درێژەی دایەو گوتی:

**(سەیرترین شتێکی شارەکەمان بوونی پێدەشتێکی نائاسایی بوو کە دەکەوتە باکوورییەوە، کەم کەس دەیانوێرا شەوان بەو پێدەشتەدا تێپەڕ بن، دەیانگوت هێشتاکە دەنگی ئەو سەدو پەنجا جەنگاوەرەی سەردەمانێك لەو پێدەشتەدا لەلایەن سوپایەکی بەژمارە دە هێندەی خۆیان زیاتر تەوقدراون و کوژراون، لەو پێدەشتەدا دەبیسترێت. هەیانە زامدارەو داوای ئاو دەکات، هەیانە دوعا دەکات، هەیانە هاواری تۆڵەسەندنەوە دەکات، لەساتێکی دیاریکراوی نیوەشەویشدا بەتەواوی گوێت لەدەنگی حیلاندنی ئەسپ و ویزەی تیرو رنگەی شمشێرو پێکدادانی رم و مەتاڵەکان دەبێت. هەر کەسێکیش گوێبیستی هەموو ئەو شتانە بووایە نەیدەتوانی جارێکی تر بگەڕێتەوە نێو واقیع و هەست بە ئێستا یان ئاینده بکات، هەمیشە لە رابردووی ئەو جەنگەو کوژرانی ئەو جەنگاوەرانەدا دەمایەوە، هەموو ئەوانەی لە شەودا بەو پێدەشتەدا تێپەڕ بووبوون، لە ساڵڕۆژی کوژرانی ئەو جەنگاوەرانەدا کۆدەبوونەوەو بەبێدەنگی پێکەوە دەگریان، گریانێك دەنگ و سەدای هەورەگرمەو شەستەباران و رەهێڵەی لێبەرزدەبۆوەو دواتریش هەر بەڕاستی ئاسمان دەیگرماندو دایدەکردە باران و هەموو جارێکیش بارانەکە دەبووە لافاو و خەڵکێکی زۆری لەگەڵ خۆی دەبردو ماڵوحاڵێکی زۆریشی تێکومەکان دەدا).**

**کاتێکم زانی دەمێکە شەو داهاتووەو هێشتاکەش خۆڵبارانەکە بەردەوامە، زۆر شتی تریشی بۆ گێڕامەوە تاگەیشتە ئەوەی گوتی:**

**(ئیتر دوا قسەی خۆمت بۆ دەکەم و دواتر دەست پێدەکەین، دەزانم یەکەمجارتە بەڵام هیچ مەترسەو هێدی هێدی بێ پەشۆکان لەگەڵم وەرە، نابێت ئەم هەلە لەدەست خۆت بدەیت، پاش کەمێك چێژێکت پێ دەبەخشم تەسەووری نەکەیت، تەتبەمە دنیایەکی تر وانەزانی ئەمە پیشەیەکەو فێری بووم، تائێستا تەنها لەگەڵ یەك کوڕدا ئەو کارەم کردووە ئەویش کوژرا، دوای ئەویش بیرم لە کەسی تر نەکردۆتەوە دیارە بیر لە تۆش ناکەمەوە گەرچی حەزم لێتە، حەز دەکەم چێژێکت پێبەخشم بۆ هەتا هەتایە کەسێکی تر نەتوانێت ئەو چێژەت پێبەخشێت).**

**کەماچی کردم تەزوو و خرۆشێکی خۆش بەجەستەمدا گوزەری کرد، هێندەی نەبرد چەشن و شێوەی ماچەکەی گۆڕی و بەم شێوەیە بەردەوام بوو تا هەردووکمان رووتبووینەوەو نغرۆی گەمەکانی سێکس بووین، چەندین شێوەو جۆری ئەو گەمەیەی دەزانی هەر یەکێکیان بۆ من شتێکی نوێ و سەیر بوو، دواتریش زۆریانم لە کتێبە سێکسیەکانیشدا بەرچاو نەکەوت، ئەو کچە شارەزاییەکی سەیری هەبوو لەوەی کەی لەخۆیم نزیك بکاتەوەو کەی پاڵم پێوە بنێت و کەی خۆی بچێتە سەرێ و کەی من بچمە سەرێ و هەموو ئەمانەشی بە بێگوێدانە کات دەکرد، بە بێوەستان تابەیانی خەریك بووین و بەیانیش کەجێهێشتم گوتی:**

**(ئەوەی کردمان بووە یادەوەریی و تازە رابردووی هەردووکمانە، لەوەش دڵنیابە بێجگە لە من کەسێکی تر لەم دنیایەدا نییە ئەو چێژەت پێ ببەخشێت کە من پێمبەخشیت).**

* * *

## (شەشەمین گێڕانەوەی ژینا)

به منداڵی زۆر به بەردەم ماڵە گەورەکەی ئەو پیاوەدا گوزەرم کردبوو که حەوت کوڕە کورتە باڵاکەی هەبوو، هەرچەندە بەتەمەن زۆر گەورە بوون بەڵام باڵایان هێندەی منداڵێکی پێنج ساڵان دەبوو. ئەو ماڵە ناسراوترین ماڵێکی شاربوو، نەك تەنها لە بەر ئەوەی گەورەترین ماڵبوو، یان لە بەر ئەوەی خاوەن ماڵەکە حەوت کوڕی کورتەباڵای هەبوو، بەڵکو لەبەر ئەوەی باوکی خاوەن ماڵەکە ئەو پیاوە بوو، لەگەڵ هاتنی یەکەمجاری کارەبا بۆ شارەکە و پاش ماوەیەك بەدەستدانی لەساردو گەرمی وایەرێکی کارەبا مردبوو، نەك لە بەر ئەوەی نەیبیستبوو کارەبا مرۆڤ دەکوژێت، بەڵکو لە بەر ئەوەی وەك زۆر کەس باوەڕی نەکردبوو شتێکی نەبینراو لەنێو ئەو تەل و وایەرانادا هەبێت و مرۆڤ بکوژێت، پێش ئەوەی دەست لە ساردو گەرمی وایەرەکەش بدات گوتبووی:

(ئەی بۆ کارەبا ئەو باڵندانە ناکوژێت کەهەر لەوەتەی ئەم دارتێل و تەلانەیان هێناوەتە نێو شارەوە لەجێی نیشتنەوە لەسەر لکی درەختەکان لە سەر تەلەکانی دەنیشنەوە).

ئەوەبوو بەمردنی زۆرێك لەو خەڵکەی کەباوەڕیان نەدەکرد کارەبا بەشەر دەکوژێت زانیان کارەبا کوشندەیە، بەڵام تا ئەو رۆژەی لەقلەقێکی گەورە بە ناچاری هەر لاقێك لە لاقەکانی نەخستە سەر دوو تەلی یەکێکیان ساردو ئەویتریان گەرمی مابەینی دارتێلەکان و نەمرد،



باوەڕیان نەدەکرد کارەبا باڵندەش بکوژێت، بەڵام ئەو دەمە هەر هەبوون پێیان وابووە کارەبا تەنها لەقلەق دەکوژێت و تووخنی هیچ باڵندەیەکی تر ناکەوێت.

لە رۆژگارێکدا خاوەنی ماڵەکەو هەر حەوت کوڕەکەی دیارنەمان و ماڵەکەیان بە چۆڵی مایەوە تا دواتر لەلایەن "فەرهاد تانجووریی یەکەم"ەوە دەستی بە سەرداگیراو کردییە بارەگای خۆی، پاش ئەوەی سیمای خانووەکەی لەدەرەوە گۆڕی و هەموو نەخش و نیگارە سێگۆشەییەکانی لێکردەوە، دەیانگوت ئەوەی لەنێو ئەو ماڵەدا ماوەیەکی دوورو درێژ نەژیابێت، ئەگەر بۆ یەکەمجاری بێت بچێتە ناوی رەنگە ونببێت، چونکە پڕیەتەی لە راڕەو و پلیکانەو ژێرپلیکانەو ژێرزەمین و تەنانەت دەیانگوت لەژێریدا تونێلێکیش هەیە ماڵەکە بەدەرەوەی شارەوە دەبەستێتەوە.

کاتێك منیان بردە بارەگاکەی "فەرهاد تانجووریی یەکەم" سەرنجمدا حەوت پاسەوانی کورتە باڵا لەنێو بارەگاکەدان، لە کاتێکدا "فەرهاد تانجووریی یەکەم" رێك وەك تۆ کەڵەگەت بوو. بەچەندین راڕەو و ئەم پەناو ئەو سووچدا بردمیانە ژوورەکەی، سەرجەم شتەکانی نێو ژوورەکە بە مێزەکەی بەردەمیشییەوە زۆر بچووك بوون، تەنها شتێك کە زۆر پان و پۆڕو گەورە بوو ئەو قەنەفە هێجگار گەورەیەی بەشی سەرەوەی ژوورەکە بوو کە بەتەواوی لە جێگەی خەوتن دەچوو.

کە سەرەتا لەگەڵمدا کەوتە قسەکردن دەنگی خۆی زۆر ناسك کردەوەو باسی مێژوویەکی دوورودرێژی خۆی بۆکردم و بەژماردن هەموو ئەو ئەشکەوتانەی بۆ ژماردم کە بەدرێژایی ژیانی تێیدا ماوەتەوەو چۆن جاری

واهەبووە ناچار بووە بچێتە راوی ورچ و بەرازو چۆن لە رۆژگارێکدا گۆشتی مشك و جرِوجانەوەری خواردووە، لە هەمووشی سەیرتر باسکردنی بوو لەو ماییینەی کە زۆری خۆشویستووەو پاش ئەوەی خەڵکی گوندێك بەسەر مایینەکەوە بینیویانە لەکاتی تەکاندانداِ، گەرچی هیچیان لەگەڵ ئەو پێنەکراوە بەڵام ماییینەکەیان کوشتووەو ئەویش دوو رۆژو دوو شەو هیچی نەخواردووەو هەر بۆ ماییینەکەی گریاوە. دواتر باسی ئەوەی بۆ کردم چۆن بریاری داوە تۆڵە لەخەڵکی گوندەکە بکاتەوەو لە رۆژێکدا جوانترین کچێکی کوننەکراویان کون بکات و پاشان هەڵبێت، دیارە وەك بۆی گێڕامەوە زۆر بەئاسانی توانیویەتی ئەو کچە جوانە بدۆزێتەوە لە کاتێکدا کە بەگۆزە ئاوی بەرەو ماڵ بردۆتەوە، رایکێشاوەتە نێو تووترِکەکان و سەرەتا بەلێدان برِستی لێ برِیوەو دوای ئەوەی لەهۆش خۆی چووە ئاواڵکراسەکەی هێناوەتە خوارێ و هەر بۆ ئەتکیش دواتر هەموو جلەکانی بەری داکەندووەو سووتاندوونی، دەیگوت چەند تەکانمدا چێژی ماییینەکەمی نەبوو، تەنها وەك تۆڵەیەك چێژێکی تایبەتی هەبوو کە زۆر دوور بوو لە حەزو ئارەزووەکانم.

یەکێك لە پاسەوانەکان قاوەیەکی بۆ هێنام و زۆر بەئاسایی خواردمەوە چونکە ئەو قسە بێسەروبەرانەی شتێك ترسی رەواندبوومەوەو لەجێی ئەوە قێزو رکی تێدا بزواندبووم.

کە بەئاگا هاتمەوە لەسەر قەنەفە هێجگار گەورەکە بە رووتی راکشابووم، هەموو لەشیشم شین و مۆر بووبۆوەو ئازارێکی بێوێنەش لەنێو هەناومدا پێچی دەخوارد، دەستم بۆ نێوگەڵم برد تەڕبوو، بۆن درِن و



ئارەقەیەکی زۆر پیس و کوشندەم لێدەهات. تاهێزم تێدا بوو زریکاندم و بەرەو دەرکەکە غارمدا، ویستم بیکەمەوەو هەڵبێم بەڵام دەرکەکە کلۆمداربوو.

هەرچەندە هەموو گیانم دەلەرزی، بەڵام وەك ئەوەی هیچ رووی نەدابێت هیچ خۆی تێك نەداو بەزەردەخەنەیەکەوە گوتی:

(دەزانیت من کێم، من ئەو پیاوەم کەس لەگەڵم دەرناچێت و کەسیش نییە دەرِۆستم بێت. من یەکێکم لەوانەی رکێکی سەیرم لەهەموو "شەهرام" ناوێکە نەك لەبەر ئەو هەموو شتەی لەم شارەدا لەبارەی "شەهرام"ەکانەوە باس دەکرێت، بەڵکو هەر لە خۆمەوە لەوەتەی بەمنداڵی لەگەڵ دایك و باوکمدا رووومانکردە ئەم شارە من بەبیستنی ناوی ئەو کەسە قەڵس دەبم، تووڕەدەبم و شێتگیردەبم، کاتێکیش ناوی ئەو پەیکەرسازەی دەنکتم بیست بەتەواوی ئارامیم لێبراو بریارمدا بەقەڵبەیەکیدا بەرم، بەتایبەت کاتێك زانیم "شەهرام"ی خائینیش باپیریەتی. دەکرا بەبێدەنگیی بیکوژم، دەکرا بەهەر تۆمەتێك دەستگیری بکەم، بەڵام بەو پێیەی کە دەمزانی کەسێکی سەر بە ئاشووبەو حەزی بەگێچەڵ دروستکردنە وازم لێهێنا تا بۆخۆی هەڵەیەکی وابکات کە کەس پێی قبووڵنەکرێت. باش بوو زۆریشی نەخایاند ئەو هەڵەیەشی کرد).

گوتم:

(بەڵام ئەو مینۆمێنتەکەی نەسووتاندووە؟).

گوتی:

(تۆ ئاگات لە هیچ نییە، گەورەترین تاوانی ئەو تاوانێکە ڕەنگە تۆش نەیزانیت، ڕێکخراوێکی نهێنی داوای کۆکردنەوەی وێنەو ناوی کوژراوەکانی شەڕی لێکردووەو ئەویش نازانم چۆن توانیویەتی لە ڕێی کەسوکارییانەوە بە دەستی بهێنێت و بەوەندەشەوە نەوەستاوە وێنەی هەموویانی بەشێوەیەکی سامناك گەورەکردووە تا لە ڕۆژی ڕاگەیاندنی ئاشتیدا بەدیوارەکانی شاردا لەلایەن ئەو ڕێکخراوە نهێنییەوە هەڵبواسرێت.

ئەمەش دەقی ئیعترافەکەیەتی پاش ئەوەی دەستگیرمان کرد:

(من کە ناوم " شەهرام سیاوڵە شەهرام"ە وێنەی هەموو کوژراوەکانی جەنگم دەستکەوت و سەرەتا هیچ مەبەستێکم نەبوو ئەو وێنانە نەك هەر گەورەیان بکەم بەڵکو تەنانەت وێنەشیان بکەمەوە، زیاتریش لەبەر ئەوەی خۆم بەپەیکەرساز دەزانی، نەك نیگارکێش، بەڵام دواتر بەرپرسێکی ڕێکخراوە نهێنییەکە داوای لێکردم بەشێوەیەکی گەورە هەر یەکێك لە وێنەکان بکەمەوە. نەمدەویست ئەم کارە بکەم، بەڵام کاتێك ڕوانیمە وێنەکان و هەستم بەوەکرد هەر یەکێکیان پێش گرتنی ئەو وێنانە زانیویانە دەکوژرێن، ترسناکی مەرگم لە چاوەکانیاندا بینییەوە، شپرزەیی و سەرسامبوونیان بەوەی کە ئەمە دوایەمین وێنەیەکە جێیدەهێڵن شتێك بوو نەدەشاردرایەوەو زۆر ڕاشکاوانە دیار بوو، ئەوانەی ئەو وێنانەیان گرتبوو دەیانزانی دەکوژرێن، بەڵام ڕەنگە نەیانزانیبێت وێنەکانیان دێتە بەردەستم و منیش بۆ هێشتنەوەیان لە زاکیرەی هەموو ئەوانەی نەفرەت لە جەنگ دەکەن بە شێوەیەکی سەیر گەرچی پەیکەرسازم بەڵام لە پێناو



هێشتنەوەی ئەواندا سوود لەتوانای نیگارکێشانم وەردەگرم و وێنەکانیان وەك وێنەی سەرکردەو پیاوانی دەسەڵات و پاشاکان و ئیمپراتۆرەکان گەورە دەکەم. منێك کە لەوێنەدا تەنها حەزم بەوێنە میناتۆرییەکان بوو کەچی کە کار گەیشتە سەر وێنەی ئەو کوژراوانە، وازم لەچێژبینینی هونەری و تەسەووراتی خۆم هێناو بەکارێك هەڵسام کە پێموابوو قەدەری منەو بێجگە لەمنیش کەسی تر نییە پێی هەڵبستێت، وێنەکانم لەماوەی سێ مانگدا پاش ئیشکردنێکی تاقەت پڕووکێن و بەیارمەتی هەندێك ئەندامی نیگارکێشی ڕێکخراوەکە بەنهێنی لە ژێرزەمینێکدا تەواوکردو پێش ئەوەی بەدیوارەکانی شاریشدا هەڵبواسرێت، لەکاتێکدا من لە ژێرزەمینەکەدا نەبووم کەسانێك شوێنەکەیان دۆزیبۆوەو دەستیان گرتبوو بەسەر هەموو وێنەکاندا و دواتر سووتاندبوویانن).

پاش ئەوە هەموو ئەو کردە سێکسییەم بیر هاتەوە کەپێش ماوەیەك لەو ژوورەدا لەگەڵم کرابوو، دەتگوت بەفیلم پیشانم دەدەن و منیش تەماشای دەکەم. هەرچەندە کاتێك وای لێکردبووم، لەهۆش خۆمدا نەبووم بەڵام وەك کەسێك چۆن پاش نەشتەرگەرییەك دیمەن و وێنەکانی دێتەوە پێش چاو، منیش ئاوا هەموویم دەهاتەوە پێش چاو، بەڕووت و قووتی هەستامە سەرپێ و بەشێوەیەك زریکاندم کە پێم وابوو هەموو ماڵەکانی هاوسێی بارەگاکە گوێبیستی بووبێتن، بەڵام هیچ خۆی تێك نەداو گوتی:

(من هیچ لە"شەهرام"ەکەت ناکەم و هەر کاتێك بمەوێت دەتوانم ئازادی بکەم، بەڵام ئەمە لەیەك کاتدا ڕوو دەدات کە تۆ بەئیختیاری خۆت ئەوەم لەگەڵ بکەیت کە ئێستا لەگەڵم کردیت و بەشێوەیەکی بەردەوام و

هەر کاتێکیش خۆم حەزمکرد، تۆ بێجگە لە پیرەدایکێك کەسی ترت نییەو دوو براکەشت دەمێکە کوژراون و هەتەو نیتە ئەم "شەهرام"یە کە نازانم کچێکی جوانی وەك تۆی چۆن بۆ هەڵخەڵەتێنراوەو دواتر هینیشی کردووی، خوا شایەتە هەر پێش ئەوەی بیکەم زانیم کچ نیت. جا لەبەرئەوە هیچ هات و هاوارێك دادت نادات و باشترین شت ئەوەیە گوێڕایەڵم بیت، ئەگەر رۆژێکیش نەتویست لەگەڵت راببوێرم ئەوە مێینەیەکی ترم بۆ بێنە لەجێی خۆت، بەڵام لێت ناشارمەوە ئەمە تاسەر دادم نادات و هەر تۆم دەوێت، باوەڕت هەبێت هەر ئەوەندەی ئاقڵبیت زۆر بەئاسانی رادێیت، زۆری وەك تۆم راهێناوەو کارێکی زۆر قورسیش نییە، پاداشتیشی هەیە کوێت بووێت تەعینت دەکەم، کێت بووێت بۆت لەناو دەبەم و زۆر شتی تریش).

هەر دوا بەدوای ئەوە سەدان جار سوارم بوو، بەوەشەوە رانەوەستاو منی گەیاندە لای کەسانی لە خۆی بەدەسەڵاتر و لە هەموو شاردا بە سۆزانی ناسرام و خەڵکی تریش پێم فێر بوو. هەرچەندە دواتر "فەرهاد تانجووریی دووەم" "شەهرام"ی ئازادکرد بەڵام تازە کار لەکار ترازابوو نەمدەتوانی بیبینمەوەو ئێستاشی لەگەڵدا بێت نەمبینییەوەو ناشزانم پاش ئەوە چی روویدا، لە کاتێکدا ئەگەر بەڕاستی لەگەڵ تۆدا لەم شارەدا بم نازانم چۆن گەیشتوومەتە ئێرە.

❊ ❊ ❊



## (پێنجەمین گێڕانەوەی فەرهاد تانجووریی دووەم)

لەبەردەم کەناری رووبارەکەی بەشی پێشەوەی شەقامی"مسیۆ دۆبری"دا راوەستابووم، دەمڕوانییە بێکۆتابوونی شەپۆلەکان، هەستم دەکرد هەمیشە ئەوان لە ئێستادان، پێموانەبوو رابردوویەکیان هەبێت یان داهاتوو، ئەوان هەمیشە ئێستا بوون و لەبنەڕەتیشدا تەنها ئاو بوون، یەکەمجار بوو بەو شێوەیە هەست بەسیحری ئاو بکەم، ئاو ئەو شتە بوو لە دەرەوەی بازنەکانی مردنەوە هەبوو، هەردەم هەبوو، بە نەبوونیشی هیچ شتێك نەدەبوو. لەو کاتەدا بیرم لەوە دەکردەوە چی دەبوو منیش دڵۆپە ئاوێك بوومایە و ئەگەر رۆشبچوومایەتە نێو ناخی زەوی، ئەوە لەوێوە بەهۆی رەگێکەوە جارێکی تر سەفەرێکی ترم دەست پێدەکردو لەڕێی قەد و لك و پۆپ و گەڵاکانییەوە چاوم بەدنیا دەکەوتەوە، یان لەمیوەیەکی گەیوییدا جێم دەبۆوە و رەنگە لەنێو زاری کچێکی جوانکیلەدا بتواماییەتەوەو بەنێو بەدەنی ئەویشدا رۆبچوومایەتە خوار، ئەگەر ئاو بوومایە ئاستەم بوو هیچ شتێك بەئاسانی بیتوانیایە پیسم بکات، ئەگەر پیسیش کرابام ئەوە دەبوومە هەڵم و پاك دەبوومەوەو بە ئاسماندا سەفەرم دەکرد. لەو کاتەدا بیرم لە بێمانایی ژیان دەکردەوە، کە ئێمە مەحکومبین بەمەرگ بۆ دەبێت بژین، بۆ دەبێت هەبین و ئەو هەموو ئازارو ئەشکەنجەیە بکێشین، چ وەهمێکە ئەو ژیانەی تێیدا دەژین، چ بێماناییەکە ئەوەندە

هەبین تا وەك خۆمان وەچە دەخەینەوەو ئەوانیش وەك خۆمان گەورە دەبن و ئیدی دەبێت بەجێیان بهێڵین و بڕۆین بەرەو مەجهول بەرەو ناشوێن و نازەمەن، بەرەو تاریکی و نەبینین، بەرەو دنیای قسەنەکردن و نەبیستن، لە هەمووشی سامناکتر هەموو ئەو ئەفسانانەن کە باس لە زیندووبوونەوەمان دەکەن، بۆ دەبێت زیندوو بکرێینەوە لە پێناو چیدا دەبێت حەق و حیسابمان لەگەڵدا بکرێت، ئێمە چ ئیختیارێکمان لە هەڵبژارنی ژیاندا هەبووە تا دواجار بەبێ ویستی خۆمان جێی بهێڵین.

لەو کاتەدا ئەو "شەهرام"ەم وەك تارماییەك نزیك کەنارەکە بەدیکرد کە پێشتر کتێبی سۆفییەکەی بۆ هێنابووم، بەڵام ئەمجارەیان رەنگ و بۆی سۆفییانی لێنیشتبوو، پێدەچوو رێگەیەکی هێجگار دووری بڕی بێت، ماندو و شەکەت ماوەیەك لە شوێن خۆیدا هەڵترووشکا و دواتر گوتی:

(تۆ بەبێ ئەوەی بە خۆت بزانیت باشترین موریدی رێگەی دۆزینەوەی شتە نەزانراوەکانیت، توانیت دوورترین رێگەی سەفەر بگریتەبەر و بەچەشنی سۆفییەکان دنیا بگەڕێیت، تۆ ئەو کەسەی لە نێو وشەکاندا بۆ مانا ناگەڕێیت، وشەکان وەهمن و راستییەکان لەنێو وێنەکاندان، بەبێ بینین هیچ شتێك بوونی نییە، خۆشەویستییەکی نەبینراو خۆشەویستی نییە، خۆشەویستی لە نێو وشەکاندا وەهمە، خۆشەویستی تۆ بۆ کچە ئەکتەرەکە و دواتریش بۆ ژینا تەنها وەهمە، بەڵام بەبێ ئەوەی بەخۆت بزانیت تۆ ئاشقێکی سەرشێتی ئەو کچە عەرەبەی کە عیشقی پێ بەخشیویت، ئەوەی کە لەگەڵت کردووە خەیاڵ نییە، چێژبینیت لەو وەهم



نییە، شتێکە بووەو هەبووە، کە گەیشتیتە تەمەنی من رەنگە لە زۆر شت بگەیت کە لەئێستادا فامکردنی بۆ تۆ زەحمەتە، من دەمێك ساڵە جیاوازییەك لە نێوان باشەو خراپەدا نابینمەوە، دەمێك ساڵە گەیشتوومەتە ئەو راستییەی زەمەن تەنها شوێنی گۆڕانی رووکار و دەموچاو و گۆڕینی ماسکەکانە، لە نێو زەمەندا هیچ روونادات!؟ ئێمەین زەمەن بۆ خۆمان دروستدەکەین، ئێمەین کاتژمێرەکان دادەهێنین و میقاتی دەکەین، ئێمەین رۆژو هەفتەو مانگ و ساڵەکانمان داهێناوە، ئێمەین لە هەموو شتێك دەپرسین و بۆ وەڵامێکی پڕ لە وشەو مەجاز و سەجع دەگەڕێین، تا پێی تەسکین بین. ئەگینا هەموو ئەوەی کە دەیزانین یان نایزانین هیچ لەمەسەلەکە ناگۆڕێت، من هەرگیز بەشوێن سەرەتای شتەکاندا نەگەڕاوم، چونکە هەموو شتێك لای من کۆتاییە، ئێمە رۆژی لەدایك بوونمان دوا رۆژی ژیانمانە نەك سەرەتا، چونکە لەو رۆژەوە بەرەو مەرگ دەچین، هەر لەم روانگەیەوە هەموو بوونێك کۆتاییە، سەرەتا تەنها بەکوشتنی یادەوەرییەکان دێتە بوون کەمەحاڵە، هەموو دوور کەوتنەوەیەك لەخود دوا شوێنی هەر خود خۆیەتی، هەر ئەم خودەشە کە دەمانکوژێت و لەناومان دەبات، ناتوانین بچینە نێو ناشتێکەوەو لەوێدا بمێنینەوە، وشەکان دەستبەردارمان نابن، ئەو وشانەی لەهۆشمەندییەوە هەڵدەقوڵێن، هۆشمەندی بەڵایەکی گەورەی ئێمەی مرۆڤە، بەدەر لەوە دنیا بوونێکی تری هەیە، بوونێکی بێدەنگ و بێ پرسیار، بوونێك کە ئاژەڵەکان تێیدا بەختەوەرن، بەهەموو ئەو تراژیدیایەی تێیدا دەژین. ئێمە

لەڕێگەیەکی لوولپێچیدا هەڵدەسووڕێین و قایلین بەوەی کە روودەدات، هیچ شتێك لەم دنیایەدا پیرۆز نییە، لە کاتێکدا ئێمەین ئەودالّی پیرۆزکردنی شتەکانین و پیرۆزیان دەکەین، دواتر لە پێناو ئەو شتەی کە پیرۆزمان کردووە دەکوژین و دەکوژرێین، گوند و شارو وڵات و شوێنەکان وێران دەکەین، ناوی شوێنەکان لەسەر نەخشە دەسڕینەوە، نەیارەکانمان کەوڵ دەکەین، ناشرینترین شت دادەنێین کە ئەویش یاسایە، ئەو یاسایانەی بەتێپەڕبوونی زەمەن هەر خودی مرۆڤی زەمەنەکانی تر پێی پێدەکەنن و گاڵتەیان دێت. لەوەتەی هەم نەفرەت لە"حامورابی" دەکەم، ئەو خوێنڕێژەی یاساو قوتابخانەی بۆ ئێمە دانا، ئەو پیاوەی دەست بڕین و کوشتن و هەڵواسینی کردە یاساو ئەو یاسایەش لەمڕۆدا، تائەو ڕۆژەی دەمرین دەستبەردارمان نابێت و هێندەی ژیان بۆخۆی بێمانایە ئەوەندەی تر بێمانای دەکات. من هەمیشە باوەڕم وابووە تیۆرییەکان هیچ مانایەکیان نییە، ڕەنگە جوان بن یان ناشرین بەڵام دواجار هیچ نین جگە لەو وشانەی کە سەرمان دێشێنن، ئێمە دەبێت بەشوێن ڕێگە چارەیەکدا بگەڕێین لە بەدبەختی و کلۆڵی رزگارمان بکات، ئێمەیەك کە بەفیتڕەت و غەریزە بارگاوین بەشەڕانگێزی بەچی دەسەتەمۆو کەوی دەبین، بەچی ئەو خودەمان رام دەکەین و بۆ دەبێت رامی بکەین و لە پێناو چیدا!؟ یان بەچی بۆمان رام دەکرێت، ئەگەر پێمان رامکرابا زۆرێك لە کتێبە ئایینییەکان پڕ نەدەبوون، لەحیکایەتی غەزاو تەعەداکردنە سەر مێینەو بەڕەوا زانینی کوشتنی مرۆڤ و سەدان شتی تریش، جا هۆکارەکەی هەر شتێك بێت و



بووبێت. ناکرێت هێزێکی غەیبی بە تۆ بڵێ بکوژەو بەناوی منەوە پەلامار بدە، ئەوی دێتە بەردەمت مەحفی بکەو هەر چیەکیشت دەستکەوت هی خۆتە، ناکرێت هێزێکی غەیبی بە تۆ بڵێ ئەوانە بکوژە کە بۆ خۆیان هەن و بیردەکەنەوە، من سەوداسەری تەسەوفم، شێتی دنیای هەموو ئەو سۆفیانەم کە گەیشتوونەتە یەقینی نەبینینی ئەوەی کە نابینرێت. ئەوان ئەو دەنگە راستەقینەیەی نێو ناخی کەسە جوانەکانن، بەبێ خۆدان لە هیچ تیۆرییەکی زانستی و پێچ و پەنای فەلسەفە توانییان حەقیەتی هەموو ئەوە ببینن کە روویداوەو روودەدات. من دژ بە هەموو یاسا و سیستمەکانم، دژ بە هەموو دەسەڵاتێکم، لەم دنیایەدا هیچ دەسەڵاتێکی جوان نەبووەو نابێت. ئێمە هەموومان پارچەیەکین لەو گەمە ناشرینەو بەبێ بوونی ئێمەش هەموو ئەوەی کە دەکرێت ناکرێت بکرێت. بەردەوامبوونی توخمی مرۆڤ گەورەترین کارەساتە بۆ جوانییەکانی سروشت، بۆ دنیای ئاژەڵان، بۆ بێگیانەکان، بۆ هەر شتێك کە هەیە. نازانم چ حیکمەتێك لە بوونی ئێمەدا هەیە جگە لە ناشرینکردنی دنیا، تا"ئیبلاس" ناچار بکرێت سووژدەمان بۆ بەرێت، هەر ئەمەشە ئەو سۆفییە پێی گەیشتووە. چۆن دەکرێت ئێمە شتێك تاوانبار بکەین بە هەڵگەڕانەوەو یاخیبوون لە گەورەترین هێزی غەیبی لە کاتێکدا ئەو شتە ئێمەین و ئەو هێزە غەیبییەش خەیاڵێکی خۆمانە. کاتێك داوام لێکردیت وێنەی تەسەووری سۆفییەکەم بۆ بکەیت سەبارەت بە"ئیبلاس"، تەسەوورم نەدەکرد وێنەی "شیڤا"م بۆ بکەیت، چونکە هیچ کاتێك "ئیبلاس"ی

کلۆڵ نەیتوانیوە بە چەشنی"شیڤا" سەما بکات، نەیتوانیوە بە چەشنی ئەو سەماکەرەکان لە دەوری خۆی کۆبکاتەوە، ئەو هەمیشە لەتاو نەفرەتی ئێمەی مرۆڤ، لە دوورەدەسترین شوێنی ناخماندا وەك منداڵێکی ترسنۆك و شەرمن خۆی حەشارداوە، لەو شوێنەدا زۆر گریاوەو ئێمە گوێمان لە گریانی نەبووە، زۆر پاڕاوەتەوەو ئێمە گوێمان لە پاڕانەوەی نەبووە. ئەوە هەمیشە نەفرەت لێکراو بووە لە پێناو ئێمەی مرۆڤ، ئێمەیەك کە یەکتر سەردەبڕین، بەبێ ئەوەی ئەو ئاگاداربێت یان پرسمان پێ کردبێت، ئەو بێ ئاگایە لەوەی ئێمە دەیکەین و باکیشی پێ نییە. تۆ دەبوو وێنەی بوونەوەرێکی کلۆڵ و نەگبەتم بۆ بکەیت، وێنەی بەردو دارێکی بێدەنگم بۆ بکەیت، وێنەی مرۆڤە کوژراوەکانم بۆ بکەیت، وێنەی مێینە ئەتککراوەکانم بۆ بکەیتە تابلۆ، نەك سەماو شایی و بەزم و سەفای خوداوەندێکی خوا پێداوم بۆ بکەیتە وێنە، وێنەی ئەو نەبووە حەزینە بشێوێنیت، وێنەی ئەو پاڵەوانە تراژیدیایە هەڵگێڕیتەوە، نەدەبوو ئەو کارە بکەیت و پێم باشتر بوو هیچت نەکردایە، نەك ئەوەی کە کردت، ڕاستییەکەی من زۆر داخ لە دڵم لە کەسێکی وەك تۆ لە کاتێکدا دوور بە دوور بە موریدی خۆمم دەزانیت، لەمڕۆوە هەموو شتێکی نێوان من و تۆ کۆتایی پێهات لە کاتێکدا هیچ دەستپێکێکی نەبووەو نابێت لەبەر ئەوەی هیچ شتێك دەستپێکی نییە).

پاش ئەو قسانەی کە گوێم لێبوو هەستمکرد بۆشاییەکی گەورە لە ناخمدا هەیە، بۆشاییەك کە هەرگیز هیچ مەعریفەو زانینێك پڕی



ناکاتەوە، پانتایی هیچ گەڕان و سەفەرێك هێندەی ئەو فراوان نییە، بۆشاییەك سەرباری ئەو هەموو فراوانیی و گەورەییەی، بە ئاستەم جێگەی منی دەکردەوە، منێك کە بەشێك بووم لە بۆشایی، بەشێك بووم لە نەزانینی ئەوەی کە روویدەدا. لەو ساتەوە من ئەو کەسەی پێشوو نەبووم، لە کاتێکدا من پێش ئەوەش کەسەکەی پێشووتر نەبووم، من تاوانبارێکی گەورە بووم، بە شێواندنی وێنەیەك کە نەدەکرا تەسەووری بکەم، نەدەکرا گومان لە خراپەکانی بکەم، نە دەکرا هەموو ناشرینییەکانی دنیا نەدەمە پاڵی، لە کاتێکدا ئەگەر یەقینیش بوومایە لە نەبوونی، بەڵام دەبووایە هەبێت تا لە جێی ئێمە تاوانەکان هەڵگرێت، لە جێی ئێمە بەنەفرەت بکرێت، لە جێی ئێمە شاربەدەر بکرێت، لە جێی ئێمە بەردباران بکرێت، لە پێناو دەرخستنی جوانی ئێمەدا بۆ هەتا هەتایە بەناشرینی بمێنێتەوە.

* * *

## (حەوتەمین گێڕانەوەی ژینا)

نازانم لە چ کاتێکدا کوژرام، گەرچی کات و ساتی کوشتنەکەم هیچ گرنگ نییەو بەدەرە لە هەموو مانایەك، چونکە هەر لە ساتەوەختی کوشتنمەوە کات شتێك نەبوو پێوەندی بەمنەوە هەبێت، باوەڕناکەم پێوەندی بەهیچ کەسێکی تریشەوە هەبوویێت و لە داهاتووشدا هەبیێت.

ئەوەی گرنگ بوو من کوژرام، بەڵام رەنگە ئەویش گرنگ نەبێت، چونکە لەو شارەدا هەر بەتەنیا من نەکوژرام، بەڵکو چەندین مێینەی وەك من کوژران. ئێمە ئیختیارێکمان نەبوو لەوەی کە روویدا، نەدەکرا پێچەوانەی ئەو شەپۆلانە مەلە بکەین کە ئێمەی بەرەو مەرگ برد، هەرچۆنێك بێت دڵخۆشی خۆمان بەوە دەدەینەوە، خۆ ئەگەر نەشکوژراینایە ئەوە هەر دەمردین، هەر هیچ نەبێت لە ئێستادا چووینەتە مێژووی ئەو ساتەوەختەی زۆرترین مێینەی شارەکەی تێدا کوژرا، گرنگ نییە کێ ئێمەی کوشتووە، گرنگ ئەوەیە کەسانێك هەن دەتوانن ژیان لەو زیندووانە بسەننەوە کە بەبۆچوونی ئەوان شایانی ژیان نین، دەتوانن لە جێی "ئیزرائیل" رۆحمان بکێشن، دەتوانن بەبێ سڵەمینەوە لەناومان بەرن لە کاتێکدا ئێمەین مشکێکمان بۆ ناکوژرێت ئەگەر زیانبەخشیش بێت.

سەرەتا ئەوەی دوای کوژرانم نیگەرانی کردم، شێوەی کەوتنم بوو بەچەشنێك هەموو ئەوانەی بینیانم تێر روانییانە دەرپێکەم، ئەو دەرپێیەی کە دەبوو بە پێی زەوقی ئەوانەی لەگەڵیان رادەبوویرم زوو زوو بیگۆڕم و



هەر جارەی رەنگ و شێوەیەك لەپێ بکەم، تا کار گەیشتبووە ئەوەی دەیان دەرزەن دەرپێ بکڕم و پێش ئەوەی بچمە لای هەر یەکێك لەوانەی کە لەگەڵمدا رایاندەبوارد پرسیاریان لێبکەم چ رەنگ و شێوە دەرپێیەکتان پێ جوانە، گەرچی رۆڵی دەرپێکە کورت خایەن بوو، هەر زوو دەبوو دامبکەندایە.

ئەوەی دواتریش نیگەرانی کردم بە شداریکردنی"فەرهاد تانجووریی یەکەم" بوو لە پرسەکەم و دواتریش لە کۆڕو مەراسیمی چلەکەمدا ئەو وتارەی خوێندیەوە زۆر ئازاری دام، ئەگەر بمتوانیایە بێمە دەنگ لەو کاتەدا بێ ترس هەموو راستییەکانم دەگوت، بەڵام تازە من کوژرابووم و نەدەکرا هیچ بڵێم. لە وتارەکەیدا گوتی:

(ژینا پەپوولەیەکی حزبمان بوو، شەریفترین و پاکترین گوڵێك بوو کە هەمیشە دەیویست لە پێناو بەرگری لە راستیەکان و جوانییەکان گیانی خۆی بەخت بکات، ئەگەر نەکوژرایە من بڕیارم دابوو بیکەمە هاوسەری خۆم، ئەو پاکیزە بوو، پەری بوو، فریشتە بوو، هەموو شتێکی جوان ئەو بوو. نازانم بەبێ ئەو کیژە بێگەردە روو لەکوێ بکەم، منێك کە عیشقی شیعرو ئاو و گوڵم، نازانم چۆن دڵم بەرگەی ئەو ئازارە دەگرێت. ئەو چەپەڵانە بۆ کوشتیان ئەو پەریزادە شەریفە چی کردبوو، بێجگە لە خۆشویستنی هەژاران و لانەوازانی شارەکەی، بێجگە لە خۆشویستنی حزبەکەی، ئەو لەمرۆوە شەهیدی حزبە، شەهیدی رێگەی سەرفرازییە، شەهیدی رێگەی بەختەوەری و ئازادیی و یەکسانییە. ئەو زۆر لەوە مەزنترە من لێرەدا بتوانم بە ئێوەی بناسێنم، ئەو راهیبەیەك بوو خۆی دانابوو لەو

دنیا شوو بەمەسیحی ئازادیی بکات، ئەو پەرییەك بوو بەبێ ئەوەی شەهیدبوونی بە بەهەشتی شاد بکات ئەو هەموو کاتێك لە بەهەشتدا بوو. ئەو هەمیشە کە دەهاتە لای کەسانێکی ماندوو و خەباتگێڕی وەك ئێمە، چاوی نووری لێدەباری، تەنها ئەو و کەسانی وەك ئەو دەیانزانی ئێمە چیمان چەشتووە تا ئەم ڕۆژەمان بۆ ئێوە بەرقەرار کردووە. بەڕێزان ئەو نەمردووە و ناشمرێت، ئەو هەمیشە زیندووە و دڵنیاشبن ئێستا وەك هەر یەکێك لە ئێوە گوێی لە قسەکانمە، دڵنیابن فرمێسکەکانتان دەبینێت، خاترجەم بن ئەو سوپاسی ئامادەبوونتان دەکات، یەقین بن ئەو پێتان دەڵێت هەرگیز کۆڵ مەدەن و بەگژ جەنگاوەرانی تاریکیدا بچنەوە، تامردن لە ڕێگەی حزب لامەدەن، باوەڕتان بێت گوێم لە دەنگیەتی دەڵێت:

"حزب گەورەی هەموومانەو ئێمەش بچووك و هیچ شتێکیش نییە، بەردەم حزووریی گەورەیی ئەومان پێ چۆڵ بکات، هەتا هەبین دەستەو نەزەر لە ئاست حزبدا هەر بچووکین و بچووکین و بچووك"، هەر بژی ژیناو هەموو ئەو مێینانەی لە پێناو داکۆکی لە شەرەفی هەموومان گیانی خۆیان بەختکرد...).

پاش کوژرانم زۆر شتم لە بارەوە گوترا، زۆر شتم لە بارەوە نووسرا، زۆر شتم لە بارەوە خوێندرایەوە، کە هیچیان پێوەندییان بە ڕاستییەکانی ژیانی منەوە نەبوو. کاتێك پۆستەرەکانی خۆم دەبینی بە هەموو شوێنێکی شاردا هەڵواسراون، زۆر نیگەران دەبووم بەو هەموو درۆیەی لە بارەی منەوە نووسرابوو، نەمدەویست پاش کوژرانم کەس بەزەیی پێمدا بێتەوە، نەمدەویست هیچ کەسێك بەوە هەڵخەڵەتێنرێت کە من پاکیزەیەك بووم و



بێگوناه بووم، من گەورەترین تاوانبار بووم، دەبوو پاش ئەوەی "فەرهاد تانجووریی یەکەم" سوارم بوو، دنیام تێبگەیاندایە، دەبوو هەموو کەس بیزانیایە لەپشت دیوارەکانی بارەگاکانی ئەو و کەسانی وەك ئەوەوە چ دەگوزەرێت، دەبوو بە هەموو کەسێکم بگوتایە "فەرهاد"و هاوچەشنەکانی هەر چییەکمان بۆ باس دەکەن درۆیە، بەڵام بە کێم بگوتایە، بۆ کێم باسبکردایە، لای کێ خەمی دڵی خۆمم هەڵبڕشتایە، کێ هەبوو گوێم لێبگرێت، کێ هەبوو هیچی پێبکرێت، لە ڕۆژگارێکدا پرێمز دەخرایە ژێر گێراوەکان، سوژن بەکونی چووکیاندا دەکرا، بە سەعات بەڕاست و چەپ کراوی بەجێ دەهێڵدران، بە بەرچاویانەوە تەعەدا لەکەسوکاریان دەکرا، لەو ڕۆژگارەدا بە بلۆك نەیارەکان دەکوژران. نازانم لەو ڕۆژگارەدا قسەم بۆ کێ بکردایە، کێ هەبوو بەهانامەوە بێت، کێ هەبوو وەك سۆزانییەك تێم نەڕوانێت، تازە من ئەندامێکی ئەو تۆڕە نهێنییەی پڕ لەسۆزانییەکان بووم، کە تادەهات دەبوو ژمارەی زیاد بکات و کار بۆ زیادبوونی ژمارەشیان بەبەرنامە دەکرا. زۆرجار "فەرهاد تانجووریی یەکەم" پێدەگوتم:

(دەزانی ئێوەن حزبتان بەپێوە ڕاگرتووە، ئەگینا ئێمە بەچی بەرپرسی ڕێکخراوە بیانییەکانمان بۆ ڕازی دەکرێت، بەچی زانیاری نەیارەکانمان پێبگات، بەچی بزانین لە دەرەوەی خۆمان چ دەگوزەرێت، ئێوە سەربازی ونی ڕێگەی خەباتن، تازە شێوازی کۆنی خەبات بەسەرچوو، بیرمە جارێکیان بە شەو لەگەڵ کۆمەڵێك کەسی وەك خۆم هێرشمان کردە سەر مەلهایەکی قەراغ شار، ڕژێمی پێش ئێمە بۆ دوورخستنەوەی گەنجان لە خەبات لەوێ

داینابوو، هەر هەموویانمان کوشتن و جارێکی تریش شتی وا لەو شوێنەدا دانەنرایەوە، بەڵام ئێمە ئێستا ناچارین کار بۆ دانانی ئەو جۆرە شوێنانە بکەین ئەگینا خاوەن کۆمپانیاو پیاوە گەورەکانی دنیا هیچ ئامادە نین سەرمایەی خۆیان بهێننە وڵاتێکەوە، لایەنی کەم ڕێزیان نەگیرێت، هەرچەندە ئێستا بەناردنی ئێوەو مانان دەبری دەکەین، بەڵام ئەمە تاسەر داد نادات و پێویستمان بەمەلها و دیسکۆ و پانسیۆنی رابواردنە، منیش حەز ناکەم مێینەی کورد بێجگە لە ئێمە لەگەڵ کەسێکی غەیرە کورد راببوێرێت، بەڵام باوەڕت بێت کورد نەبێت نایانەوێت و بگرە هەزار جوێنیشمان پێدەدەن).

❊ ❊ ❊



## (شەشەمین گێڕانەوەی فەرهاد تانجووریی دووەم)

لەخەونمدا لەزەمەنێکی دێریندا دەژیام و یەکێك بووم لە موریدەکانی سۆفییەکی ناسراوی ئەو سەردەمە کەناوی "شەهرام" بوو.

پێش ئەوەی ببمە سۆفی جەللادێکی بەناوبانگ و بەنامێی پانتایی دەسەڵاتی میری کوردان"میری میران" بووم، هەبوون هەر بە بیستنی ناوم زراویان دەچوو، چونکە هەمیشە تەورم لەکوشتندا بەکاردەهێناو زۆر لە سەرەخۆو بەچێژبینینەوە هەر جارەی پارچەیەکی جەستەی ئەو کەسەم لێدەکردەوە کە بەفەرمانی میر دەبووایە بکوژرایە، سەرەتا لە پەنجەکانی دەست و پێیانەوە دەستم پێدەکردو هێدی هێدی بەرەو سەر دەچووم. هەموو ئەوەی کە دەشمکرد بەشێك بوو لە کارەکەم، کە راستەوخۆ بە فەرمانی میر بەو چەشنە قوربانییەکانم کەلەپاچە دەکردو هەمیشەش پێیدەگوتم:

(من بە تایبەت تۆم لە جەللادەکانی تر جیاکردۆتەوەو تایبەتمەندم کردوویت لە کوشتنی نەیارە سەرسەختەکانمدا، ئەو تاوانبارانەی زۆر نەیارم نین و تاوانێکی ئاساییان کردووە کوشتنیان لەسەر تۆ نییەو هەر جەللادی ئاسایم زۆرە ئەو کارە بکەن).

ڕۆژانێکی دوور و درێژ بەبێدەنگی کاری خۆم دەکردو هەرگیز بیریشم لەوە نەدەکردەوە ڕۆژێك لە ڕۆژان پیاوانی میر تا دواسنووری دەسەڵاتی میر راودووم دەنێن و بەناچاری هەڵدێم. هەموو ئەمەش ڕووینەدەدا ئەگەر میری کوردان لەپڕ بیری لەوە نەکردایەتەوە کە لەمەودوا هەر کچێکی جوانی

مەملەكەت شوو بكات یەكەم شەوی بۆ میر دەبێت و هەر كەسێكیش ناڕازی بێت، دەست و قاچی دەبڕدرێتەوە.

نەمزانی ئەم بیرۆكەیە كێ چرپاندبووی بەگوێیدا، چونكە میر وەك زۆربەی میرو دەسەڵاتدارانی كورد كەم ئەقڵ و گەوج بوو، بەبێ ئەوەی یەكێك تەگبیری بۆ بكات بەئاستەم راست و چەپی خۆی بۆ جیادەكرایەوە. سەرەتا خەڵكێكی زۆری ناڕازی كوژراو دواتر هێدی هێدی ترس و خۆف وای لە خەڵكەكەی تر كرد كە لەڕوو هیچ شتێك نەكەن میر پێی تووڕە بێت، بەو پێیەی میر تەنها تالیبی كچە جوانەكان بوو، بڕیاریاندا چی تر كچی جوان بەشوو نەدرێت و تا كۆتایی حوكمی میر بە كچێتی بمێننەوە. بەڵام ئەمەش دادی نەدان و زۆرجار بەرێكەوت كچێك كە ئەوان پێیان ناشرین بوو، پیاوانی میر بە جوانیان لەقەڵەم دەداو پەلیان دەگرت و تا كۆشكەكەی میر رانەدەوەستان.

ئەو شەوەی بۆ یەكەمجار كچێكیان هێنایە لای میر زۆر پاڕایەوەو گوتی:

(بۆ خاتری ئەنبیاو ئەولیاو پیرو پیاوچاكان، بۆ خاتری ئەو خوایەی ئایەتەكانی بە دیواری كۆشكەكەدا هەڵواسراون، لاقەم مەكەو ئابڕووم مەبە، ئەوەی تۆ دەیكەیت شەرعی خوا نییە، تاوانە.. زینایەو جێگەشت ئاگری دۆزەخە).

میری میران بە پرچ كچەكەی راكێشایە نێو ژوورە ئاوێنە بەندەكەیەوە، بەبێ گوێدانە هاوارو زریكەو پاڕانەوەی كچە بە بەرچاوی هەموومانەوە سواری بوو.

ئەوەی كەمیر كردی هەموو دابونەریتی بووك رازاندنەوەو ئاهەنگ گێڕان و زەماوەندی گۆڕی. ئیتر بووك نەدەڕازێندرایەوە، نەدەبرایە حەمام،



دەموچاوی سپیكاری نەدەكرا، چاوی بە كل رەش نەدەكرا، جەستەی گوڵاو پرژێن نەدەكرا، جلی سپی لەبەر نەدەكراو تارای سووری بەسەردا نەدەدرا. ئەو كچانەی شوویان دەكرد جلی رەشیان لەبەر دەكرا، بە چڵكەوە بەرێدەكران، لە جێی زەماوەندو شایی و خۆشی هەزار ئایەتی "سومم بوكمی" بەسەردا دەخوێندرا، تا خوا بەگەورەیی خۆی لە بەرچاوی پیاوانی میرو سیخوڕەكانی ئەوەندەی خۆی ناشرینە دە هێندە ناشرینتری بكات.

قەیرە خوشكێكی تاقانەم هەبوو لەبەر ناشرینی شووی نەكردبوو، بەڵام بەو پێیەی تەڵەب لەسەر ناشرینەكان زیادی كردبوو، هەر دەبوو ئەوانیش بەشوو بدرێن. خوازبێنیكەرێكی زۆر هاتنە داوای خوشكەكەم و بێ ترس دامە بازرگانێك. تووشی هیچ دوودڵییەكش نەبووم چ لەبەر ئەوەی ناشرین بوو، چ وەك ئەوەی خۆم پیاوی میر بووم و نەدەچووە ئەقڵمەوە ئەگەر خوشكەكەم جوانیش بووایە میر بەلایدا چووبا. لەو شەوەدا كە قەول بوو بچێتە لای مێردەكەی، میر ناردی بەشوێنمدا و هەر كەگەیشتمە لای دەستەو نەزرەر لە حزووریدا راوەستام، بەتووڕەییەوە گوتی:

(دەڵێی شتمان لێ دەشاریتەوە، لەوانەیە واتزانیبێت بێئاگام لەوەی كە كردووتە، تۆ نازانی یەكەم شەوی هەر كچێكی جوان هی منە؟!).

گوتم:

(بەڵام قوربان خوشكم قەیرە كچێكی زۆر ناشرینە).

گوتی:

(ئەی نازانی مەرجی جوانبوونی بووكێ تەنها تایبەتە بە خەڵك و بەڵام هەموو ئەوانەی پیاوی خۆمن ئەو مەرجە نایانگرێتەوە، جوان بێت یان ناشرین فەرق ناكات، هەی نانەجیب كەم نانی منت خواردووە، تەمەڵ و

تەوەزەلێکی وەك تۆ، من نەبوومایە کێ هەبوو کارێکی پێبدا، دەبوو بە شانازیی و سەربەرزی و شکۆوە یەکەم شەوی خوشکی خۆتت بۆمن دابنایە، باشە سبیەنێ ئەو خەڵکە چیم پێدەڵێت، ناڵێن بۆ کچی ئێمە ئازایەو بۆ پیاوەکانی خۆشی دەنگ ناکات).

هەر کە قسەکانی تەواوکرد فەرمانیدا بەپەلە خوشکەکەم بهێننە بەردەستی، هێندەی نەبرد بەچاوی فرمێسکاوییەوە هێنایان، ویستم دەست بدەمە شمشێرەکەم ژمارەیەکی زۆری چەکدار کە لەوێدا بوون چەکیان کردم و دواتر بەفەرمانی میر سیانیان بە قۆڵبەستراوی بردمیانە دەرەوەی کۆشکەکەوە، هەر ئەوەندەی قۆڵیان کردمەوە پەلاماری شمشێری دەستی یەکێك لە سێ کەسەکەم داو زۆر بەخێرایی هەر سێکیانم کوشت و هات و هاواریان چەکدارەکانی کۆشکی شپرزەکرد و سواری ئەسپەکەم بووم و هەڵهاتم، وەدوومکەوتن تا سنوورم بڕی، بەبێ ئەوەی بزانم خوشکەکەم چی لێ بەسەرهات و چارەنووسی دواتر بەچی گەیشت.

بە سەرشۆڕی مەملەکەتم جێهێشت و ڕوومکردە شارێك خەڵکەکەی زۆر بێدەنگ بوون، هیچ ڕووداوێکی ئەوتۆ لە نێویدا ڕووینەدەدا، چەندم کرد بۆم ڕوون نەبۆوە دەکەونە سنووری کامە میرو کێ بەرپرسی شارەکەیانە. دەرۆزەکردن لەو شارەدا کارێکی زۆر زەحمەت نەبوو، ئەوەی مەبەستم بوو بە دەستی بهێنم ژەمە خۆراکێك بوو، ئەویش لە بەردەم نزرگەو مەزاری پیرو پیاوچاکان و شوێنە پیرۆزەکاندا بەبێ پاڕانەوەو لاڵانەوە چنگ دەکەوت، هەمیشە خێرەومەندێك پەیدا دەبوو ژەمێ نانم بداتێ. شەوانیش لە سووچێکی کۆڵانە سێگۆشەییەکاندا دەخەوتم، یان کەلاوەو بینایەکی داڕماو و شوێنێکی لاچەپەکم بۆ خۆم دەدۆزییەوە، کەس هیچی



لێنەدەپرسیم و منیش کارم بەکەس نەبوو تا کەسێك بەناوی "شەهرام" هاتەوە نێو شارەکەوە. پاش ئەوەی ئەو زاتە بێهوودە بوو لە ڕاکێشانی خەڵکی شارەکە بۆ ئەو ڕێبازەی مەبەستی بوو بیگەیەنێت، لە ئێوارەیەکدا هاتە نێو ئەو کەلاوەیەی کە لەو ڕۆژەدا رووم تێکردبوو، گوتی:

(تۆ لەمڕۆوە موریدی منی، موریدی ڕێگەی حەقی، هیچ بیر لە ڕابردووی خۆت مەکەرەوە، خوشکەکەت خۆی کوشت و لەجێی تۆش جەللادێکی تر دانرایەوە).

کاتێك گوێم لە قسەکانی بوو زۆر سەرسام بووم، ئەو پیاوە ئاگاداری هەموو ئەو نهێنییانەی من بوو کە بێجگە لە خەڵکی مەملەکەتەکەی میر کەسی تر نەیدەزانی. لەو ڕۆژەوە وەدووی کەوتم و لە جەللادێکەوە بوومە سۆفییەك یان عارفێك یان نازانم بوومە شتێك، شتێکی زۆر جیاواز لەوەی هەبووم لە پڕ بەدیار گوڵێکی قەد شکاوەوە دەگریام، یان خەفەتم بۆ مەرگی خێرای پەپوولەکان دەخوارد، سەیر بوو منی جەللاد ئەو پیاوە نەبووم وا بەو ئاسانییە بگۆڕێم، بەڵام گریانی شەوانە منی گۆڕی، ئەو پیاوە هەموو شەوێك تا بەیانی من و موریدەکانی تری فێری گریان دەکرد، گریان بۆ بوونمان لەم دنیایەدا، گریان بۆ هەموو ئەو خراپەیەی کە دەیکەین، گریان بۆ هەموو ئەوانەی کە دەیانکوژین، گریان بۆ ئەو ئاژەڵانەی کە بەناحەق سەریاندەبڕین و گۆشتیان دەخۆین، ئەو پیاوە فێری ئەوەی کردم کە هەرگیز گۆشتی هیچ ئاژەڵێك نەخۆم، باسی ئەوەی بۆکردم ئەوانیش وەك ئێمە رۆحیان هەیە، مافی ژیانیان هەیە و بە هیچ ئێمە لەوان جودا نین و هیچ هێزێك نییە مافی خواردنی گۆشتی ئەوانمان لابکاتە شتێکی ڕەوا، بەڕای ئەو خواردنی گۆشتی مرۆڤ و ئاژەڵان یەك شت

بوون و هیچ جیاوازییەکیان نەبوو، کوشتنی مێروولەیەك و مرۆڤێك هاوتا بوون. کاتێك پێشم گوت:

(بەڵام من تاوانبارێکی گەورەم، ملی سەدان کەسم بەتەور پەڕاندووە).

گوتی:

(مەرج ئەوەیە ئیتر ئەو کارە ناکەیت و لە پێناو ئەم ڕێگەیەی ئێستادا ملی خۆت دادەنێیت، تۆ یەکێك بوویت لەوانەی مل دەپەڕێنن، بەڵام بڕوانە ئێستا، تۆ وازت هێنا و هەموو ئەوانەی لەگەڵ تۆدا جەللاد بوون هێشتاکە بەردەوامن، بەڵام تۆ بەردەوام نیت، جیاوازی تۆو ئەوانیش لەمەدایە).

گوتم:

(بەڵام ئەگەر ئەوەی ڕوویدا ڕووینەدایە، ڕەنگە هەرگیز وازم لەکارەکەم نەهێنایە و ئێستاش بەردەوام بوومایە، من وەك خۆم تۆبەم نەکردووەو بەویستی خۆم دەستبەرداری نەبووم).

گوتی:

(ئەوە قەدەرە کە نەیویستووە تۆ بەردەوام بیت، دیارە ئەمەش بێ حیکمەت نییە ڕەنگە تۆ هەڵبژێردراوی کارێکی زۆر گەورە بیت، کە بە ئێمە ناکرێت، جوانی تۆ لەوەدایە کە لەجەللادێکەوە بوویتە موریدێکی نەك هەر من، بەڵکو موریدێکی خودی "عەزازیل"یش، بێگومان ئەویش ئاگاداری تۆیەو دەتبینێت و هەستت پێدەکات).

لەو ڕۆژەوە کە ئەو قسانەم بیست هەستم بەئارامی کرد، بەتەواویی جەللادبوونی خۆمم لەبیر چۆوە، من موریدێکی "عەزازیل" بووم، بەڵام کێ بوو نەمدەزانی، زۆریش بەلامەوە گرنگ نەبوو بزانم، چونکە تازە ئەو



لەو دنیا بەرگری لێ دەکردم و باکم نەبوو، هەر کەسێك بیپرسایە تۆ کێی، وەڵامێکم پێبوو.

"شەهرام" توانایەکی سەیری هەبوو هەر خواردنێکی ڕووەکی کە دڵمان بیویستایە بە دوعاو نزایەکی تەلیسم ئامێزی ئەو دەهاتە بەردەستمان، ئەو میوەیانەی وەرزیان نەبوو، بە ئیرادەی ئەو بەگەییوی دەهاتنە پێش چاومان. هەموو شەوێك تابەیانی بۆ گوناهەکانی مرۆڤ دەگریا. کاتێکیش بێزار بوو لە خەڵکی ئەو شارەی هیچ شتێك کاری تێنەکردن، پاش ئەوەی گوتی:

(من جەللادێکم گۆڕی کەچی ئەوانم بۆ ناگۆڕێت، باشترین چارە جێ هێشتنیەتی!؟).

ئەوەبوو هەر پاش ئەوە ڕوومانکردە بیابان و هەر لە یەکەم ساتەوەختەوە هەستم بەوە کرد بیابان بۆنێکی تایبەتی هەیە، بۆنێك کەمەرگت بیر دەخاتەوە و دڵت دەگوشێ، بۆنێك کە هەموو تاوانەکانی مرۆڤی لە بەرچاومدا بەرجەستە دەکردو لە ناوەوە تێکی دەشکاندم و دەیخستمە گریان. خۆشبەخت بووم بەوەی کە دەگریام، گریان جوانییەکی زۆر سەیری هەبوو، بە شێوەیەکی سەیر شەیدای بوو بووم. لە نێو بیاباندا هەستم بەوەکرد کە بوونمان لە ژیاندا بێهوودەیە، زانیم وەبیرهاتنەوەی یادەوەرییەکان کارێکی زۆر ترسناکە، زانیم حەزکردن بە ژیان وەهمە.

ئەو زۆرجار بە ڕوویەکی گەشەوە دەیگوت:

(ئێمە هەموومان مردووین و کەچی هێشتاکە لە نێو دنیای زیندووەکاندایین، سەیرە پاش مردنی ئەوانیش ئێمە هەر دەمێنینەوە. ئێمە ئەوانەین بە تەواوی نە لەم دنیاو نە لەو دنیا جێمان نابێتەوە. بەڵام وەك

دەبینن ئەو دنیا بیابانە، بەهەشت سەرابە، دۆزەخیش لە گڕوتینی گەرمای ئەم بیابانە زیاتر شتێکی تر نییە، ئێمە ونبووین بۆ ئەوەی خۆمان بدۆزینەوە، بەڵام هەرگیز نایدۆزینەوە و نایبینین، ئەگەر نەیبینین چۆن باوەڕ بکەین بەوەی کە دەڵێن ئەوە، کێ دەڵێ ئەوە....!!؟).

بە درێژایی خەونەکەم بیابان کۆتایی نەهات و "شەهرام" لە شوێنێکدا راوەستاو بەدار عەساکەی لە سەر لمەکەی نووسی"ئیبلاس"، کاتێك گوتم:

(ئەوە چییە، یان کێیە؟).

گوتی:

(ئەوە تەنها شتێکە ئێمە دەتوانین بیبینین چونکە لە ناخماندایە، لە گەڵماندایە، ئەو شتێکی زۆر بێتاوان و مەعسوومە، ئێمەین بە ناوی ئەوەوە تاوان دەکەین، ئێمەین ئەو ناشرین دەکەین).

دواجار پێش ئەوەی خەونەکەم کۆتایی پێبێت، دەستی کرد بە هەگبەکەیداو کتێبێکی بێناونیشانی دەرهێنا و دایەدەستم و گوتی:

(سەفەرەکەی تۆ لەگەڵ من لێرەدا کۆتایی دێت، من پاش ئەمە بەتەنیا دەچمە شارێکی کەنار رووبارێك و لەوێدا دەگیرێم و دەکوژرێم. سەرەتا هەشت ساڵ زیندانی دەکرێم، پاش ئەوەی تووتییەکی مردارەوەبووی دایکی دەسەڵاتداری ئەو شارە زیندوو دەکەمەوە، شتێك وەزعم باش دەبێت و زیندان وەك شوێنێکی رەمزی دەمێنێتەوەو دەتوانم لە نێو کۆشکی دەسەڵاتداری ئەو شارە کاتێکی زۆر بەسەر بەرم و زۆر پیاوی نزیکی بکەمە موریدی خۆم، لە ماوەی ئەو هەشت ساڵی گوزەرکردنم لە مابینی کۆشکی دەسەڵاتداری ئەو شارەو زینداندا بە ئیلهام وەرگرتن لە دەنگ و



رەنگی"عەزازیل" باشترین کتێبی خۆم دەنووسم، ئەو کتێبەی کە تۆ دەبێت بیپارێزیت و پێش مردنیشت بە کەسانی دڵسۆزی خۆتی بسپێریت، ونبوونی ئەو کتێبە ونبوونی دنیایە، ونبوونی راستییە، راستی ئەوەیە من بەئیلهامی هێزێکی باڵا نووسیوومەتەوە، راستی ئەوەیە کە نایزانین و بەبێ خوێندنەوەی ئەو کتێبەش درکی پێناکەین، ئەو کتێبە شتێك نییە تایبەت بە منێك بێت، کە دواجار هەر چوار پەلم دەبڕن و دواتر جەستەکەم دەسووتێنن و فڕێی دەدەنە نێو ئاوی رووبارەکەوە، ئەوان وا دەزانن من دەکوژن، بەڵام ئاستەمە بکوژرێم، چونکە من لە نێو مردووەکانەوە هەستاومەتەوەو هاتوومەتە نێو دنیای ئەوانەوەو مردووش بە زیندووەکان ناکوژرێت، ئەوەی کە دواتر لەبارەی منەوە دەگێڕدرێتەوە هەمووی تەسەووڕەو هیچی راستی نییە، راستی شتێکە لە نێو ئەو کتێبەدایەو بە رزگارکردنی ئەو کتێبە لە فەوتان، تۆ ئاسوودە دەبیت و هەمیشە نوورێکی سەیر لە رووکارت دەبارێت، تۆ ئەم کتێبە دەبەیتە شوێنێکی ئارام و تامردن خەریکی نووسینەوەی دەبیت و چەند زیاتریش بینووسیتەوە هێندە مەرتەبەت بەرزدەبێتەوە و ئەوەندە جاریش گوناهەکانت پاك دەبێتەوە، هەرچەندە تۆ بێگوناهی).

* * *

## (گێڕانەوەیەکی هاوبەش)

(ژیناو فەرهاد پێکەوە لەنێو دارستانە نائاساییەکەدا بە رووتی راکشابوون، کاتێك پێکەوە ئەم خەونەیان بینی و هەردووکیان پێکەوە دەستیان کرد بەگێڕانەوەی، بەچەشنێك کەزۆرجار نازانرێت کامیان دەیگێڕێتەوە!؟).

بەپێی ئەو خەونەی بینیمان یەکتر ناسینی ئێمە لە لافاوەکەی شاری "شێخی سپی"یەوە دەست پێدەکات، یەکێکمان لەو رۆژەدا لافاوەکەی بەچاوی خۆی بینی لە کاتێکدا ئەویترمان بێئاگا بوو.

ئەوەی کە لافاوەکەی بینیوە پێیوایە:

(لافاوەکە سەعاتێکی خایاندوەو نەیانهێشتووە کەس وێنەی بگرێت، هەرچەندە ئەو سەردەمەی لافاوەکەی تێدا روویداوە، باشترین کامێرا کە لەو دەمەدا هەبووە کامێرای فەوری بووە، بەڵام رێگە بەکەس نەدراوە نەك هەر بەو کامێرایە، بەڵکو بەهیچ کامێرایەکی تر وێنە بگرن. ئەو کامێرایە پێش سەردەمی لافاوەکە وێنەی زۆر شتی سەیرو سەمەرەی پێگیراوە، کەسیش نەیگوتوە بۆ ئەو جۆرە وێنانەی پێدەگرن. یەکێك لەو وێنانەی کە هەموو کەس بینیبووی و دەستاو دەستی دەکرد، وێنەی سمتی کچێکی داماو بوو، ئەو دەمەی خۆشەویستەکەی رووتی کردبۆوە، یەکسەر کامێراکەی هێنابووە سەری و ئەویش لەتاواندا بەدەماکەوتبوو، ئەویش وێنەی سمتی گرتبوو. ئەم وێنەیە دەستاو دەستی دەکردو هەموو ئەوەی



دەیبینی سۆراخی خاوەن سمتەکەی دەکرد، دواتریش خاوەن سمتەکە ناسرا و لەسایەی ئەو وێنەیەوە یەك بەیەکی نێرە هەوەزبازەکانی شار هەرەشەیان لێدەکردو پێیان دەگوت:

(ئەگەر لەگەڵمان رانەبووێریت وێنەی سمتت پیشانی کەسوکارت دەدەین).

هەرچەندە تەنها سمتی دیاربوو، بەڵام بەخاڵە گەورەکەی سەر سمتی، ئەگەر وێنەکە پیشانی کەسوکاری بدرایە کەسوکاری دەیانزانی خاوەن سمتەکە کچی خۆیانە. بەو شێوەیە وێنەیەکی فەوری بووە مایەی زەلیل بوونی کچێك کە کاتێك خۆی بۆ خۆشەویستەکەی رووت کردبۆوە، هەرگیز تەسەووری کارەساتێکی وای نەکردبوو. نەیزانیوە ئەو کەسەی هەزار بەڵێن و پەیمانی پێداوە تەنها مەبەستی گرتنی وێنەیەتی بە رووتی و دواتریش لە میانی ئەو وێنەیەوە دەبێتە ناسراوترین سۆزانی شار. بەڵام ئەو کامێرە تازە بابەتەی ئەو دەمە و هەموو کامێراکانی تر نەیانتوانی وێنەی لافاوەکە بگرن، لەبەر ئەوەی خاوەن کامێراکان دەترسان لەوەی سزابدرێن، ئەوەی وێنەی سمتی کچەکەشی گرتبوو نەیوێرا وێنەی لافاوەکە بگرێت و گەرچی لەو ساتەوەختەدا کامێراکەشی پێبوو، بەڵام لە ژێر چاکەتەکەی نەیهێنایە دەرو بەپەلە خۆی ونکرد، تا بەکامێراکەیەوە نەیگرن. لەبەر ئەوەی کەس نەیوێرا و نەهێڵرا وێنەی لافاوەکە بگیرێت، بەمەش ئەو لافاوە جیاواز لە هەموو ئەو لافاوانەی کە دەبنە هەواڵی کەناڵەکان و وێنەکانیان لە رۆژنامەکاندا پیشان دەدرێن، تەنها وەك یادەوەرییەك لای ئەو کەسانە مایەوە کە بەچاوی خۆیان لافاوەکەیان بینیبوو.

رۆژی لافاوەکە سەرەتا بارانێکی زۆر ئاسایی باری کەچی هێندەی نەبرد بووە لافاوێکی تا ئەوکاتە نەبینراو و نەزانراو، من ئەو کاتە لە بەردەم گەورەترین مزگەوتی شارەوە تێم دەڕوانی، سەرپردەکەی بەرامبەر مزگەوتە گەورەکەی شار بوو بووە تاڤگەیەکی بەخوورِ و زۆر بەئاسانی ئۆتۆمبیلی لەسەر پردەکەوە فڕێدەدایە خوار، ژمارەیەك لە خەڵك هەر لە بەردەم مزگەوتەکەوە ئاو بردنی، یەکێك لەوانە پیرەژنێکی عەبا بەسەربوو. لە خوار مزگەوتەکەوە سەربەرەوخوار هیچ کەسێك رزگاری نەبوو، تا بەرەو خوار چووبایتە نشێو بوو، ئەو شوێنە بوو کە سەرجەم لافاوەکە هوورژمی بۆ دەبرد، من ئەو کاتە لەم کەین و بەینە تێنەگەیشتبووم و خەریك بوو بەرەو خوار بچم، بە رێکەوت برادەرێکم کە ناوی "رزگار" بوو، دەستی شیعر نووسینیشی هەبوو، بانگی کردم و گوتی:

(وەرە بۆکوێ دەچیت، لەگەڵ منبە، ئێرە دوکانی کتێبفرۆشتنەکەمە، لە نێو دوکانەکە دادەنیشین تا لافاوەکە تەواو دەبێت، بێجگە لەوەش حەز دەکەم نهێنییەکی زۆر گرنگت لابدرکێنم: "دەزانیت مەحوی بەدەستی زارایستەکان کوژراوە"...).

لە نێو کتێبخانەکەیدا سەرقاڵی قسەو باس بووین و تا لافاوەکە تەواو بوو هیچ نەجووڵاین. باس و خواسی کوژرانی مەحوی بە دەستی زارایستەکان بابەتێکی زۆر سەرنج راکێش بوو.

گوتم:

(زارایستەکان کێن و بۆ مەحوی-یان کوشتووە، ئەمە جگە لەوەی من نەمبیستووە مەحوی کوژرابێت!؟).



گوتی:

(پێم ئاساییە "زارایستەکان" نەناسیت، چونکە منیش پێشتر هیچ زانیارییەکم لەبارەیانەوە نەبوو، تا دەستنووسێکی ئەو سەردەمەم بەرچاو کەوت. ئێوارەیەکی درەنگ کاتێك خەریکی داخستنی دوکانەکەم بووم، پیاوێکی رەشتاڵەی تەمەن پەنجا ساڵ هاتە بەردەم دوکانەکەم و گوتی:

"چەند ساڵە نەم ویستووە ئەو دەستنووسەی باپیرم بفەوتێنم، بەڵام ئەمڕۆ و بەتایبەتی لەم وەختەشدا زۆر پێویستم بەپارەیە، دەرۆزەکەر نیم خراپ تێمەگە، دەشزانم ئیشی ئێوە کڕین و فرۆشتنی کتێبی چاپکراوە نەك دەستنووس، باوەڕ ناکەم ئەگەر ئێوە نەتانەوێت جارێکی تر پیشانی کەسی تری بدەمەوە، راستییەکەی من تەنها لەم ساتەوەختەدا پێویستم بە پارەکەیەتی".

گوتم:"چەندت دەوێت"؟.

گوتی:"سەد روپیێ؟".

گوتم:"بەڵام ئێستا سەردەمی روپێ نەماوە، دەتوانم بەم پارەیەی ئێستا بتدەمێ، هەر بە مەزەندەش مەگەر روپێکەت بۆ بکەمە ئەم پارەیەی ئێستا؟".

گوتی:"ئاساییە".

سەیر بوو بەبێ ئەوەی بڕوانمە دەستنووسەکە، بڕێك پارەم دایەدەستی و بەبێدەنگی وەریگرت و زۆر بەخێرایی دیار نەما. بەڵام کاتێك کەوتمە خوێندنەوەی بابەتی دەستنووسەکە کە بەزمانێکی تێکەڵ لە تورکی و فارسی و عەرەبی و کوردی نووسرابوو، سەرسام بووم، باسی لە شتێکی

زۆر گرنگ دەکرد ئەویش کوژرانی مەحوی بوو بەدەستی گروپێك بە ناوی زارایستەکان!؟ تووممەزە کاتی خۆی مەحوی شیعرێکی بۆ سوڵتان عەبدولحەمیدی عوسمانی گوتووەو ئەم گروپەش کەسانێکی دژە عوسمانی و سەر بە ئینگلیز بوون و بەو پێیەی کە هەمیشە لە قاوەخانەی"زارا"ی بەرامبەر یەکێك لەو سینەمایانەی شار دانیشتوون کە لە ئێستادا رووخێنراوە، هەر بە ناوی ئەو قاوەخانەیەوە گروپەکەیان ناسراوەو دواتریش دەستیان لە کوشتنی چەند نووسەرێکی تردا هەبووە. هەر لە کتێبەکەدا باس لە سەرکردەی ئەم گروپە دەکات، کەناوی"شەهاب پیرۆت"بووەو گوایە کوڕێکی گەنم رەنگی باڵابەرزی چوارشانە بووەو حەوت زمانی بەباشی زانیوەو یەکێك بووە لەوانەی زۆری حەز بەسەفەرکردن بووە. پاشان دەچێتە سەر باسی ئەوەی چۆن ئەم گروپە شێتێك رادەسپێرن، تا ئەو دەمەی -مەحوی- لەحەمامی -بەڵەکی پیاوان- دێتە دەرێ بیکوژێت و لەبری ئەوەش بەڵێنی چوار نەفەر کەبابی پێدەدەن، ئەو شێتە یەکێك بووە لەوانەی لەبەیانییەوە تا ئێوارە گریاوە بۆ کەباب و ئەگەر رۆژێکیش کەس نەبووایە کەبابی بۆ بکڕێت، کردوویەتییە شین و شەپۆرو لەخۆدان و قژڕنین).

ئەوەی کە لافاوەکەی نەبینیوە پێیوایە:

(ئەو رۆژە لەپڕ دایکردۆتە باران، گەرچی بارانەکە زۆر بەخووڕ باریوە، بەڵام هەموو شتێك ئاسایی بووە. دەڵێت:"من ئەو کاتە لەماڵەوە خەریکی چنین بووم و هێشتاکە دوو براکەم نەکوژرابوون.



راستیەکەی کەس ئەو کاتە لە کاتی روودانی لافاوەکەدا باسی لافاوەکەی بۆ نەکردم، بەڵام وەك ئەوەی خەون ببینم، ژمارەیەك ئۆتۆمبیلی زۆر وەك بەلەم سەر ئاو کەوتبوون، ئەسپێکم دەهاتە پێش چاو کە ئاو دەیبات و بەشێوەیەکی زۆر تراژیدیانە لێشاوی ئاوەکە دەیدات بەدارتێلێکی کارەبادا و کارەبا دەیگرێ و شین و شەپۆری خاوەنەکەشی دەگاتە ئاسمان.

وادەهاتە پێش چاوم خەڵکێکی زۆر دەکەونە نێو زێرابە گەورە سەر بەڕەڵاکانەوە، دەتگوت پێشتر بەئەنقەست هەموو سەری مەنهۆڵەکان لابراوە، لەو کاتەدا دەمگوت بۆ دەبێت زێرابی ئەم شارە هێندە گەورە بێت"...).

سەیر لەوەدابوو هەرچەندە لەو رۆژەدا لە کاتی روودانی لافاوەکەدا یەکێمان لە دەرەوە بووین و ئەویتریشمان لەماڵەوە، بەڵام دواتر ئەوەمان کە لەماڵیشەوە بوو پاش روودانی لافاوەکە بەمەبەستێك چووە دەرەوەو بە رێکەوتیش ئەویترمان هێشتاکە لە دوکانی کتێبفرۆشتنەکەی برادەرەکەیدا دانیشتبوو، پاش ئەوەی ئەویتریشیان گەیشتە نێو بازاڕ ئەویشیان دوکانەکەی جێهێشت. قەدەریش لە نێو قووڕو لیتەی شەقامەکاندا هەردووکمانی بەیەکتر ناساند، هەموو ئەمەش لە کەوتنی یەکێکمانەوە دەستی پێکرد و ئەویترمان فریای کەوت و دەستی دایە باڵی، لەو دەمەوە شتێکی سەیر هەردووکمانی پێکەوە گرێدا، نازانم چۆن لەو رۆژەوە رێکەوتین لەسەر ئەوەی یەکتر ببینین، هێندەی نەبرد یەکترمان لە کتێبخانەی گشتی شارەکەدا بینی، ئەو کتێبخانەیەی لە هۆڵی

خوێندنەوەکەیدا وێنەی گەورە گەورەی هەموو شاعیرە کلاسیکییەکانی کوردی بەرووتی تێدا هەڵواسرابوو، تەنانەت زۆریان شوێنە هێنەکانیشیان زۆر راشکاوانە دروستکرابوو، پێدەچوو نیگارکێشە جیاجیاکانی ئەو جۆرە شاعیرانە لەبەر هۆیەکی نەزانراو لە حەمامدا وێنەیان کێشابێتن، ئەگینا رەنگە رووتبوونەوەیان لە شوێنانی تردا، لەو دەمەدا هێندە ئاسان نەبووبێت، بەڵام لە سەرجەم وێنەکاندا هەڵم و هاڵاو بەو چەشنەی لە حەمامدا هەیە دیار نەبوو، تا بەیەقینی بڵێین وێنەکان لە حەمامدا کێشراون.

کتێبێکی فێربوونی سیحر بەدەستی یەکێکمانەوە بوو، ئەویترمان کتێبەکەی لێسەندو سەیری کردو بەویتریانی گوت:

(خوێندنەوەی کتێبی سیحر چ سوودێکی هەیە!؟)

ئەویتر لەوەڵامدا گوتی:

(ژیان سیحرە، بەبێ فێربوونی سیحر مەحاڵە لەم دنیایەدا بتوانیت بژیت، ئەگەر دەتەوێت هاوڕێی یەکبین تۆش ئەو کتێبە بخوێنەرەوە).

ئەمیتر هیچ کاتێك ئەو کتێبەی نەخوێندەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بووە هاوڕێی ئەویتریان.

پاش رۆژانێکی دوور و درێژی هاوڕێیەتی ئەو دووانە، لە رۆژێکی باراناویدا لەباخچەی کتێبخانەکەدا یەکێکیان ئەویتریانی ماچ کرد، ئەویتر بەمە سوور هەڵگەڕاو بەبێئەوەی هیچ بڵێت رۆیشت، بەڵام رۆژی دوایی ئەویتر ئەمیتری ماچ کرد و لەوەشەوە سەرەتای ماچەکان دەستی پێکردو تا پێکەوە خەوتن و رابواردنێکی سێکسیی درێژخایەن رانەوەستا.



(هەرچەندە ئەو هەڵەی رەخسا بۆ پێکەوەخەوتن و سێکس کردنمان رێکەوت بوو، لە رۆژێکدا روویدا کەس بەکەس نەبوو، تۆپبارانێکی خەستی شار دەکرا و ئەمەش بووە فرسەت بۆ هەردووکمان کەدەمێك بوو دەمانویست پێکەوە بخەوین و وەك سەگ پێکەوە بلکێن. ئەو رۆژە هەموو شتێکمان کرد، بەڵام بە رێکەوت ئەوەمان کە دەبووایە سکی پڕبووایە سکی پڕنەبوو، بەڵام ئیدی کچیش نەبوو. لەو رۆژەوە یەکێکمان دەترسا لە شووکردن بە هیچ پیاوێك بێجگە لەوەی کە لەگەڵی خەوتبوو.

بەڵام ئەویتر نەیدەتوانی بچێتە داوای و بیهێنێ، چونکە سەرقاڵی وێنەکردنی شتێك بوو کە پێشتر وێنە نەکرابوو.

دواتر بە شێوەیەکی چاوەڕواننەکراو هەردووکمان لە یەکتر دوورکەوتینەوە، یەکێکمان تازە کچ نەبوو، ئەویتریشمان تازە کەسێکی ئاسایی نەبوو، چونکە هەموو ژیانی تەرخانکردبوو بۆ وێنەکردنی شتێکی نەبینراو و نەزانراو. دوا دیمەنی خەونەکەمان بە جارێکی تری گەیشتن بەیەکمان و دەستەملانێ بوونمان کۆتایی هات، لەکاتێکدا دوو پەپوولە پێکەوە جووت دەبوون).

* * *

## (حەوتەمین گێڕانەوەی فەرهاد تانجووریی دووەم)

ئەو کاتەی شەقامی "مسیۆ دۆبرێ"ی تێدا سووتا، حاڵەتێکی نائاسایم هەبوو، نەمدەتوانی وەك هەموو ئەوانەی هەڵدەهاتن هەڵبێم.

بەڵام هەموو ئەوانەی کە هەڵدەهاتن لە کەسانێکی مردوو دەچوون، جەستەیان بێجگە لە پێستێکی چرچ و لۆچ هیچی تری پێوە نەبوو، لەودیو پێستیانەوە ئێسکەکانیان دیار بوو، چاوە کراوەو بێ گلێنەکانیان ترس و خۆفێکی هێجگار گەورەی تێدا دەبینرایەوە.

ئاگرەکە نێڵە نێڵەو دەنگی نەبوو. زیاتر بە"وێنەی" ئاگرێك دەچوو، ئاگرێکی هێجگار گەورە، کە هیچ ئاسۆیەکی نەهێشتبۆوە بۆ تێڕوانین و سەیرکردن.

هەموو ئەوانەی کە نەیاندەویست بسووتێن، بە بەرچاومەوە سووتان و وەك پەڕە کاغەز زۆر بەئاسانی بوونە سووتوو.

بەبێ ئەوەی لە شوێن خۆم ببزوێم چاوەڕێ بووم. بیناو ساختمانەکان وەك مۆم دەتوانەوەو روو بەرەو خوار رێچکەیان دەبەست، کەچی بەو شوێنەدا نەدەهاتن کە من لێی راوەستابووم. ئاگرەکە بۆ من شتێك بوو دەمبینی، بەڵام هەستم بەتین و گەرماییەکەی نەدەکرد، ئەوەی کە لێی دڵنیابووم ئاگرەکە هیچ دەروازەیەکی نەهێشتبۆوە بۆ دەربازبوون.

پاش توانەوەی هەموو ئەو شتانەی کە سووتان، ئاگرەکە هەر وەك خۆی بوو، ئاسمان و چواردەورمی لێگرتبووم.



ئەو ئاگرەی لە شەقامی "مسیۆ دۆبرێ"دا کەوتبۆوە، بە ئاگرکەوتنە گەورەکەی شارەکەی پێشووم نەدەچوو، ئەو ئاگرەیان ئاگرێکی راستەقینە بوو، هەبوون دەیانگوت سەرەتا لە شێتخانەی شارەکەوە دەستی پێکردووە، هەرچەندە شێتخانەکە بە تەواوی سووتاو هەموو شێتەکانی نێویشی مردن و هیچ شێتێکیش دەربازی نەبوو تادواتر هیچ بگێڕێتەوە. بەڵام گوایە رووداوەکە پێوەندی بە پرسیاری شێتێکەوە هەبووە کە بەشێتێکی تری گوتوە:

(دۆزەخ چییە؟).

ئەویش بێ هیچ وەڵامێك نەوتی نێو سۆپایەکی رۆکردۆتە سەر فەرشی ئەو هۆڵەی کە تێیدا بوون و دواتریش بەشقارتەیەك گڕی تێبەرداوەو گوتویەتی:

(دۆزەخ ئاگر و سووتانە).

بەڵام خودی ئەوانەی کە باوەڕیشیان بەم حیکایەتەی دەستپێکی ئاگرکردنەوەکە هەبوو، نەیاندەتوانی وەڵامی ئەوە بدەنەوە، بەو هاوینە ئەو سۆپایە لەو هۆڵی شێتخانەیەدا چیکردووە، یان ئەو شێتە ئەو شقارتەیەی لە کوێوە هێناوە.

هەشبوون دەیانگوت، ئاگرەکە لەمەیدانی دارفرۆشەکانەوە کەوتۆتەوەو سەرخۆشێك لەو شەوەدا کاتێك برادەرێکی باسی ئەو "شەهرام"ەی بۆ کردووە، کە گوایە لە رۆژگارێکدا هەموو دارەکانی بەخوێندنەوەی چەند دوعاو نزایەك گڕ تێبەرداوەو دواتر بەبێ ئەوەی دارەکان هیچ زیانیان پێبگات، خۆ بەخۆ ئاگرەکەی بە باراندنی باران خەفە کردووە.

سەرخۆشەکەش پاش گوێبیستی ئەو قسانە، قاپێ ئارەقی بەسەر چەند دارێکدا کردووە و بەچەرخەکەی گڕی تێبەرداون و گوتویەتی:

(ئەوە من گڕم تێبەردان با "شەهرام" بەبارانی باران بیانکوژێنێتەوە!؟).

هۆکاری کەوتنەوەی ئاگرەکە هەرچییەك بووبێت، زیاد لەنیوەی شار سووتاو رەشەباش لەو کاتەدا هێندەی تر ئاگرەکەی خۆشکرد، خەڵکێکی زۆر سووتان و ژمارەیەکی زۆریش بێماڵ و حاڵ بوون. پاش سووتانەکە گۆڕانێکی زۆر سەیر لە خەڵکەکەدا روویداو ئەویش زیادبوونی وشەی دۆزەخ بوو لە قسەکانیاندا، لەو دەمەوە هەموو جۆرە قسەیەك ئەگەر مەبەست لە بەلوعە چاککردنیش بووایە، وشەی دۆزەخێکی تێهەڵکێش دەکرا. خەڵك لەپڕ دۆزەخی بیر کەوتبۆوەو پیاوە ئایینییەکانیش باش هەلەکەیان قۆزتەوەو هێندەی تر قووڵیان کردەوەو زیاتریش لە سەر ئەوە سوور بوون کە لەسەر دەستی شێتێك ئەو ئاگرە کەوتۆتەوە و سووتانی شارەکەشیان بە دەستی شێتێك، دەبردەوە بۆ بێباوەڕی خەڵکەکەو گوایە ئەو شێتەی ئەو کارەی کردووە، رۆحێکی پاکی هەبووەو فریشتەکان توانیوویانە لەگەڵی بدوێن و فەرمانی سووتاندنی شارەکەی پێ رابگەیەنن، تا خەڵکەکە بێدار بێتەوەو دۆزەخی بیر بکەوێتەوە.

بەڵام سووتانی شەقامی "مسیۆ دۆبرێ" جیاواز بوو، سەرباری خۆف و ترسی ئەوانەی هەڵهاتن و دواتر سووتان، هیچ زریکەو دەنگ و سەدایەکیان نەبوو.



هەرچەندە ئاگر و ترسان لە سووتان یەکێك بوو لەو شتانەی کە لە منداڵییەوە لێی دەترسام، بەڵام بەهیچ شێوەیەك لەو ئاگرەی چواردەورم نەدەترسام و باوەڕم نەدەکرد ئەو ئاگرە بێت کەمن دەسووتێنێت.

وەستانی ئەو ئاگرە لە دۆخی پێشوویدا و نەگۆڕانی و هاوشێوەبوونی لەگەڵ هەر وێنەیەکی دیکەی ئاگردا، پرسیاری ئەوەی لادروستکردم کە دەبێت کێ هەبێت وێنەیەکی هێجگار گەورەی ئەو ئاگرەی بەچواردەوری مندا بەو چەشنە پێکرابێت. هەر ئەم بیرکردنەوەیەش بوو وای لێکردم دەستبەرداری ئەو بیرۆکەیەش بم کە ئاگرەکەی چواردەورم وێنە بێت. باشتر بوو بڵێم تەسەوورێکی خۆمە، بەڵام بۆ ئاگر؟! ئەمە ئەو پرسیارە بوو کە وەڵامدانەوەی هێجگار سەخت بوو، تۆ بڵێی هێزێکی غەیبی ئەمەی لە تەسەووری مندا دروستکردبێت تا پێم بڵێت چارەنووسی تۆ ئاگرە، یان چارەنووسی هەمووتان ئاگرە، یاخود تەنها مەبەست لەوە بێت بڵێت چارەنووسی ئەوانەی لەم شەقامەو هاوچەشنی ئەم شەقامەدا دەژین سووتانە لەنێو ئاگردا . یاخود هەموو ئەوەی دەمبینی و لەبەرچاوم نەدەگۆڕا واتایەکی تری هەبوو، واتایەك دەبوو بەشوێنیدا ئەوداڵ بم، تا بیدۆزمەوە.

نەدەکرا ئەوەی دەیبینم راستی بێت و هەر دەبوو یەکێك بێت لە خەونەکانم، بەڵام پێموابوو هیچ خەونێکی ترسناکم ئەوەندەی نەخایاندبێت. ئاگرەکە بەتەواوی دایبڕیبووم لە هەموو ئەوەی پێموابوو لە نێویدا بم. پێشتر تەنها لە زەمەن ترازابووم، بەڵام شوێنێك هەبوو جێمبکاتەوە، بەڵام ئەگەر ئەم ئاگرە بەو شێوەیە و بە بێگۆڕان راوەستابا، ئەوە شوێنێکیش

نەدەما تێیدا بمێنمەوە، من شوێنی پێشووتری خۆم لە دەست دابوو، لە ئێستاشدا ئەو شوێنەی کە پێموابوو لە نێویدام نەمابوو.

من کەسێك بووم لە نێو ئاگرێکدا راوەستابووم و تەنانەت ئەگەر بشمویستایە بجوولێم نەمدەتوانی، وەك پەیکەرێك لە شوێن خۆم راوەستابووم و بینایم بێجگە لە ئاگر هیچی تری نەدەبینی.

بیرم لە ژینا کردەوە، تۆبڵێی لە نێو دارستانە نائاساییەکەدا بێت، تۆ بڵێی بە راستی ئەوم ناسیبێت، تا بە راستی لەگەڵی چووبێتمە نێو دارستانە نائاساییەکە، تۆبڵێی بە راستی من لە شەقامێکدا مابێتمەوە ناوی"مسیۆ دۆبری"بێت. بەڵکو لەوە زیاتریش تۆبڵێی بە راستی من خەڵکی شارێك بم بەناوی"شێخی سپی"، باشە ئەگەر ئەمانە هەمووی وەهم بێت، راستییەکانی ژیانم کامەیە و من کێم، بۆ وامدەزانی لێرەم، یان بۆ پێشتر وامدەزانی لە شوێنێکی ترم، ئەی هەموو ئەو یادەوەرییانە چیبوون گێڕامەوەو بۆی گێڕامەوە، ئەی ئەو یادەوەرییانەی کە ژینا گێڕایەوە، ئەگەر خۆی نەیگێڕابێتەوە کێ گێڕاویەتییەوە!؟.

بەڵام ئامانج لە گێڕانەوەیان چییە؟! لە کاتێکدا ئامانج شتێکی ترسناکەو لە رێگەی کەشف و گەڕان دوورمان دەخاتەوە، بوونی ئامانجێکی دیاریکراو ئازادبوونمان سنووردار دەکات، ئێمە کاتێك ئازادین کە هیچ ئامانجێکمان نەبێت لەوەی کە بۆی دەگەڕێین. وێڵبوونمان بەشوێن ئامانجێکدا وامان لێدەکات لە هەموو ئەو شتانە رانەمێنین، کە رەنگە بێتە رێگەمان. بوونی ئامانجێکی دیاریکراو دوورکەوتنەوەیە لەگومان، بەڵام خودی گەڕانی ئێمە لە گومانەوە دەست پێدەکات و هەر دەشگاتە



گومانێکی تر. هیچ یەقینێك بوونی نییە، تا پێش وەخت ئامانجێکمان هەبێت.

منێك کە چووبوومە دەرەوەی شوێن و زەمەن کێ بووم؟! بە راستی " فەرهاد تانجووریی دووەم" بووم، یان ئەو "شەهرام"ە بووم کە"ژینا" خۆشیویستبوو، یان هیچ کامێکیان نەبووم، نەشدەکرا "فەرهاد تانجووریی یەکەم" بووبێتم!؟.

راوەستانی ئاگرەکەو نەگۆڕانی بە کۆتایی دنیا دەچوو، ئەو دنیایەی کە هەر دەبێت رۆژێك کۆتایی بێت.

قسەکانی ئەو پیاوە ئایینییەم بیرکەوتەوە کە زۆرجار بەشەقامی"مسیۆ دۆبری"دا تێپەڕدەبوو.

کە هەمیشە هەمان قسەکانی پێشووی خۆی دووبارە دەکردەوەو یەکێك لە قسەکانی کە لەبیرم نەدەچۆوە:

(ئەگەر دەتانەوێت مەسیح پاش هەڵسانەوەی بەنێو شارەکەتاندا گوزەر بکات، دەبێت ئەم شەقامە بسووتێنن).

تۆبڵێی بۆیە شەقامەکە سووتێنرابێت تا مەسیح پاش هەڵسانەوەی بە نێو شاری تانجووردا گوزەر بکات، تۆ بڵێی ئاگر هەموو گوناهەکان پاك بکاتەوە، ئەو کاتە دیارە ئەوانەی گوایە لە دۆزەخدا دەسووتێنرێن بە مەبەستی پاککردنەوەی گوناهەکانیان دەسووتێنرێن و ئەو دەمەش پاش سووتاندنیان پاك دەبنەوەو گوناهیان نامێنێت.

بەڵام "تیراماها" گوتی:

(لەبیرت نەچێت خۆت بۆ رۆژی "کاسیا جای" ئامادەبکە).

تۆبلێی ئەوەی کە لە شـەقامەکەدا روویـدابوو، پێوەنـدی بـە "کاسـیا جای"وە هـەبێت و بـۆ دەرکردنـی تـاریکی ئـەم شـەقامە سـووتێنرابێت، نەدەچووە ئەقڵەوە ئاگرێکی وەستاو بەهیچ مەبەستێك کرابێتەوە.

رەنگە ئەوە منبم لە ساتەوەختێکدا هەموو چواردەوری خۆم بەو شێوەیە بێتـە پێشچـاو و ئیـدی لەمـەودوا نـەتوانم بچـمە نێـو وێڵگـەی یادەوەرییەکانەوە، تانەتوانم یادەوەرییە گریمانکراوەکانی خۆم و کەسانی تـر بگێڕمەوە!؟

* * *

کۆتایی